

حکومەتی هەرێمی کوردستان- عێراق

وەزارەتی پەروەردە - بەڕێوەبەرایەتی گشتی پرۆگرام و چاپەمەنییەکان




بیرکاری بۆ هەمووان




پۆلی سێیەمی بنەڕەتی

کتێبی قوتابی







چاپی نۆیەم

٢٠١٦ز/ ٢٧١٦ کوردی/ ١٤٣٧ک

سەرپەرشتی هونەری چاپ

عوسمان پیرداود کواز

خالد سلیم محمود

ناوەڕۆك

١ ژمارەكان

زانیارییەكانت ساغبكەوە ٣
١ بەهای خانەیی ٤
٢ هەزاران ٦
٣ دەیانی هەزاران ٩
٤ بەراوردكردنی ژمارەكان ١١
٥ ڕیزكردنی ژمارەكان ١٤
٦ نزیككردنەوەی ژمارەكان ١٦
٧ ڕێگاكانی شیكاری پرسیارەكان: دەرئەنجامی ژیربێژی بەكاربهێنە ١٨
پێداچوونەوە ٢٠
ئامادەبوون بۆ تاقیكردنەوە ٢١

٢ كۆكردنەوە و لێدەركردن

زانیارییەكانت ساغبكەوە ٢٣
١ پێداچوونەوەی كۆكردنەوە ٢٤
٢ خەملاندنی سەرجەم ٢٦
٣ پێداچوونەوەی لێدەركردن ٢٨
٤ سفر لە لێدەركردن ٣٠
٥ خەملاندنی جیاوازی ٣٢
٦ كۆكردنەوە و لێدەركردنی ژمارەی ٤ ڕەنووسی ٣٤
٧ ڕێگاكانی شیكاری پرسیارەكان: بخەملێنەو ساغبكەوە ٣٦
پێداچوونەوە ٣٨
ئامادەبوون بۆ تاقیكردنەوە ٣٩



٣ کات و دراو و چارەسەرکردنی پێدراوەکان

زانیارییەکانت ساغبکەوە ٤١

١ خوێندنەوەی کاتژمێر ٤٢

٢ ئەژمێرکردنی کات ٤٤

٣ دراوەکان ٤٦

٤ کارامەیی لە شیکارکردنی پرسیارەکان: بەکارهێنانی ڕۆژ ژمێر. ٤٨

٥ وێنەدار ٥٠

٦ کۆکردنەوەی زانیارییەکان و ڕێکخستنیان ٥٢

٧ پۆلێنکردنی پێدراوەکان ٥٦

٨ خوێندنەوەی ستوونە ڕوونکردنەوەییەکان ٥٦

پێداچوونەوە ٥٨

ئامادەبوون بۆ تاقیکردنەوە ٥٩

٤ لێکدان

زانیارییەکانت ساغبکەوە ٦١

١ لێکدان و کۆکردنەوە ٦٢

٢ لێکدان لە ٢ و لە ٥ .... ٦٤

٣ ریزکراوەکان ٦٦

٤ لێکدان لە ٣ .... ٦٨

٥ لێکدان لە ٤ .... ٧٠

٦ ڕێگاکان لەسەر لێکدان ٧٢

٧ ڕێگاکانی شیکاری پرسیارەکان: بەدوای شێوازدا بگەڕێ ٧٤

پێداچوونەوە ٧٦

ئامادەبوون بۆ تاقیکردنەوە ٧٧



٥ ڕاستییەکانی لێکدان

زانیارییەکانت ساغبکەوە ٧٩
١ لێکدان لە ٦ .... ٨٠
٢ لێکدان لە ٧ و لە ٨ .... ٨٢
٣ لێکدان لە ٩ ولە ١٠ .... ٨٤
٤ ڕاهێنان لەسەر لێکدان ٨٦
٥ ژمارەی نادیار ٨٨
٦ ڕێگاکانی شیکاری پرسیارەکان. وێنەیەك بکێشە ٩٠
پێداچوونەوە ٩٢
ئامادەبوون بۆ تاقیکردنەوە ٩٣

٦ دابەشکردن

زانیارییەکانت ساغبکەوە ٩٥
١ واتای دابەشکرن ٩٦
٢ دابەشکردن و لێکدان ٩٨
٣ ڕاستییە پێکەوە بەستراوەکان ١٠٠
٤ ڕاستییەکانی دابەشکردن تا ٥ .... ١٠٣
٥ ڕاستییەکانی دابەشکردن تا ٩ .... ١٠٥
٦ ڕاهێنان لەسەر دابەشکردن ١٠٧
٧ ڕێگاکانی شیکاری پرسیارەکان. بەهەنگاوەکانت بگەڕێوە ١١٠
پێداچوونەوە ١١٢
ئامادەبوون بۆ تاقیکردنەوە ١١٣





ئەندازە و پێوان

زانیارییەکانت ساغبکەوە ١١٥
١ تەنە ئەندازەییەکان ١١٦
٢ پێکهێنانی تەنە ئەندازەییەکان ١١٨
٣ جووتبوونی شێوەکان وهاوچێبوونیان ١٢٠
٤ ڕێگاکانی شیکاری پرسیارەکان: پرسیارێکی ئاسانتر شیکاردەکەم ١٢٢
٥ درێژی ١٢٤
٦ چێوە ١٢٥
٧ فراوانی ١٢٨
٨ کێش ١٣٠
پێداچوونەوە ١٣٢
ئامادەبوون بۆ تاقیکردنەوە ١٣٣



کەرتەکان

زانیارییەکانت ساغبکەوە ١٣٥
١ کەرتی یەکە ١٣٦
٢ هاوتابوونی کەرتەکان ١٣٩
٣ بەراوردکردنی کەرتەکان و ڕیزکردنیان ١٤١
٤ کەرتەکان و دەییەکان ١٤٤
٥ ڕێگاکانی شیکاری پرسیارەکان: نموونەیەك دروستبکە ١٤٦
٦ کۆکردنەوەی کەرتەکان ١٤٨
٧ سادەکردنی سەرجەم ١٥٠
٨ لێدەرکردنی کەرتەکان ١٥٣
پێداچوونەوە ١٥٦
ئامادەبوون بۆ تاقیکردنەوە ١٥٧



٩ لێكدان و دابەشكردنی ژمارەیەكی یەك ڕەنووسی لە ژمارەیەكی یەك ڕەنووسی یان دوو ڕەنووسی

زانیارییەكانت ساغبكەوە ١٥٩

١ لێكدان لە ژمارەیەكی دوو ڕەنووسی ١٦٠

٢ تۆماركردنی كرداری لێكدان ١٦٢

٣ لێكدان لە ١٠ ولە ١٠٠ و لە ١٠٠٠ .... ١٦٥

٤ ڕاهێنان لەسەر لێكدان ١٦٧

٥ كارامەیی شیكاری پرسیارەكان: هەڵبژاردنی كردارەكە ١٧٠

٦ تۆماركردنی كرداری دابەشكردن ١٧٢

٧ ڕاهێنان لەسەر دابەشكردن ١٧٥

٨ دابەشكردنی ژمارەیەك بەسەر ژمارەیەكی یەك ڕەنووسی ١٧٧

پێداچوونەوە ١٧٩

ئامادەبوون بۆ تاقیكردنەوە ١٨٠



ژمارەکان

پێویستی ئەسپێك لە ئاو

لە یەك رۆژ	🪣
لەیەك هەفتە	🪣🪣🪣🪣🪣🪣🪣
لەیەك مانگ	🪣🪣🪣🪣🪣🪣🪣🪣🪣🪣🪣🪣🪣🪣🪣 🪣🪣🪣🪣🪣🪣🪣🪣🪣🪣🪣🪣🪣🪣🪣

🪣 = ١٠ دۆلکە

زیاتر لە ١٥٠ جۆر ئەسپ هەیە.
سوود لە هەندێکیان وەردەگیرێ بۆ کاری کشتوکالی. ئەسپی عەرەبی بە جوانترین وخێراترین جۆر دادەنرێ.
ئەسپ پێویستی بە ئاو وخۆراك هەیە بۆ ئەوەی بژی.

شیکارکردنی پرسیارەکان

وێنە دارەکان و ژماردن بە بازدان بەکاربێنە بۆ دۆزینەوەی پێویستی یەك ئەسپ بە ئاو لە هەفتەیەك وە لە مانگێك.





زانیارییەکانت ساغبکەوە



ئەم لاپەڕەیە بەکاربهێنە بۆ دڵنیابوون لە هەبوونی ئەم زانیارییانەی کەوا پێویستە لەم بەشەدا

بەنگین
ئەمیر
پەیوەند
نەوزاد
سەپان
شوان
سازان
شۆنی
دیلان

ژمارە ڕیزکراوەکان

لیستی بەرامبەر بەکاربهێنە بۆ شیکارکردنی ڕاهێنانەکان لە ١ تا ٤.

١ بەنگین یەکەمە، کێ سێیەمە؟


٢ کێ پێنجەمە؟


٣ کێ هەشتەمە؟



٤ ڕیزبەندی سازان لە لیستەکەدا چەندە؟

خوێندنەوەی یەکان و دەیان وسەدان و نووسینیان

ژمارەکە بنووسە بە شێوەی ڕەنووسی.

٥ 

٦ 

٧  

٨ هەشتاو پێنج

٩ سێ سەد وبیست ویەك

بەهای خانەیی

ژمارەکە بە شێوەی ڕەنووسی بنووسە.

١٠ ٦ دەیی و ٥ یەکی

١١ ٩ دەیی

١٢ ٣ سەدی و ٦ دەیی و ٩ یەکی

١٣ ٨ سەدی و ٣ یەکی

بەراوردی ژمارەکان

گەورەتر لە یان بچوکتر لە بنووسە.

١٤ ٨٧ ___؟___ ٤١

١٥ ٣٥ ___؟___ ٥٥

ڕیزکردنی ژمارەکان

ئەو ژمارەیەی ڕاستەوخۆ لە پێشی دێت یان ڕاستەوخۆ لە پاشی دێت یان دەکەوێتە نێوان هەردوو ژمارەکە بنووسە.

١٦ ٣٠٧، ______

١٧ ______ ، ٧٦٨

١٨ ١٨٩ ، ______ ، ١٩١

ژمارەکان بەڕیز بنووسە لە بچووکترینەوە بۆ گەورەترین.

١٩ ٧٤ ، ٧٩ ، ٧٣

٢٠ ٤٢٨ ، ٤٢٣ ، ٤٢٥

وانەی ١

بەهای خانەیی

پێداچوونەوەی خێرا

ژمارەکە بە شێوەی ڕەنووسی بنووسە.

1. ٤ دەیی و ٣ یەکی
2. ٧ دەیی
3. ١ دەیی و ٩ یەکی
4. ٢ سەدی و ٦ دەیی و ٨ یەکی

زاراوەکان و دەستەواژکان

ژمارەکان
شێوەی ڕەنووس
شێوەی درێژی
شێوەی پیتی

فێربە

لە کێڵگە ڕەنووسەکان بەکاردێت بۆ نووسینی ژمارەکان.
ڕەنووسەکان ئەمانەن: ٠، ١، ٢، ٣، ٤، ٥، ٦، ٧، ٨، ٩.

لە کێڵگەی کارزان ٢٤٨ مریشك هەیە ژمارەی ٢٤٨ چی دەگەیەنێ؟



سەدان	دەیان	یەکان
٢	٤	٨

وە هەروەها ژمارەی ٢٤٨ واتە: ٨ یەکی + ٤ دەیی + ٢ سەدی یان ٨ + ٤٠ + ٢٠٠

لە بیرمەکە دەتوانیت ژمارەکە لەسەر سێ شێوە بنووسیت کە ئەمانەیە:

شێوەی ڕەنووسی: ٢٤٨
شێوەی درێژی: ٨ + ٤٠ + ٢٠٠
شێوەی پیتی: دوو سەدو چل و هەشت

- ژمارەی ٥٢٧ چی دەگەیەنێت؟

ساغبکەوە

بەکارهێنانی پێدراوەکان

پێدراوەکانی خشتەی بەرامبەر بەکاربێهنە بۆ شیکارکردنی ڕاهێنانی ١ و ٢.

1. بەهای ڕەنووسی ٣ لە ژمارەی چێلەکان چەندە؟
2. ژمارەی کۆترەکان بە شێوەی درێژی بنووسە؟




گیانلەبەرانی کێڵگە

گیانلەبەر	ژمارە
ئەسپەکان	٤
چێلەکان	١٣٧
کۆترەکان	١٠٥
مریشکەکان	٢٤٨

هەر ژمارەیەك بە شێوەی ڕەنووسی بنووسە.

٣ ٤ ٥



ڕاهێنان و شیکارکردنی پرسیارەکان

هەر ژمارەیەك بە شێوەی ڕەنووسی بنووسە.

٦ ١٠٠ + ٥٠ + ٣

٧ ٩٠٠ + ٢

٨ ٤ سەدی و ٢ دەیی و ١ یەکی

٩ سەد و سێ

١٠ شەش سەد و یانزە

١١ نۆ سەد و حەفتاو یەك

بەهای ڕەنووسە شینەکە بنووسە.

١٢ ٨٤٦

١٣ ٤٩٣

١٤ ٩٢٣

١٥ سالار ٢٩٧ فەردە کای دانا لە یەکێك لە تەویلەکان، ٨٦ فەردە مایەوە لە کێلگەکە ژمارەی فەردەکانی تەویلەکە چەندی زیاترە لەوانەی کێلگەکە؟

١٦ لە کێلگەی یەکەم ١٠٠ چێل هەیە، وە لە کێلگەی دووەم ٣٠ چێل هەیە، وە لە تەویلە ٧ چێل هەیە ژمارەی هەموو چێلەکان چەندە؟

١٧ **ڕێنوێنی** گەورەترین ژمارە بنووسە لە ٣ ڕەنووسی جیاواز پێکهاتبێ. بە بەکارهێنانی ڕەنووسی ٨ و ٩ و ٤.

١٨ زانا بە دووەم هات لە پێشبرکێی ڕۆیشتن وە دانا بە سێیەم هات. بەڵام توانا پێش زانا گەیشت. کامیان سەرکەوت لە پێشبرکێی ڕۆیشتن؟

١٩ کام ژمارە لە دوای ١٥ دێت لەم شێوازەدا؟
٣، ٦، ٩، ١٢، ١٥، ☐

هەڵبژاردن لە هەمەجۆر

٢٠ شێوەی درێژی بۆ ژمارە ٤٣٢ کامەیە؟

أ ٣٠٠ + ٤٠ + ٢ ب ٢٠ + ٤٠٠ + ٣ ج ٣٠ + ٤٠٠ + ٢ د ٤٠٠ + ٣٠ + ٢

وانەی ٢

هەزاران



پێداچوونەوەی خێرا

بەهای ڕەنووسی شین چەندە؟

١	٢٤٦	٢	٣٩٤
٣	٧١٤	٤	٨٠٢

فێربە

شەشپاڵووی هەزاران دەتوانی ژمارە ١٠٠ بنوێنی بەبەکارهێنانی چوارگۆشەی سەدی. چۆن ژمارە ١٠٠٠ دەنوێنی؟


بەدەستی


چالاکی

کەرەستەکان: چوار گۆشەی سەدی، شریتی دەیی، شەشپاڵووی بچووک.

هەنگاوی ١


ژمارە ٩٩٩ بنوێنە بەبەکارهێنانی چوارگۆشەکانی سەدی و شریتی دەیی وشەشپاڵووی بچووک.






هەنگاوی ٢

یەك زیاد بکە بۆ یەکان دەبێت بەچەند:






یەکانەکان کە دەستکەوت خڕکەوە (١٠ یەکی) لە دە، لە پاشان بۆ نۆ دەییەکان زیادبکە.

دەبێت بە ١٠. دەتوانی خڕیانبکەیتەوە لەسەد، ئەو سەدە زیاد بکە بۆ نۆ سەدەکە.

ئێستا ١٠ چوار گۆشەی سەدیت لە لایە.

ئەم چوار گۆشانە یەك لەسەر یەکیان دابنێ شەشپاڵوویەك دەستدەکەوێ پێك هاتووە لە ١٠٠٠ شەشپاڵووی بچووك، یان لە ١٠٠٠ یەکی. بەم شەشپاڵوویە دەوترێت، **شەشپاڵووی هەزاری**.



شەشپاڵووی هەزاری

- چەند چوار گۆشەی سەدیت پێویستە بۆ دروستکردنی شەشپاڵووی هەزاری؟

هەزاران

ئەگەر ٣ شەشپاڵووی هەزاریت لەگەڵ یەك دانا، چەند یەكی بەدەست دێنیت؟

دەتوانی شەشپاڵووەكان كۆبكەیتەوە

٣٠٠٠=١٠٠٠+١٠٠٠+١٠٠٠

دەتوانی بژمێری بە بازدانی هەزار لە دوای هەزار

١٠٠٠، ٢٠٠٠، ٣٠٠٠

وە هەروەها ٣ لە شەشپاڵووی هەزاری یەكسانە بە ٣٠٠٠ یەكی.


- چەند شەشپاڵووی هەزاریت پێویستە بۆ بەدەست هێنانی ٥٠٠٠ یەكی؟

نموونە

شەشپاڵووی هەزاری

ئەوانەی دێت ڕێگای جیاوازن بۆ نواندنی ژمارە ٢ ٣٤٦

أ به بەكارهێنانی ژمێرەی دەیی



ب به بەكارهێنانی خشتەی خانەكان

هەزاران	سەدان	دەیان	یەكان
٢	٣	٤	٦

ج به نووسینی ژمارەكە بە شێوەی ڕەنووسی ٢٣٤٦

سەدان و هەزاران لەیەك جیا دەكەینەوە بە هۆی ماوەیەكی بچووك لە نێوانیان.

د به نووسینی ژمارە بە شێوەی درێژی.

٦+٤٠+٣٠٠+٢٠٠٠

هـ به نووسینی ژمارە بە شێوەی پیتی.


دوو هەزار و سێ سەدو چل و شەش.

ساغبكەوە


١ روونیبكەوە چۆن ژمارە ٥ ٤٠٣ بە شێوەی درێژی دەنووسی؟

ژمارەكە بە شێوەی ڕەنووسی بنووسە

٢



٣



ژمارەكە بە شێوەی درێژی بنووسە.

٤ ٥ ٦٣٢

٥ ٧ ٤٠١

٦ ٨ ٠١١

٧ ٣ ٤٦٢

ڕاهێنــان و شیــکارکــردنی پــرسیــارەکــان

ژمارەکە بە شێوەی ژمارەیی بنووسە.

٨ ٥ ٠٠٠ + ٤٠٠ + ٥٠

٩ ٢ ٠٠٠ + ٣٠٠ + ٩٠ + ٧

١٠ ١ ٠٠٠ + ١٠ + ٨

١١ دوو هەزارو چوارسەدو هەشتاو سێ.

ژمارەکە بە شێوەی پیتی بنووسە.

١٢ ٨٧ هەشتاو حەوت

١٣ ٥٩٩ پێنجسەد و نەوەدو نۆ

تەواوبکە:

١٤ ١ ٥٤٨ = ١ ٠٠٠ + ٥٠٠ + ☐ + ٨

١٥ ٣ ١٩٧ = ٣ ٠٠٠ + ☐ + ٩٠ + ٧

١٦ بچووکترین ژمارە بنووسە بە بەکارهێنانی ڕەنووسی: ٢، ٩، ٤؟

١٧ دیارییکە هەر ژمارەیەك لەم ژمارە جووتانە ٦، ٨، ١٠، ١٢ دتوانرێت بنووسرێ وەك سەرجەمی دوو ژمارەی یەکسان.

١٨  **بنووسە**: بۆچی سفر بەکاردێنی لە کاتی نووسینی ژمارەی هەزار وشەش سەدو چوار؟ چونکە خانەی دەیان سفرە لەم ژمارەیەدا

١٩ ژمارە ١٢٤ ژمارەیەکی جووتە، ٥ ژمارەی جووتی تر بنووسە ژمارەیەکی ٣ ڕەنووسی تێدابێت. وڵامی چاوەڕوانکراو:

هەڵبژاردن لە هەمەجۆر

٢٠ ئەو ڕەنووسەی کەوتووەتە خانەی هەزاران لە ژمارە ٦ ٢٩٥ کامەیە؟

أ ٦ ب ٥ ج ٢ د ٩

شیکارکردنی پرسیارەکان — گۆشەی ڕووناکبیران

کەرستەکان: دە کارت کە ژمارەی سفر تا ٩ لە خۆ دەگرێت، پێنووس و کاغەز. چاودێری کاری قوتابیان بکە

أ یاریزانی یەکەم ٣ کارتی ڕەنووسکراو ڕادەکێشێت.

ب ژمارەکانی ٣ ڕەنووسیان لێپێکدێنی بە پێی توانا، وە تۆماری دەکات لەسەر کاغەزەکە. لە دوایدا کارتەکان دەگەڕێنێتەوە وە لەگەڵ کارتەکانی تر تێکەڵیان دەکات.

ج یاریزانی دووەم بەهەمان کردار هەڵدەستێت.

د خاڵێکی دەداتە هەر یاریزانێك بۆ هەر ژمارەیەك کە پێکیدەهێنی.

ئەوەی یەکەم جار ٢٥ خاڵ وە دەست دێنی، یاریەکە دەباتەوە.

بەرەنگار یاریەکە دووبارە بکەوە ئەم جارە بە ڕاکێشانی ٤ کارت بۆ پێکهێنانی ژمارەیەکی ٤ ڕەنووسی



دەیانی هەزاران



پێداچوونەوەی خێرا

ژمارەکە بە شێوەی درێژی بنووسە.

١ ٣٨٤
٢ ٥١
٣ ٩ ٢٤٠
٤ ٣ ٨١٨

فێربە

دروستکردن بە شەشپاڵووەکان.

چەند شەشپاڵوو لە شەشپاڵووەکانی هەزاریت پێویستە بۆ نواندنی ١٠ ٠٠٠ یەکی؟




چالاکی

کەرەستەکان: ژمارەیەك لە شەشپاڵووی هەزاری.

هەنگاوی ١

دوو شەشپاڵوو لە شەشپاڵوویەکانی هەزار یەك لەسەر یەکیان دابنێ.
ئێستاکە ٢ ٠٠٠ یەکیت لایە.



هەنگاوی ٢

بەردەوام بە بەدانانی شەشپاڵووکانی هەزار یەك لەسەر یەکتر تا ١٠ ٠٠٠ یەکیت دەست دەکەوێ.

- چەند شەشپاڵوو لە شەشپاڵووکانی هەزاریت پێویستە بۆ وەدەست هێنانی ١٥ ٠٠٠؟ و ٢٠ ٠٠٠؟

لەبیرت بێ

ماوەیەکی بچووك لە نێوان خانەی هەزاران وسەدان بە جێ بهێلە. ٢٣ ٦٨٠

هەر ڕەنووسێك لە ژمارە ٢٣ ٦٨٠ چ دەنوێنێت؟
خشتەی خانەکان بەکاربهێنە.

یەکان	دەیان	سەدان	یەکانی هەزاران	دەیانی هەزاران
٠	٨	٦	٣	٢

شێوەی ڕەنووسی: ٢٣ ٦٨٠


شێوەی درێژی: ٢٠ ٠٠٠ + ٣ ٠٠٠ + ٦٠٠ + ٨٠

شێوەی پیتی: بیست وسێ هەزار و شەش سەدو هەشتا

- بەهای ڕەنووسی ٣ لە ژمارە ٣٤ ١٥٢ چەندە؟

ساغبکەوە

١ شێوەی درێژی ژمارە ٢١ ٦٩٤ چییە؟



هەر ژمارەیەك بە شێوەی ڕەنووسی بنووسە لەهەر دوو ڕاهێنانی ٢ و ٣

٢ ٢٠ ٠٠٠ + ٦ ٠٠٠ + ٧٠٠ + ٣٠ + ٤

٣ سی وپێنج هەزارو نۆ سەدو چل و حەوت.

هەر ژمارەیەك بە شێوەی درێژی بنووسە:

٤ ١٦ ٧٢٣ ٥ ٥٢ ٠١٩

ڕاهێنان و شیکارکردنی پرسیارەکان

بە شێوەی ڕەنووسی بنووسە:

٦ ٥٠ ٠٠٠ + ٧٠٠٠ + ٦٠٠ + ١٠ + ٢ ٧ هەژدە هەزارو نۆ سەد

هەر ژمارەیەك بە شێوەی درێژی بنووسە:

٨ ١١ ٠١٢ ٩ ٤٩ ٢٠٧

بەهای ڕەنووسی شین بنووسە لە ڕاهێنانی ١٠ تا ١٢

١٠ ٢٦ ٨١٧ ١١ ٤٣ ٩١٢ ١٢ ١٩ ٢٧٦

بۆشاییەکە بە ژمارەی گونجاو پربکەوە:

١٣ ١٢ ٦٥١ = ١٠ ٠٠٠ + ٢ ٠٠٠ + ▢ + ٥٠ + ١

١٤ ٦٢ ٣١٩ = ٦٠ ٠٠٠ + ▢ + ٣٠٠ + ١٠ + ٩

هەڵبژاردن لە هەمەجۆر

١٥ کام لەم ژمارانەی خوارەوە پەنجاو سێ هەزار و شەش سەدو حەفتاو دووە؟

أ ٥٣ ٧٦٢ ب ٥٣ ٢٧٦ ج ٥٣ ٦٢٧ د ٥٣ ٦٧٢



پێداچوونەوەی خێرا

ڕەنووسی دەیی لەهەر ژمارەیەك چەندە؟

١ ١٥ **٢** ٢٠ **٣** ٥٤

٤ ١٨٢

زاراوەکان

بەراورد — گەورتر لە <

بچووکتر لە > — یەکسانە =

وانەی ٤

بەراوردکردنی ژمارەکان

فێربە

نزیکتر؟ دوورتر؟ سانا لە دووری ٢٦٢کم لە شاری هەولێر و ٢٤٥ کم لە شاری سلێمانی دەژی. کام شار لەم دوو شارە لە سانا نزیکترە؟

بەراوردکردنی دوو ژمارە


بریتییە لە دیارکردنی دوو ژمارەی یەکسان یان دیارکردنی ژمارەی گەورەتر یان بچووکتر لەویکە.

ئەم هێمایانەی دێن بەکاردێن بۆ بەراوردکردن:

بچووکترەلە	گەورترەلە	یەکسانە
>	<	=

هەنگاوی ١


هەردوو ژمارەی ٢٦٢ و ٢٤٥ بنوێنە بە بەکارهێنانی کەرستەکانی ژماردنی دەیی




هەنگاوی ٢

دەست بە بەراوردکردن بکە لە چەپەوە بۆ ڕاست. یەکەم جار سەدان بەراورد بکە. لەبەر ئەوەی هەردوو ڕەنووسەکە هەمان ڕەنووسی سەدین، دەیان بەراوردبکە. لەبەر ئەوەی ٦ ی (ڕەنووسی دەیانی ٢٦٤) گەورەترە لە ٤ ی (ڕەنووسی دەیانی ٢٤٥) کەواتە ژمارە ٢٦٢ گەورەترە لە ٢٤٥.

هەروەها شاری سلێمانی نزیکترە لە ماڵی سانا لە شاری هەولێر.



بەکارهێنانی هێڵی ژمارەکان.



ژمارەکان ریزدەکەین لە بچووکترەوە بۆ گەورەترین وە لەلای چەپەوە بۆ لای ڕاست دەڕۆین لەسەر هێڵی ژمارەکان. کەواتە: ٢٦٢ < ٢٤٥

بەکارهێنانی خشتەی خانەکان

ئەم دوو ژمارە ٣١٦٥ و ٣٢٧١ بەراوردبکە لە خانە بەرزەکەوە دەستپێبکە واتە لە چەپەوە.

یەکان	دەیان	سەدان	هەزاران
٥	٦	١	٣
١	٧	٢	٣

↑ ١٠٠ < ٢٠٠

↑ ژمارەی هەزاران هەمان ژمارەن

کەواتە ٣١٦٥ < ٣٢٧١ یان ٣٢٧١ > ٣١٦٥


لەبیرمەکە دەتوانی بەراوردی دوو ژمارە بکەی بە بەکارهێنانی کەرستەکانی دەیی، یان بە بەکارهێنانی هێڵی ژمارەکان، یان بە بەکارهێنانی خشتەی خانەکان.

ساغبکەوە

١ **ڕوونیبکەوە** چۆن کەرستە دەییەکان بەکاردێنی بۆ بەراوردکردنی دوو ژمارە. ٣٤١ و ١ + ٤٠ + ٣٠٠؟ تێبینی چی دەکەی؟

٢ هێڵی ژمارەکانی لاپەڕەی پێشوو بەکاربێنە بۆ بەراوردکردنی دوو ژمارەی ٢٦٨ و ٢٧٩. کام لەم دوو ژمارەیە گەورەترە لەوی تر؟ ڕوونی بکەوە.

بەراوردبکە. هێمای < یان > یان = لە شوێنی ● دابنێ.



٣ ٦٨ ● ٩٨

٤ ١٤١١ ● ١٤٢١

ڕاهێنـــان و شیـکـارکـردنـی پـرسیـارەکـان

بەراوردبکە. هێمای > یان < یان = لە شوێنی ● دابنێ.

٥

یەکان	دەیان
٢	٩
٣	٨

٩٢ ● ٨٣

٦

یەکان	دەیان	سەدان
١	٠	١
٠	١	١

١٠١ ● ١١٠

٧

یەکان	دەیان	سەدان
٨	٢	٤
٨	٣	٤

٤٢٨ ● ٤٣٨

٨ ٦٢٩ ● ٦٣١

٩ ٢ ٤١٢ ● ٢ ٤١٢

١٠ ٨٩٤ ● ٢ ١٣٩

١١ ٢٧٤ + ١٢٨ ● ٤٠٢

١٢ ٤٧٥ + ٥٢ ● ٥٣٧

١٣ ٣٤٤ - ٣٠١ ● ٤٤٢

١٤ ٣ ٤٢٥ ● ٣ ٧٩٩

١٥ ٥ ٧١٢ ● ٥ ٤١٢

١٦ گەورەترین خانەی جیاواز لە هەردوو ژمارەی ٨٣١ و ٨١٩ کامەیە؟

١٧ هەردوو ژمارەی ٥ ٣٦١ و ٣ ٩٧٤ بەراورد بکە چۆن دیاری دەکەی کامیان گەورەترە لەوی تر؟

١٨  **پرسیار چییە؟** هێرۆ ١٢٥ لاپەڕەی خوێندەوە، هێرش ١٣٧ لاپەڕەی خوێندەوە.
وەڵامەکە ١٢ یە.

شیکارکردنی پرسیارەکان

گۆشەی ڕووناکبیران

بەراوردکردن مرۆڤ هەستا بە دروست کردنی شارەکان لە نزیك ڕووبارەکان. ڕووبارەکان خواردن وئاوی بۆ فەراهەم دەکرد و ڕێگەی هاتووچۆی بۆ ئاسان دەکرد.
هەروەها هەتا ئەمرۆ چەندەها جۆر لە کەل و پەل دەگوازرێتەوە بە هۆی پاپۆڕەکان.
کاتێك بەراورد لە نێوان دوو شتدا دەکەین ئێمە دەست نیشانی لایەنە لێکچووەکان و جیاوازەکانی دەکەین. پێویستیمان بە بەراوردکردنی شتەکان، دەبێت لە کاتی هەڵسانمان بە شیکارکردنی هەندێ لە پرسیارەکان.



چەند ڕووبارێکی جیهان

ڕووبار	درێژی بە کم
نیل	٦ ٧٠٠
فورات	٢ ٧٨٠
ئەمازۆن	٧ ٠٢٥
میسیسپی	٣ ٧٨٠
دانۆب	٢ ٨٥٠
غانج	٣ ٠٩٠

بەکارهێنانی پێدراوەکان: خشتەی بەرامبەر بەکاربێنە بۆ وەڵام دانەوە:

أ بەرزترین خانەی جیاواز کە درێژی ڕووباری فورات لە ڕووباری دانۆب دیاریدەکات چییە؟

ب کامیان درێژترە ڕووباری میسیسپی یان ڕووباری غانج؟ وەڵامەکەت ڕوونبکەوە؟

ج درێژی ڕووباری ئەمازۆن چەندی زیاترە لە ڕووباری نیل؟

د ئەم ڕووبارانە ڕیزبکە لە کورترینەوە بۆ درێژترین.

وانەی ٥

ڕیزکردنی ژمارەکان



پێداچوونەوەی خێرا

گەورەترین ژمارە بێژە

١ ٢١ یان ٣٢

٢ ٥٨ یان ٦٥


٣ ١٢٠ یان ٩٩

٤ ٢٣٥ یان ٢٥٣

فێربە

کام چیا بەرزترە؟ خشتەی بەرامبەر بەرزی سێ لە بەناوبانگترین چیایەکانی جیهان دیاردەکات. کام چیا بەرزترە؟ هێڵی ژمارەکان بەکاربێنە بۆ ڕیزکردنی بەرزی چیاکان.





بەرزی چەند چیایەکی جیهان

کێشوەر	چیا	بەرزی
ئەوروبا	ئەلب	٤ ٨٠٧ م
ئاسیا	هیمالایا	٨ ٨٤٨ م
ئەمریکا	ئەندیز	٦ ٩٥٩ م

وە بەم شێوەیە دەردەچێت:

٨٨٤٦ > ٦٩٥٩ > ٤٨٠٧

بەرزترینانە چیای هیمالایا لە ئاسیا.

هەروەها دەتوانی ژمارەکان ڕیزبکەی بە بەراوردکردنی ڕەنووسەکان لە هەمان خانەدا.

نموونە

ئەم ژمارانە ڕیزبکە: ٧٦١٣؛ ٧٤٣٥؛ ٧٥٥١

هەنگاوی ١

هەزاران بەراوردبکە

٧ ٦١٣

٧ ٤٣٥

٧ ٥٥١

هەزاران هەمان ڕەنووسیان هەیە.

هەنگاوی ٢

سەدان بەراوردبکە

٧ ٦١٣

٧ ٤٣٥

٧ ٥٥١

ڕەنووسەکانی سەدان جیاوزن

٤ < ٥ < ٦

هەنگاوی ٣

ژمارەکان بەڕیز بنووسە لە گەورەترینەوە بۆ بچووکترین

٧ ٤٣٥ < ٧ ٥٥١ < ٧ ٦١٣



لەبیرمەکە: بۆ ئەوەی ژمارەکان ڕیزبکەی پێویستە هەڵسی بەبەراوردکردنی ئەو ڕەنووسانە کە دەکەونە هەمان خانە بەدەستپێکردن لە چەپەوە بۆ ڕاست پاشان هەڵدەستیت بەنووسینی ژمارەکان لە گەورەترینەوە بۆ بچووکترین یان بە پێچەوانە.

ساغبکەوە

١ ڕوونیبکەوە چۆن ژمارەکان ١ ٤٣٢؛ ١ ٤٢٨؛ ١ ٤٦٣ ڕیزدەکەی لە گەورەترینەوە بۆ بچووکترین؟

هێڵی ژمارەکان بەکاربێنە، ژمارەکان بەڕیز بنووسە لە بچووکەوە بۆ گەورەترین.



٢ ٤١١؛ ٤١٣؛ ٤٠٨ **٣** ٤٠٧؛ ٤١٠؛ ٤٠٣ **٤** ٤٠٩؛ ٤٠٥؛ ٤١٥

ڕاهێنان و شیکارکردنی پرسیارەکان

ژمارەکان بەڕیز بنووسە لە بچووکترینەوە بۆ گەورەترین.



٥ ٥ ٩٠٠؛ ٦ ٥٠٠؛ ٥ ٢٠٠ **٦** ٦ ٥٠٠؛ ٦ ١٢٥؛ ٦ ٧٥٠



٧ ١٢ ٥٠٠؛ ١٣ ٠٠٠؛ ١٠ ٥٠٠ **٨** ١٣ ١٥٦؛ ١١ ٨٤٥؛ ١٢ ٢٤٠

ژمارەکان بەڕیز بنووسە لە گەورەترینەوە بۆ بچووکترین.

٩ ٤٣١؛ ٥٢٦؛ ٣٨٤ **١٠** ٧٥٦؛ ٧٢٨؛ ٧٩٣

١١ **ڕێنوێنی:** شەش ژمارەی پێك هاتوو لە ڕەنووسەکانی ٢؛ ٨؛ ٩ بنووسە، و ڕیزیان بکە لە بچووکترینەوە بۆ گەورەترین.

١٢ **هەڵە لە کوێیە؟** بڕوا ئەم ژمارانەی بەڕیز نووسی لە بچووکترینەوە بۆ گەورەترین، بەم شێوەی دێت ٣ ٥٤٥؛ ٣ ٥٥٦؛؛ ٣ ٥٥٤ بڕوا لە کوێ هەڵەی کردووە؟

هەڵبژاردن لە هەمەجۆر

١٣ کام لەم ژمارانەی دێت لە بچووکترینەوە بۆ گەورەترین ڕیزکراوە؟

أ ٦٤٨، ٤٨٦، ٤٦٨

ج ٦٤٨، ٤٦٨، ٤٨٦

ب ٤٨٦، ٦٤٨، ٤٦٨

د ٤٦٨، ٤٨٦، ٦٤٨

وانەی
٦

نزیککردنەوەی ژمارەکان

پێداچوونەوەی خێرا

ژمارەکان بنووسە لە بچووکترینەوە بۆ گەورەترین

١ ٥٧ ؛ ٨٧ ؛ ١٧ **٢** ١٦ ؛ ١٩ ؛ ٢٣

٣ ٢٣ ؛ ٣١ ؛ ٣٧ **٤** ٣٢ ؛ ٣٣ ؛ ٢٩

زاراوەکان

نزیککردنەوە


فێربە

چەند نزیکە؟ ٤٣ قوتابی پۆلی سێیەم و ٤٧ قوتابی پۆلی چوارەم چوون بۆ باخچەی ئاژەڵان. بۆ هەر پۆلێك ژمارەیەك بڵێ یەکانی سفر بێت و نزیك بێت لە ژمارەی قوتابیانی ئەم پۆلە.

نزیککردنەوە: ڕێگایەکە بۆ خەمڵاندن. کاتێك بایەخ بە بیرۆکەی ژمارەیەك دەدەی، دەتوانی هێڵی ژمارەکان بەکاربێنی. .



نموونە ١




٤٣ نزیکترە لە ٤٠ نەك لە ٥٠.
کەواتە ٤٣ نزیکە لە ٤٠.
٤٧ نزیکترە لە ٥٠ نەك لە ٤٠.
کەواتە ٤٧ نزیکترە لە ٥٠

٤٥ بەهەمان دووری دەکەوێتە نێوان ٤٠ و ٥٠.
لەو کاتەی ژمارەکە دەکەوێتە ناوەڕاستی ڕێگە لە نێوان دوو دەیان، دەبێت نزیکی بکەیتەوە بۆ دەیی سەرەوە کەواتە ٤٥ نزیکە لە ٥٠.

بەم شێوەیە نزیکەی ٤٠ قوتابی پۆلی سێیەم و نزیکەی ٥٠ قوتابی پۆلی چوارەم چوون بۆ باخچەی ئاژەڵان. ئەوەی کردت بریتیبوو لە نزیککردنەوەی دوو ژمارەی ٤٣ و ٤٧ بۆ نزیکترین ١٠.

نموونە ٢: ژمارە ٣٧٤ نزیك بکەوە بۆ نزیکترین دە و نزیکترین ١٠٠ و ژمارە ٢٦٤١ نزیك بکەوە بۆ نزیکترین ١٠٠٠.



٣٧٤ نزیکترە لە ٣٧٠ نەك لە ٣٨٠.
کەواتە تۆ ٣٧٤ نزیك دەکەیتەوە بۆ ٣٧٠.
نزیککردنەوە بۆ نزیکترین ١٠.
٣٧٤ نزیکترە لە ٤٠٠ نەك لە ٣٠٠ کەواتە تۆ ٣٧٤ نزیك دەکەیتەوە بۆ ٤٠٠.
نزیککردنەوە بۆ نزیکترین ١٠٠٠
٢ ٦٤١ نزیکترە لە ٣ ٠٠٠ نەك لە ٢ ٠٠٠
کەواتە تۆ ٢٦٤١ نزیك دەکەیتەوە بۆ ٣ ٠٠٠

ڕێساکانی نزیککردنەوە

- ئەو خانەیە دیاربکە کە دەتەوێ بۆی نزیك بکەیتەوە.
- سەیری ڕەنووسی لای ڕاستی بکە.
- ئەگەر ئەو ڕەنووسە لە ٥ کەمتر بوو، ڕەنووسی خان نزیك کراوەکە مەگۆڕە، سفر لە شوێنی هەموو ڕەنووسەکانی لای ڕاست دابنێ.
- ئەگەر ئەو ڕەنووسە ٥ یان لە ٥ گەورەتربوو، بۆ ڕەنووسی نزیککردنەوە ١ زیادبکە، سفر لە شوێنی هەموو ڕەنووسەکانی لای ڕاست دابنێ.

نموونە

أ بۆ ئەوەی ٢ ٦٤١ نزیکبکەیتەوە بۆ نزیکترین ١٠٠٠.   ٢٦٤١

سەیری ڕەنووسی خانەی سەدان بکە لەبەر ئەوەی ڕەنووسی سەدانی (٦) گەورەترە لە ٥، دەبێ ١ زیابکەی بۆ ڕەنووسی هەزارانی (٢) وە سفر لە شوێنی ڕەنووسەکانی سەدان ودەیان و یەکان دادەنرێ کەواتە نزیککردنەوەی ژمارەی ٢ ٦٤١ بۆ نزیکترین ١٠٠٠ بریتییە لە ٣٠٠٠.


ب بۆ ئەوەی ٢ ٦٤١ نزیکبکەیتەوە بۆ نزیکترین ١٠٠.   ٢٦٤١

سەیری ڕەنووسی خانەی دەیان بکە لەبەر ئەوەی ڕەنووسی دەیان (٤)ە، بچووکترە لە (٥). ڕەنووسی سەدان وەك خۆی دەمێنێت و دوو سفر لە جێگای یەکان و دەیان دابنێ وە هەروەها نزیککردنی ژمارە ٢ ٦٤١ بۆ نزیکترین ١٠٠ دەبێتە ٢ ٦٠٠.

ساغبکەوە

١ ڕوونیبکەوە چۆن ٢٦٤١ نزیك دەکەینەوە بۆ نزیکترین ١٠ بە بەکارهێنانی ڕێسای نزیککردنەوە؟

ئەم ژمارانە نزیکبکەوە بۆ نزیکترین ١٠٠ و نزیکترین ١٠؟



٢ ٦٤٣   **٣** ٣٧٧   **٤** ٨٤٥

ڕاهێنان و شیکارکردنی پرسیارەکان

ژمارەکە نزیکبکەوە بۆ نزیکترین ١٠ و نزیکترین ١٠٠ و نزیکترین ١٠٠٠.

٥ ٣ ٥٨١   **٦** ٦ ٣١٨   **٧** ٨ ٩١٤

خشتەی بەرامبەر بەکاربێنە بۆ شیکارکردنی ڕاهێنانەکان لە ٨ تا ١٠.

ئاژەڵەکانی باخچە	
جۆر	ژمارە
شێردەرەکان	٢١٤
باڵندەکان	٤٢٨
خشۆکەکان	١٧٤

٨ ژمارەی باڵندەکان نزیکەی چەندە بۆ نزیکترین ١٠٠؟

٩ **ڕێنوێنی:** ژمارەی ___؟ + ژمارەی ___؟ > ژمارەی ___؟ .

١٠ **بیرکردنەوەی ڕەخنەگر** لە مەروان داوا کرا نزیکراوە بۆ نزیکترین دە بەکاربهێنێ بۆ دۆزینەوەی ژمارەی نزیکراوەی هەموو ئاژەڵانی باخچەکە، بینی دەکاتە ٨٠٠. ئایا تەواوە؟

هەڵبژاردن لە هەمەجۆر

١١ کام لەم ژمارانەی دێن نزیکراوەی ژمارە ٢ ٦٥٤ بۆ نزیکترین سەد؟

أ ٢ ٦٥٠   ب ٢ ٦٦٠   ج ٢ ٧٠٠   د ٢ ٦٠٠

وانەی
٧

ڕێگاکانی شیکاری پرسیارەکان

دەرئەنجامی ژیریێژی بەکاربهێنە



پێداچوونەوەی خێرا

١ ٤٩٩ = ٤٠٠ + ☐ + ٩

٢ ٨ ٧٤٥ = ☐ + ٧٠٠ + ٤٠ + ٥

٣ ٧٦٣ = ☐ + ٦٠ + ٣

٤ ١٠ ٤٠٧ = ☐ + ٤٠٠ + ٧

پرسیار من ژمارەیەکی دوو ڕەنووسیم سەرجەمی ڕەنووسەکانم ١٧یە ڕەنووسی دەیانم تاکە وە ڕەنووسی یەکانم جووتە. من کام ژمارەم؟



تێبگە

- داواکراو چییە؟ من کام ژمارەم.
- ئەو پێدراوانە چین کە بەکاریان دەهێنی؟ سەرجەمی هەردوو ڕەنووسەکانم دەکاتە ١٧.
- ئایا پێدراوی تر هەیە بەکارنەهاتبێت؟ چییە؟

پلاندابنێ

- کام ڕێگە بەکاردێنی بۆ شیکارکردنی پرسیارەکە؟ دەتوانی (دەرئەنجامی ژیربێژی) بەکاربێنی.

١	٢	٣	٤	٥	٦	٧	٨	٩	١٠
١١	١٢	١٣	١٤	١٥	١٦	١٧	١٨	١٩	٢٠
٢١	٢٢	٢٣	٢٤	٢٥	٢٦	٢٧	٢٨	٢٩	٣٠
٣١	٣٢	٣٣	٣٤	٣٥	٣٦	٣٧	٣٨	٣٩	٤٠
٤١	٤٢	٤٣	٤٤	٤٥	٤٦	٤٧	٤٨	٤٩	٥٠
٥١	٥٢	٥٣	٥٤	٥٥	٥٦	٥٧	٥٨	٥٩	٦٠
٦١	٦٢	٦٣	٦٤	٦٥	٦٦	٦٧	٦٨	٦٩	٧٠
٧١	٧٢	٧٣	٧٤	٧٥	٧٦	٧٧	٧٨	٧٩	٨٠
٨١	٨٢	٨٣	٨٤	٨٥	٨٦	٨٧	٨٨	٨٩	٩٠
٩١	٩٢	٩٣	٩٤	٩٥	٩٦	٩٧	٩٨	٩٩	١٠٠

شیکاربکە

- چۆن ئەم ڕێگەیە بەکاردێنی لە شیکارکردندا؟

تەختەی سەدی بەکاربێنە.

ژمارەکان دیاربکە کە سەرجەمی ڕەنووسەکانیان دەکاتە ١٧. ئەوانە دوو ژمارەن: ٨٩ و ٩٨.

دیاربکە کامیان ڕەنووسی دەیانی تاکە وە ڕەنووسی یەکانی جووتە. ئەوە ژمارە ٩٨.

بەم جۆرە ژمارەکە بریتییە لە ٩٨.



ساغبکەوە

- بەووردی سەیری پرسیارەکە بکە. ئایا وەڵامەکەت ڕاستە؟ ڕوونیبکەرەوە.
- چۆن دەزانی ٨٩ و ٩٨ تەنها ئەو دوو ژمارەن کە سەرجەمی ڕەنووسەکانیان دەکاتە ١٧؟

ڕاهێنان و شیکارکردنی پرسیارەکان

دەرئەنجامی ژیریێژی بەکاربێنە بۆ شیکارکردنی پرسیار

١ ئەگەر لە مەتەلێك وترا ڕەنووسی دەیان جووتە وە ڕنووسی یەکان تاکە، سەرجەمی هەردوو ڕەنووسەکان (٥)ـە. وەلاّم لەم بارەدا چییە؟

٢ من ژمارەیەکم لەسەر تەختەی سەدی هەردوو ڕەنووسەکانم تاکن و یەکسانن. دەبم بە چ ژمارەیەك؟

٣ من ژمارەیەکم لەسەر تەختەی سەدی سەرجەمی هەردوو ڕەنووسەکانم ١٢. ڕەنووسی دەیانم ٧، من کام ڕەنووسم؟

أ ٧٢ ج ٧٧
ب ٧٥ د ٧٩

٤ من ژمارەیەکم لە ڕیزی سێیەم لە تەختەی سەدی. ڕەنووسی یەکانم ٥ زیاترە لە ڕەنووسی دەیانم، من کام ژمارەم؟

أ ١٧ ج ٢٧
ب ٢٤ د ٣٧



ڕێگەکانی شیکارکردنی پرسیار


هێلکاریەك یا وێنەیەك بکێشە
شێوازێك دروستبکە یان
بەکردار جێیە جێبکە
لیستێکی ڕێك دروست بکە
بەدوای شێوازێك بگەڕێ
خشتەیەك یان وێنەیکی
ڕوونکردنەوەیی دروستبکە.
بخەملێنە وساغبکەوە
بە هەنگاوەکاندا بگەڕێوە
پرسیارێکی ئاسانتر شیکاربکە
ڕستەیەکی ژمارەیی بنووسە.
دەرئەنجام ژیریێژی بەکاربێنە

١٠	٩	٨	٧	٦	٥	٤	٣	٢	١
٢٠	١٩	١٨	١٧	١٦	١٥	١٤	١٣	١٢	١١
٣٠	٢٩	٢٨	٢٧	٢٦	٢٥	٢٤	٢٣	٢٢	٢١
٤٠	٣٩	٣٨	٣٧	٣٦	٣٥	٣٤	٣٣	٣٢	٣١
٥٠	٤٩	٤٨	٤٧	٤٦	٤٥	٤٤	٤٣	٤٢	٤١
٦٠	٥٩	٥٨	٥٧	٥٦	٥٥	٥٤	٥٣	٥٢	٥١
٧٠	٦٩	٦٨	٦٧	٦٦	٦٥	٦٤	٦٣	٦٢	٦١
٨٠	٧٩	٧٨	٧٧	٧٦	٧٥	٧٤	٧٣	٧٢	٧١
٩٠	٨٩	٨٨	٨٧	٨٦	٨٥	٨٤	٨٣	٨٢	٨١
١٠٠	٩٩	٩٨	٩٧	٩٦	٩٥	٩٤	٩٣	٩٢	٩١

ڕاهێنان لەسەر ڕێگا جیاوازەکان

٥ گەورەترین ژمارەی ٤ ڕەنووسی بنووسە بە بەکارهێنانی ڕەنووسەکانی ٣؛ ٤؛ ٥؛ ٦.
بچووکترین ژمارەی ٤ ڕەنووسی بنووسە بە بەکارهێنانی هەمان ڕەنووسەکان.

٦ **ڕێنوێنی** من ژمارەیەکی ٣ ڕەنووسیم. ڕەنووسەکانم یەکسانن و سەرجەمیان ٩. من کام ژمارەم؟



بەشی ١

پێداچوونەوە

دڵنیابوون لە زاراوەکان و چەمکەکان

دەربڕینی گونجاو لە لیستی بەرامبەر هەڵبژێرە.

جووت
تاك
ڕەنووسەکان
شێوەی درێژی
لە گەورە بۆ بچووك
بەراوردکردن
نزیککردنەوە

١ هەر ژمارەیەك کۆتایی بە ڕەنووسی سفر بێت یان ٢ یان ٤ یان ٦ یان ٨ ئەوە ژمارەیەکی ___؟___ .


٢ ئەو هێمایانەی دێت: ٠، ١، ٢، ٣، ٤، ٥، ٦، ٧، ٨، ٩ ئەوانە ___؟___ .

٣ > ، < ، = بەکاردێن بۆ ___؟___ ژمارەکان.


٤ ___؟___ بەکاردێن بۆ خەملاندنی ژمارەکان.

ژمارەکان بە شێوەی ڕەنووسی بنووسە.

٥



٦



دەمانەوێت ژمارە ٣٧١ نزیك بکەینەوە بۆ نزیکترین سەد.

٧ دیاربکە ئەم ژمارەیە دەکەوێتە نێوان کام دووسەدی؟ **٨** لەکام سەدەوە نزیکە؟

دڵنیابوون لە کارامەییەکان

ئایا ژمارەکە تاکە یان جووتە.

٩ ٣١٧ **١٠** ٢٠٠ **١١** ١ ٣٤٨ **١٢** ١٢ ٩٩٩

ژمارەکە بە شێوەی ڕەنووسی بنووسە.

١٣ ٣ ٠٠٠ + ٧٠٠ + ١٠ + ١ **١٤** دوو هەزار و سی و نۆ.

بەهای ڕەنووسی شین بنووسە.

١٥ ٨٦٣ **١٦** ٩ ٨٤٥ **١٧** ١٢ ٠٥٣ **١٨** ٣٢ ٨٥٩

بەراورد بکە. هێمای > یان < یان = لە شوێنی ● دابنێ.

١٩ ٥٣٢ ● ٥٢٣ **٢٠** ٣ ٢٤٦ ● ٣٢٤٦ **٢١** ٤ ٥٨٣ ● ٧ ٥٨٣

ژمارەکان ڕیز بکە لە بچووکترینەوە بۆ گەورەترین.

٢٢ ١٤٣ ؛ ٤٣٨ ؛ ٩٢ **٢٣** ٧ ٣٠٤ ؛ ٧ ٨٩٠ ؛ ٧ ١٤١

٢٤ ٨٥ نزیك بکەوە لە نزیکترین ١٠ **٢٥** ٨٢٤ نزیك بکەوە لە نزیکترین ١٠٠

ئامادەبوون بۆ تاقیکردنەوە

ئاگاداربە!

- هەموو ناوەڕۆکەکە بخوێنەوە.
- دڵنیابە لە تێگەیشتنت لە پرسیار.
- وەڵامەکانت ساغبکەوە.

وەڵامی گونجاو دەور بدە لە ڕاهێنانەکانی ١ تا ١١.

١ بەهای ڕەنووسی ٦ لە ژمارە ٤٦١ چەندە؟

أ ٦   ب ٦٠   ج ٦٠٠   د ٦٠٠٠

---

٢ شێوەی درێژی ژمارە ٢٠٤٧ کامەیە؟

أ ٢٠٠٠ + ٤٠ + ٧   ج ٢٠٠٠ + ٤٠٠ + ٧

ب ٢٠ + ٤٠ + ٧   د ٢٠٠٠ + ٤٧

---

٣ ژمارەی نادیار لەم ڕستە ژمارەییە چەندە؟

٢٠٠٠ + ٤٠٠ + ▢ + ٥ = ٢٤٧٥

أ ٧   ب ٧٠   ج ٧٠٠   د ٧٠٠٠

---

٤ کام ژمارە ژمارەیەکی تاک نییە؟

أ ٣٥   ب ٤١   ج ٥٠   د ٧٧

٥
٤٣
٢١
+١٩

أ ٧٣   ب ٧١٣   ج ٨٣   د هیچ لەوانە

---

٦ بەهای خانەیی بۆ ڕەنووسی ٢ لە ژمارە ٢٣٧٩٠ چەندە؟

أ ٢٠   ب ٢٠٠   ج ٢٠٠٠   د هیچ لەوانە

٧
٣٨
-١٣

أ ٢٤   ب ٥١   ج ٢٥   د هیچ لەوانە

---

٨ کام ژمارە گەورەترە لە ٦٧٢ وە بچووکترە لە ٦٨٣؟

أ ٦٧١   ب ٦٨٢   ج ٦٨٥   د ٦٥٧

---

٩ من ژمارەیەکم لە ٢٤٠ گەورەترم و لە ٢٥٠ بچووکترم سەرجەمی ڕەنووسەکانم ٧، من کام ژمارەم؟

أ ١٤٢   ب ٢١٤   ج ٢٤١   د ٢٤٢

---

١٠ نزیك کراوەی ژمارە ٢٩٩٠ بۆ نزیکترین ١٠٠ چەندە؟

أ ٣٦٠٠   ب ٣٧٠٠   ج ٣٧٦٠   د ٣٠٠٠

---

١١ ٨٦٥٦ کەس سەیری یاری تۆپی پێیان دەکرد. نزیك کراوەی ئەم ژمارەیە بۆ نزیکترین ١٠٠٠ چەندە؟

أ ٩٠٠٠   ب ٨٦٠٠   ج ٨٧٠٠   د ٨٠٠٠



ئەوەی دەیزانی بینووسە

١٢ بەهای خانەیی بۆ ڕەنووسی ٣ لە ٢٥٣٨١ و ٣٩٠٤٧ چەندە؟ لە کام ژمارە بەهای ڕەنووسی ٣ گەورەترە؟ وەڵامەکەت ڕوونبکەوە.

١٣ دەریا ژمارەی ٤١٨ لە ٤٢٠ نزیك کردەوە، بەڵام هێرۆ لە ٤٠٠ نزیك کردەوە، هەردووکیان ڕاستن، بۆ دەتوانیت ٤١٨ لە ٤٢٠ و ٤٠٠ نزیك بکەیەوە؟

بەشی ٢
کۆکردنەوە و لێدەرکردن

مرۆڤ سەگی بەکارهێناوە لە چەندەها کار. بەکاری هێناوە بۆ پاسەوانی و یارمەتیدان لە شوانی و ڕاوکردن وە بەکاری دەهێنێت بۆ یارمەتیدانی پەککەوتەکان. قوتابخانەی تایبەت هەیە بۆ ڕاهێنانی سەگەکان.

شیکارکردنی پرسیارەکان سەیری ئەم وێنەیە بکە. ژمارەی سەگەکان لە ساڵی ١٩٩٧ و ١٩٩٨ ڕاهێنراون بۆ ئەم کارە چەندن؟

ژمارەی سەگەکانی کە ڕاهێنراون



١٩٩٦ ١٩٩٧ ١٩٩٨ ١٩٩٩

ساڵ

زانيارييەكانت ساغبكەوە



ئەم لاپەڕەیە بەكاربهێنە بۆ دڵنیابوون لە هەبوونی
ئەم زانیارییانەی كەوا پێویستە لەم بەشەدا

زاراوەكان

دەربڕینێكی گونجاو لە لیستی بەرامبەر هەڵبژێرە.

سەرجەم
جیاوازی
خەملاندن

١ بە ئەنجامی كرداری كۆكردنەوە دەوترێت ___؟___ .

٢ ١٥ − ٨ = ٧، ٧ بریتییە لە ___؟___ .

ڕاستییەكانی كۆكردنەوە و لێدەركردن

كۆبكەوە یان لێدەربكە.

٣ ٥ + ٦

٤ ٨ + ٢

٥ ١٥ − ٧

٦ ١٢ − ٨

كۆكردنەوەی ژمارەی دوو ڕەنووسی

كۆبكەوە.

٧

یەكان	دەیان
٢	١
+ ٥	١

٨

یەكان	دەیان
٦	١
+ ٨	١

٩ ١١ + ٦٥

١٠ ٥٣ + ١٨

١١ ٢٧ + ١٩

لێدەركردنی ژمارەكانی دوو ڕەنووسی

دەربكە.

١٢

یەكان	دەیان
٦	٤
− ٤	١

١٣

یەكان	دەیان
٠	٧
− ٦	٥

١٤ ٣٣ − ١٨

١٥ ٩٠ − ٤٨

١٦ ٥٧ − ٢٧

ئەژمێركردنی هزری

ئەژمێركردنی هزری بەكاربێنە بۆ كۆكردنەوە یان لێدەركردن.

١٧ ١٥ + ٢٥ = ▢

١٨ ٣٦ − ١٥ = ▢



پێداچوونەوەی خێرا

١) ١٤ + ١٥ = ▢

٢) ٤١ + ٣٩ = ▢

٣) ٢٥ + ٣٦ = ▢

٤) ٢١ + ٥٧ = ▢

وانەی ١

پێداچوونەوەی کۆکردنەوە

فـێـربــــە

بە بیرە خۆت بێنەوە چۆن کۆکردنەوەی ژمارەکانت دەنواند، چۆن ئەو کردارەت تۆماردەکرد لە کۆکردنەوەی دوو ژمارەی ١٣٨ و ٢٦٥.

چالاکی


هەنگاوی ١

دەسبکە بە کۆکردنەوەی یەکان، ١٣ دەستدەکەوێ.

١٣ = ٥ + ٨

ئەوانەی دەستت کەوت خڕبکەوە، دەیەك و ٣ یەکانت دەستدەکەوێ.

$$\begin{array}{r} {}^{1} \\ ١٣٨ \\ +\ ٢٦٥ \\ \hline ٣ \end{array}$$




هەنگاوی ٢

دەیەکان کۆبکەوە ١٠ دەییت دەست دەکەوێ.

١ + ٣ + ٦ = ١٠

دەییەکان خڕبکەوە لە یەك سەد.


$$\begin{array}{r} {}^{1\ 1} \\ ١٣٨ \\ +\ ٢٦٥ \\ \hline ٠٣ \end{array}$$



هەنگاوی ٣

سەدان کۆبکەوە ٤ سەدیت دەست دەکەوێ.

$$\begin{array}{r} {}^{1\ 1} \\ ١٣٨ \\ +\ ٢٦٥ \\ \hline ٤٠٣ \end{array}$$



چەند نموونەیەك

أ

$$\begin{array}{r} {}^{1} \\ ٣٢٥ \\ +\ ٦٧ \\ \hline ٣٩٢ \end{array}$$

ب

$$\begin{array}{r} {}^{2} \\ ٥٩١ \\ ١٧٣ \\ +\ ٢٩٠ \\ \hline ١٠٥٤ \end{array}$$

ج

$$\begin{array}{r} {}^{1} \\ ٢٦٠ \\ +\ ٧٥٥ \\ \hline ١٠١٥ \end{array}$$





ساغبکەوە

١ ڕوونیبکەوە بۆچی یەکەم جار یەکانمان کۆکردەوە پاشان دەیان؟

کۆبکەوە. پاشان نزیککردنەوە بەکاربێنە تا بزانی ئایا وەڵامەکە گونجاوە.

٢ ٢٢٤ + ٥١١

٣ ٢٩٨ + ٧٢

٤ ٥٧٦ + ٧٦٢

ڕاهێنان و شیکارکردنی پرسیارەکان

کۆبکەوە. پاشان نزیککردنەوە بەکاربێنە تا بزانی ئایا وەڵامەکە گونجاوە.

٥ ٣٢١ + ٢٦٨

٦ ١٧٣ + ٣٦٨

٧ ٢٨٤ + ٣٢٥

٨ ٦٢٩ + ٦٧

٩ ٢١٩ + ٣١٦ + ٢٢٢ = ▢

١٠ ٢٦٧ + ٧٤١ + ١٠٩ = ▢

١١ جەبر ژمارەی نادیار بنووسە.

٢٣٠ + ▢ + ٥٠ = ٢٨٢

١٢ حەسەن ٣٦٥٠٠ دیناری عیراقی دا بە نرخی پاسکیلێك و ٢٧٨٠٠ دیناری عیراقی دا بە نرخی جل و بەرگی وەرزشی. حەسەن چەند دیناری داوە؟

١٣ هەڵە لە کوێیە سازان ١١٢ لاپەڕەی لە کتێبی چیرۆك خوێندەوە، لە پاشاندا ١٧ لاپەڕەی تری خوێندەوە. سازان لاپەڕەکانی کۆکردنەوە و ووتی ٢٨٢ لاپەڕەیە. هەڵەی سازان لە کوێدایە؟

١١٢
١٧ +
٢٨٢

هەڵبژاردن لە هەمەجۆر

١٤ ٦٨ + ٤٢ + ٣٦ = ▢

أ ١٣٦ ب ١٣٨ ج ١٤٢ د ١٤٦

وانەی ٢

خەمڵاندنی سەرجەم

پێداچوونەوەی خێرا

١ ٥ + ٢٥ = ▢

٢ ٧٠ + ٢٠ = ▢

٣ ٤٠ + ٦٠ = ▢

٤ ٢٠ + ٥٥ = ▢

زاراوەکان

خەمڵاندن

فێربە

یەکێك لە باخچەکانی ئاژەڵان لە ئەمریکا دوو ئاژەڵی دەریایی لە خۆ دەگرێت، یەکەمیان ٩١ کگم خواردن لە رۆژێك دەخوات. ئەوەی دووەمیان ٨٨ کگم لە رۆژێك دەخوات، هەردوو ئاژەڵەکە پێکەوە نزیکەی چەند کگم لە رۆژێك دەخۆن؟

بۆ ئەوەی وەڵامی نزیککراو بدۆزیتەوە، دەست بکە بە **خەمڵاندن**.

چالاکی

هەنگاوی ١

هەر ژمارەیەك نزیك بکەوە بۆ نزیکترین ١٠.

٨٨	←	٩٠
٩١ +	←	٩٠ +

هەنگاوی ٢

سەرجەمی خەمڵاندنەکە ئەژمێر بکە.

$$
\begin{array}{r} ٩٠ \\ +\ ٩٠ \\ \hline ١٨٠ \end{array}
$$

هەردوو ئاژەڵەکە پێکەوە نزیکی ١٨٠ کگم لە رۆژێکدا دەخۆن.

چەند نمونەیەك

أ نزیك کردنەوە بۆ نزیکترین ١٠٠.

١٧٤	←	٢٠٠
١٢٣ +	←	١٠٠ +
		٣٠٠

ب نزیك کردنەوە بۆ نزیکترین ١٠٠.

٧٨٠	←	٨٠٠
٤٣٥ +	←	٤٠٠ +
		١ ٢٠٠

ج نزیك کردنەوە بۆ نزیکترین ١٠٠٠.

٣ ٢٦٠	←	٣ ٠٠٠
٢ ٧٥٥ +	←	٣ ٠٠٠ +
		٦ ٠٠٠



بەرخی دەریا یان (چێڵی دەریا) ئاژەڵێکی ئاویە کە گیاخۆرە، کێشی لە ٦٠٠ کگم زیاترە و دەژی لەسەر لێواری دەریاچەکان و لە کەناری ئاوی مەکسیك و و رۆژ ئاوای ناوەڕاستی ئەفریقیا.

• کێشی عامر ٢٨ کگم و کێشی نەوزاد ٣٤ کگم. کێشەکەیان پێکەوە چەندە؟

لەبیرمەکە بگەڕێوە بۆ خەمڵاندن لەو کاتەی کەوا پێویستت بە وەڵامێکی وورد نییە.

ساغبکەوە

١ **ڕوونیبکەوە** بۆچی کارگێری باخچەی ئاژەڵان وەڵامە نزیککراوەکەی پێ پەسندە بۆ پێداویستییەکانی ئاژەڵان لە خواردن؟



سەرجەم بخەملێنە بەم نزیککردنەوەی کە پێت گونجاوە.

٢ ٦٧ + ١٩

٣ ٤١٠ + ٨٩٠

ڕاهێنان و شیکارکردنی پرسیارەکان

سەرجەم بخەملێنە بەم نزیککردنەوەی کە پێت گونجاوە.

٤ ١٢ + ٢٣

٥ ٢٤ + ٧٨

٦ ٥١٨ + ٣٠٥

٧ ٢٠٦ + ٦٦٨

٨ ٢ ٦١٠ + ٣ ٣٩٧

٩ ٧ ٨٠٠ + ١ ٦٢٠

١٠ **دەرئەنجام** هەڵۆ ٢١ گێزەری لەناو سەبەتەیەکی خۆراکی کەروێشکەکان دانا. ژمارەی گێزەرەکان لە ٣ سەبەتەدا نزیکەی چەندە؟

ژمارەی نووسراوەکانی خشتەکە بەکاربێنە بۆ شیکارکردنی ڕاهێنانەکانی ١١ تا ١٣

دوو ژمارە هەڵبژێرە کە سەرجەمیان نزیکەی:

٢٣	٢٨٩	٣٤٧٠
٤٨٩٠	١٧	٥١
٦٦	٢٨٨٠	٢٣١

١١ ٧٠

١٢ ٥٠٠

١٣ زانا وتی سەرجەمی هەموو ئەو ژمارانەی سەر لیستەکە دەکاتە ١٥٠ بەنزیکەیی، ئایا ڕاستە یان هەڵەیە؟ ڕوونیبکەوە.

هەڵبژاردن لە هەمەجۆر

١٤ کام لە خەمڵانەکان پێیهەڵدەستیت بۆ خەملاندنی سەرجەمی ٤٥٢ + ٦٧٨؟

أ ٦٠٠ + ٤٠٠   ب ٧٠٠ + ٤٠٠   ج ٦٠٠ + ٥٠٠   د ٧٠٠ + ٥٠٠

وانەی ٣

پێداچوونەوەی لێدەرکردن



پێداچوونەوەی خێرا

١ ٣٠ – ٢٠ = ▢

٢ ١٢٠ – ١٠ = ▢

٣ ٦٢ – ٢٣ = ▢

٤ ٥٣ – ٥١ = ▢

فێربە


لەبیرت بێ چۆن لێدەرکردنی ژمارەکان دەنوێنی، وە چۆن کردارەکە تۆماردەکەی لە میانەی لێدەرکردنی ١٢٦ لە ٣٢٥ دەست بە نووسینی کردارەکە بکە دوو ژمارەکە ریزبکە بە مەرجێك ڕەنووسی یەکان لە ژێر ڕەنووسی یەکان بێت، وە ڕەنووسی دەیان لەژێر ڕەنووسی دەیان بێت، وە ڕەنووسی سەدان لە ژێر ڕەنووسی سەدان بێت.

چالاکی

هەنگاوی ١

دەسپێبکە بە لێدەرکردنی یەکان ٦ > ٥ کەواتە دەیەك خورد بکەوە بۆ ١٠ یەکی:
٥ یەکی + ٢ دەیی =
١٥ یەکی + ١ دەیی.


```
  ١ ١٥
٣ ٢ ٥
١ ٢ ٦ -
    ٩
```



هەنگاوی ٢

دەیان لێدەربکە. ٢ > ١ کەواتە سەدییەك خوردبکەوە بۆ ١٠ دەیان
١ دەیی + ٣ سەدی
١١ دەیی + ٢ سەدی


```
  ١١
٢ ١ ١٥
٣ ٢ ٥
١ ٢ ٦ -
  ٩ ٩
```



هەنگاوی ٣

لێکدەربکە.

```
  ١١
٢ ١ ١٥
٣ ٢ ٥
١ ٢ ٦ -
١ ٩ ٩
```



چەند نموونەیەك

أ

```
٢ ١٥
٣ ٥ ٩
  ٨ ٤ -
٢ ٧ ٥
```

ب

```
  ١٣
٧ ٣ ١٦
٨ ٤ ٦
٧ ٩ ٨ -
  ٤ ٨
```

ج

```
  ٦ ١٢
٤ ٧ ٢
١ ١ ٥ -
٣ ٥ ٧
```

ساغبکەوە

١ **ڕوونیبکەوە** بۆچی لە کرداری لێکدەرکردن سەرەتا دەیان خوردکراوە، پاشان سەدان؟

لێدەربکە.

٢ | ٥٩٥ − ٢٤٢

٣ | ٣٣٦ − ١٩١

٤ | ٣٠٠ − ٨٤

٥ | ٤٠٠ − ٢٨٣

ڕاهێنـان و شیکارکردنی پرسیارەکان

لێدەربکە.

٦ | ٥٧٤ − ٤١٢

٧ | ٤٣٨ − ١١٩

٨ | ٨٩١ − ٥٦

٩ | ٦٥٧ − ٤٩٨

١٠ | ٨٠٠ − ٥٨٥

١١ | ٨١٨ − ٩٩

لێدەربکە وەڵام ساغبکەوە بە بەکارهێنانی کۆکردنەوە.

١٢ | ٩٠٠ − ٣١٢ = ▢

١٣ | ٦٠٤ − ٤٨٥ = ▢

١٤ | جەبر ژمارەی نادیار بنووسە.

٢٥٥ + ▢ = ٣٠٥

١٥ | هەڵە لە کوێیە؟ ئازاد کرداری لێدەرکردنی دێت نووسی.

٢٦١ − ١٧٠ = ١٩١ (١٦ لە سەرەوە نووسراوە)

هەڵەی ئازاد دیاربکە، پاشان وەڵامی ڕاست بنووسە.

١٦ | ڕێنوێنی ئایا پێویستە خوردکردنەوە بکەیت بۆ لێدەرکردنی ٢٥٥ − ١٢٥؟ ڕاڤەبکە.

هەڵبژاردن لە هەمەجۆر

١٧ | جیاوازی نێوان ٣٤٢ و ١٦٠ کامەیە؟

أ ١٥٢ | ب ٥٠٢ | ج ١٨٢ | د هیچ لەوانە

وانەی ٤

سفر لە لێدەرکردندا

پێداچوونەوەی خێرا

١ ١٢ – ١٠ = ☐

٢ ٢٤ – ١٥ = ☐

٣ ٤١ – ٣٩ = ☐

٤ ٦١ – ٥٧ = ☐

فێربە

چۆن ١٧٨ لە ٣٠٠ دەردەکەیت؟


چالاکی

هەنگاوی ١

٨ > ٠ دەبێت دەییەك خورد بکەینەوە، بەڵام هیچ دە لە ٣٠٠ دانیە. واتە سەدییەك خورد دەکەینەوە بۆ ١٠دەیان

٠ دە + ٣ سەدی

١٠ دە + ٢ سەدی




هەنگاوی ٢

دەییەك بکە بە ١٠ یەکی


٠ یەکی + ١٠ دەیی

١٠ یەکی + ٩ دەیی



هەنگاوی ٣

یەکان لێدەربکە پاشی دەیان و پاشان سەدان



کەواتە: ٣٠٠ – ١٧٨ = ١٢٢

نموونەی زیاتر

أ ٤٠٢ – ٨٧ = ١١٧

ب ٥٠٣ – ١٢٤ = ٣٧٩

ج ٧٠٠ – ٤٨١ = ٢١٩

ساغ بکەوە بە کۆکردن: ٢١٩ + ٤٨١ = ٧٠٠

لەبیرمەکە کاتی لێدەرکردن ئەگەر سفرێك یان زیاتر لە لێدەرکراو هەبوو، لەوانەیە پێویستت بێت سەدان خوردبکەیتەوە یەکەم جار.

ساغبکەوە

١ ڕوونیبکەوە بۆچی ٩ نووسرا لەسەر ١٠ لە نموونەی أ؟

لێدەربکە.

٢
$$\begin{array}{r} ٦٩٥ \\ -\ ٢٤٢ \\ \hline \end{array}$$

٣
$$\begin{array}{r} ٣٠٦ \\ -\ ١٩١ \\ \hline \end{array}$$

٤
$$\begin{array}{r} ٣٠٥ \\ -\ ٨٤ \\ \hline \end{array}$$

ڕاهێنان و شیکارکردنی پرسیارەکان

لێدەربکە.

٥
$$\begin{array}{r} ٣٠١ \\ -\ ٢٦٨ \\ \hline \end{array}$$

٦
$$\begin{array}{r} ٥٠٠ \\ -\ ٢٢٨ \\ \hline \end{array}$$

٧
$$\begin{array}{r} ٤٧٠ \\ -\ ٣٦٨ \\ \hline \end{array}$$

٨
$$\begin{array}{r} ٥٨٤ \\ -\ ٣٠٥ \\ \hline \end{array}$$

٩
$$\begin{array}{r} ٧٠٤ \\ -\ ٥٠٢ \\ \hline \end{array}$$


١٠
$$\begin{array}{r} ٦٠٩ \\ -\ ٦٧ \\ \hline \end{array}$$

لێدەربکە. کۆکردنەوە بەکاربێنە بۆ ساغکردنەوەی وەڵامەکەت.

١١ ٣٠٨ – ١٤٩ = ☐

١٢ ٩٠٠ – ٣١٢ = ☐

سەیری وێنەی بەرامبەر بکەو وەڵامی پرسیارەکانی ١٣–١٦ بدەوە.



١٣ هاوکار گەشتێکی کرد لە دهۆك بۆ هەولێر بە ڕێگەی موسل ئەو دوورییەی بڕیویەتی چەندە؟

١٤ کام لەم دوو شارە نزیکترن لە موسل: شاری دهۆك یان هەولێر؟

١٥ باوکی شنۆ گەشتێکی کرد لە دهۆکەوە بۆ کەرکووك بە موسل وهەولێر تێپەڕی، چەند کیلۆمەتری بڕیوە؟

١٦ دووری نێوان هەولێر و موسل چەندە زیاترە لە لەدووری نێوان دهۆك و موسل؟

هەڵبژاردن لە هەمەجۆر

١٧ جیاوازی نێوان ٢٠١ و ٤٩ کامەیە؟

[أ] ١٥٢ [ب] ١٦٤ [ج] ٢٥ [د] ٢٥٢

وانەی
٥

خەملاندنی جیاوازی

پێداچوونەوەی خێرا

١. ٥٠ − ٣٠ = ▢
٢. ٣٥ − ١٠ = ▢
٣. ٦٠ − ٢٠ = ▢
٤. ٥٠ − ٤٠ = ▢

فێربە

کیسەڵەکانی دەریایی هێلکە دەکەن لەو هێلانانەی لە ڕۆخی دەریاکان هەڵی دەکەنن لە وەرزی هاوینی هەموو ساڵێکدا. خشتەی بەرامبەر ژمارەی هێلانەکان لە ڕۆخی دوورگەیەک ساڵی ٢٠٠٠ پیشان دەدات. ژمارەی هێلانەکانی ڕۆخی دوورگەی کاب چەند زیاترە لە ژمارەی هێلانەکان لە ڕۆخی دوورگەی بریتشاد؟ بۆ ئەوەی وەڵامی نزیککراوە بدۆزیەوە هەڵدەستێت بە خەملاندنی



دوورگەی (کزیرتە)	ژمارەی هێلانە
کاب	٦١٥
هیلتون	١٢٩
کیاوا	٢٠٥
بریتشاد	١٠٦

نموونە

هەنگاوی ١

هەر ژمارەیەك بۆ نزیکترین سەد نزیك بکەوە.

٦١٥ ← ٦٠٠
− ١٠٦ ← − ١٠٠

هەنگاوی ٢

جیاوازی خەملێندراو ئەژمێر بکە.

٦٠٠
− ١٠٠
٥٠٠

هەروەها، ژمارەی هێلانەکانی ڕۆخی دوورگەی کاب نزیکەی ٥٠٠ هێلانە زیاترە لە ژمارەی هێلانەکانی دوورگەی بریتشاد.

چەند نموونەیەك

أ بۆ نزیکترین ١٠ نزیکبکەوە

٦١ ← ٦٠
− ٤٨ ← − ٥٠
١٠

ب بۆ نزیکترین ١٠٠ نزیکبکەوە

٨٩٥ ← ٩٠٠
− ٣٣٥ ← − ٣٠٠
٦٠٠

ج بۆ نزیکترین ١٠٠٠ نزیکبکەوە

٦ ٨٦٠ ← ٧ ٠٠٠
− ٤ ٦٥٥ ← − ٥ ٠٠٠
٢ ٠٠٠

هەندێ جار پێویستیت دەبێت کە خانەی نزیککردنەوە بگۆڕیت. هەوڵبدە جیاوازی ٣٤١ − ٢٦٥ بخەملێنی: بەنزیککردنەوە بۆ نزیکترین ١٠٠.

٣٤١ ← ٣٠٠
− ٢٦٥ ← − ٣٠٠
٠

بۆ نزیکترین ١٠ نزیك بکەوە لە جیاتی ١٠٠

٣٤١ ← ٣٤٠
− ٢٦٥ ← − ٢٧٠
٧٠



لەبیرمەکە کاتی خەملاندنی جیاوازی، نزیکبکەوە بۆ خانەی گونجاو.

ساغبکەوە

١ ڕوونیبکەوە چۆن جیاوازی ٢٠٣–١٨١ دەخەملێنی؟

جیاوازی بخەملێنە بە بەکارهێنانی نزیککردنی گونجاو.

٢ ٨٧ − ٣٢

٣ ٤٧٨ − ١١٥

٤ ٨١٣ − ٤٩١

ڕاهێنان و شیکارکردنی پرسیارەکان

جیاوازی بخەملێنە بە بەکارهێنانی نزیککردنی گونجاو.

٥ ٤٢ − ١٩

٦ ٨٤ − ٢٨

٧ ٤٧٠ − ١١٠

٨ ٩٠٨ − ٣٨٠

٩ ٥١٧ − ١٠١

١٠ ٣ ٢٨٨ − ١ ٢٥٥

جیاوازی بخەملێنە نزیکبکەوە بۆ خانەی گونجاو.

١١ ٤٢٢ − ٣٩٤

١٢ ٢٠١ − ١٧٨

خشتەی بەرامبەر بەکاربهێنە بۆ شیکارکردنی هەردوو ڕاهێنانی ١٣ ، ١٤.

١٣ کێشی بەران چەندی زیاترە لە کێشی مەڕ.

١٤ خەلیل دەتوانیت ٩٠٠ کگم بەلای زۆرەوە لە بارهەڵگری خۆی هەڵبگریت. ئایا بارهەڵگرەکە دەتوانێت هەرسێ ئاژەڵەکە هەڵبگرێت؟ ڕوونیبکەوە.



کێشی ئاژەڵان لە کێڵگەی خەلیل

ئاژەڵ	کێش
بەران	٧٣ کگم
مەڕ	٥٢ کگم
چێڵ	٦٣٠ کگم

هەڵبژاردن لە هەمەجۆر

١٥ کام نزیککراوە بەکاردەهێنین بۆ خەملاندنی جیاوازی ٣٥٧–١٦٩؟

أ ٤٠٠ – ١٠٠ ب ٣٦٠ – ١٧٠ ج ٣٥٠ – ١٧٠ د ٣٠٠ + ٢٠٠

وانەی ٦

کۆکردنەوەو لێدەرکردنی ژمارەی ٤ ڕەنووسی



پێداچوونەوەی خێرا

١) ٣٥٠ + ٤٠ = ▢

٢) ٥٤٢ − ٣٢ = ▢

٣) ٢٠٥ + ١١٢ = ▢

٤) ٨٧٩ − ١٥٩ = ▢

فێربە

کشتوکاڵ بەبۆنەی چەژنی نەورۆز، قوتابیانی پۆلی سێیەم هەڵسان بە کۆکردنەوەی پارەتی بۆ کڕینی شتڵ و چاندنیان لە باخچەی قوتابخانە. لە ڕۆژی یەکەم ٤ ٣٦٥ دیناریان کۆکردەوە، وە لە ڕۆژی دووەم ٣ ٨٥٢ دینار. چەند دیناریان کۆکردەوە؟

٤ ٣٦٥ + ٣ ٨٥٢ = ▢

نزیککردنەوە = ٤ ٠٠٠ + ٤ ٠٠٠ = ٨ ٠٠٠

هەنگاوی ١	هەنگاوی ٢	هەنگاوی ٣	هەنگاوی ٤
یەکان کۆبکەوە.	دەیان کۆبکەوە. ١١ دەییت دەست دەکەوێ ١٠ دە کۆبکەوە لەسەد: ١١دە = ١ دە + ١ سەد	سەدان کۆبکەوە. ١٢ سەدیت دەست دەکەوێ ١٠ سەد کۆبکەوە لە هەزار: ١٢ سەد = ٢ سەد + ١ هەزار	هەزاران کۆبکەوە.
٤ ٣٦٥ + ٣ ٨٥٢ = ٧	٤ ٣٦٥ + ٣ ٨٥٢ = ١٧	٤ ٣٦٥ + ٣ ٨٥٢ = ٢١٧	٤ ٣٦٥ + ٣ ٨٥٢ = ٨ ٢١٧

قوتابیان ٨ ٢١٧ دیناریان کۆکردەوە لەبەر ئەوەی ژمارەی ٨٢١٧ نزیکە لە ٨ ٠٠٠، ئەوە وەلامەکە گونجاوە.



بەرز، بەرز، بەرزتر باڵۆنەکە لە بەرزایی ١٠٢٥ م بوو سەر لە بەیانی، پاشان گەیشتە بەرزایی ١٩٢٠م لە نیوەڕۆ. چەند مەتر بەرز بۆتەوە؟

١٩٢٠ − ١٠٢٥ = ▢

نزیک کردنەوە: ٢٠٠٠ − ١٠٠٠ = ١٠٠٠

هەنگاوی ١	هەنگاوی ٢	هەنگاوی ٣
یەکان لێدەربکە. ٥ > ٠، کەواتە دەییەك خوردبکەوە: ٠ یەکی و ٢ دەیی = ١٠ یەکی و ١ دەیی	دەیان لێدەربکە. ٢ > ١، کەواتە سەدێك خورد بکەوە: ١ دەیی ٩ سەدی = ١١ دەیی ٨ سەدی	سەدان لێدەربکە. پاشان هەزاران.
١٩٢٠ − ١٠٢٥ = ٥	١٩٢٠ − ١٠٢٥ = ٩٥	١٩٢٠ − ١٠٢٥ = ٨٩٥

باڵۆنەکە ٨٩٥ مەتر بەرزبوەتەوە. لەبەر ئەوەی ژمارە ٨٩٥ نزیکە لە ١٠٠٠ کەواتە وەلامەکە گونجاوە.

ڕێنوێنی چۆن کۆکردنەوە بەکاردێنیت بۆ ساغکردنەوەی ڕاستی وەڵامی لێدەرکردن؟

ئەژمێرکردنی هزری دەتوانی هەندێ جار کۆکردنی هزری یان لێدەرکردنی هزری بکەی لە جیاتی بەکارهێنانی پێنووس و کاغەز.

نموونە: ٤٣٠+٥٦٠= ▢ . ئەم کردارەی کۆکردنەوە پێویستی بە خرکردنەوە نییە. ٦ دە و ٣ دە دەبێتە ٩ دە.
٥ سەد و ٤ سەد دەبێتە ٩ سەد، ٩ دە و ٩ سەد دەبێتە ٩٩٠.

نموونە: ٦٨٠−٣١٠= ▢ . ئەم کردارەی لێدەرکردنە پێویستی بە خوردکردن نییە. ٨ دەییت هەیە ١ دەی لێدەربکە دەبێتە ٧ دەیی هەروەها ٦ سەدی ٣ سەدی لێ دەربکە دەبێتە ٣ سەدی. وەڵام ٣ سەد و ٧ دە، واتە ٣٧٠.

ساغبکەوە

١ **ڕوون بکەوە** چۆن ئەژمێرکردنی هزری بەکاردێنیت تاکو ٧٤٧ و ٢٤٢ کۆبکەیەوە؟ بۆ ئەوەی ٦٥٦ لە ٩٨٧ دەربکەی؟

کۆبکەوە و ئەو ڕێگایەی کە بەکارت هێناوە بڵێ.

٢
$$\begin{array}{r} ٢٤٨ \\ +\ ٩١ \\ \hline \end{array}$$

٣
$$\begin{array}{r} ١\ ٣٤٨ \\ +\ ١\ ٢٣١ \\ \hline \end{array}$$

لێدەربکە و ئەو ڕێگایەی بەکارت هێناوە بڵێ.

٤
$$\begin{array}{r} ٢٨٧ \\ -\ ١٧٨ \\ \hline \end{array}$$

٥
$$\begin{array}{r} ٧٩٨ \\ -\ ٣٥٦ \\ \hline \end{array}$$

ڕاهێنان و شیکارکردنی پرسیارەکان

کۆبکە یان لێکدەربکە.

٦
$$\begin{array}{r} ٥\ ٤٩٢ \\ +\ ١\ ٢٠٥ \\ \hline \end{array}$$

٧
$$\begin{array}{r} ١\ ٨٩٥ \\ +\ ١\ ٧٠٠ \\ \hline \end{array}$$

٨
$$\begin{array}{r} ١\ ٦٧٣ \\ -\ ١\ ٢٩٤ \\ \hline \end{array}$$

٩
$$\begin{array}{r} ٧\ ١١٦ \\ -\ ٢\ ٠٠٥ \\ \hline \end{array}$$

١٠ **مانای ژمارە** ژمارەیەك بنووسە گەورەتر بێت لە ٣ ٤٢٥+٨ ٦٣٠ و بچووکتربێت لە ٤ ٤٢٩+٧ ٧١٤.

١١ **دەرئەنجام** ئایا دەتوانی دوو ژمارەی ٣ ڕەنووسی کۆ بکەیتەوە و ژمارەیەکت دەستکەوێت گەورەتربێت لە ٢ ٠٠٠؟

١٢ ژمارەیەك بنووسە لە ٣ ڕەنووس پێکهاتبێ و بتوانرێ لە ٢٧٤ دەربکرێت بێ خوردکردنەوە.

هەڵبژاردن لە هەمەجۆر

١٣ سەرجەمی ٤ ٦٣٢، ٣ ٥٠٩ چەندە؟

أ ٢٧ ١٣١ ب ٩ ٠٠٠ ج ٤٩ ٨١١ د ٨ ١٤١

وانەی ٧

ڕێگاکانی شیکاری پرسیارەکان

بخەملێنە و ساغبکەوە



پێداچوونەوەی خێرا

١) ٩ + ▢ + ٤٠٠ = ٤٩٩

٢) ٥ + ٤٠ + ٧٠٠ + ▢ = ٨٧٤٥

٣) ▢ + ٣٠ + ٩٠٠ = ٩٣٦

٤) ٧ + ٤٠٠ + ▢ = ١٠٤٠٧

تێبگە | پلاندابنێ | شیکاربکە | ساغبکەوە

پرسیار هۆگر و خوشکی ٧٥ ژەم خواردنی هەژارانیان کڕی. بەشکراوە لە نێوان پاکەتی کانزایی و تورەکە، ژمارەی پاکەتەکان ١٥ زیاترە لە ژمارەی تورەکەکان. ژمارەی پاکەتەکان و تورەکەکان چەندە؟

تێبگە

- داواکراو چییە؟ دۆزینەوەی ژمارەی پاکەتەکان و تورەکەکان.
- ئەو پێدراوانەی بەکارمان هێنا چین؟ ٧٥ ژەم خواردن و جیاوازی نێوان ژمارەی تورەکەکان و ژمارەی پاکەتەکان دەکاتە ١٥.
- ئایا پێدراو هەیە بەکارمان نەهێنابێ؟ چییە؟ نەخێر.

پلاندابنێ

- چ ڕێگایەك بەکاردێنی بۆ شیکارکردنی پرسیارەکە؟ دەتوانی ڕێگەی «بخەملێنە و ساغبکەوە» بۆ دۆزینەوەی ژمارەی پاکەتەکان و ژمارەی تورەگەکان بەکاربێنی.

شیکاربکە

- چۆن ئەو ڕێگەیە لە شیکارکردن بەکاردێنیت؟ ژمارەی تورەکەکان بخەملێنە ١٥ی بۆ زیادبکە بۆ ئەوەی بگەیتە ژمارەی پاکەتەکان. ساغبیکەوە کە سەرجەم دەکاتە ٧٥. وە هەروەها ژمارەی تورەکەکان دەکاتە ٣٠ وە ژمارەی پاکەتەکان دەکاتە ٤٥.



١ تورەگە	پاکەت	سەرجەم	تێبینییەکان
٢٠	٢٠ + ١٥ = ٣٥	٢٠ + ٣٥ = ٥٥	کەمتر لە ٧٥
٥٠	٥٠ + ١٥ = ٦٥	٦٥ + ٥٠ = ١١٥	زیاتر لە ٧٥
٣٠	٣٠ + ١٥ = ٤٥	٤٥ + ٣٠ = ٧٥	وەڵامی ڕاست

ساغبکەوە

- چۆن دوو خەمڵاندنی یەکەم و دووەم بەکاردێنیت تاکو نزیك ببیەوە لە وەڵامی ڕاست.

ڕاهێنان و شیکارکردنی پرسیارەکان

ڕێگای «خەملاندن وساغکردنەوە» بەکاربێنە بۆ شیکارکردنی پرسیارەکان.

١ ئەگەر ژمارەی ژمەکان ١٢٠ بێت و ژمارەی تورەکەکان ٣٠ زیاتر بێت لە ژمارەی پاکەتەکان، ژمارەی پاکەتەکان و تورەکەکان دەبێتە چەند؟

٢ کامەران ١٧٠ پوولی پۆستەی هەبوو بەسەر دوو تێنووسدا دابەشیکرد. تێنووسی یەکەم ٣٠ پولی زیاتر لە تێنووسی دووەم دەگرێ. ژمارەی پوولەکان لەهەر تێنووسێکدا چەندە؟

لەهەردوو ڕاهێنانی ٣، ٤ دوو ژمارە دەبینی کە سەرجەمیان ٢٧ـە و جیاوازی نێوانیان ٣ یە.

٣ کام ژمارە لەو ژمارانەی دێن خەملاندنی گونجاوە بۆ ژمارەی یەکەم؟

أ	٣	ج	٢٧
ب	١٥	د	٣٠

شیکار کامەیە؟

٤

أ	٣ و ٢٧	ج	١٠ و ١٣
ب	١ و ١٧	د	١٢ و ١٥



ڕێگەکانی شیکارکردنی پرسیار

هیلکاریەك یان وێنەیەك بکێشە.
نموونەیەك دروستبکە یان بەکردار جێبەجێیبکە.
لیستێکی ڕێك دروست بکە
بە دوای شێوازێك بگەڕێ.
خشتەیەك یان وێنەکی ڕوونکردنەوەیی دروستبکە.
بخەملێنە وساغبکەوە.
بە هەنگاوەکانتا بگەڕێوە.
پرسیارێکی ئاسانتر شیکاربکە.
ڕستەیەکی ژمارەیی بنووسە.
دەرئەنجامی ژێربێژی بەکاربێنە.

ڕاهێنان لەسەر ڕێگا جیاوازەکان

خشتەی بەرامبەر بەکاربێنە بۆ ڕاهێنانی ٥ و ٦.

بەرهەمی چێڵەکە لە شیر	
هەفتەی یەکەم	٧٣ پاکەت
هەفتەی دووەم	▢ پاکەت
هەفتەی سێیەم	٧٩ پاکەت
هەفتەی چوارەم	٨١ پاکەت

٥ بەرهەمی شیری چێڵەکە لە هەفتەی دووەم پترە لە هەفتەی یەکەم وە کەمترە لە هەفتەی سێیەم. شیری هەفتەی دووەم ژمارەیەکی تاکە ڕەنووسی یەکانی یەکسان نییە بە (٥) ئەو ژمارەیە چییە؟

٦ کام دوو هەفتەی یەك بە دوای یەك جیاوازی بەرهەمی شیری چێڵەکە تیایدا زیاترە لە ٣؟

٧ دوو ژمارە سەرجەمیان (٥٥) و جیاوازیان (٧). دوو ژمارەکە چەندن؟

بەشی ٢

پێداچوونەوە

دڵنیابوون لە هەبوونی زاراوەکان و چەمکەکان

دەربڕینی گونجاو لە لیستی بەرامبەر هەڵبژێرە لە ١ تا ٣.

خڕکردنەوە
خەملاندن
لێکدان
خوردکردن
دابەشکردن

١ بۆ ئەوەی نرخی نزیکەی ژمارەیەك بدۆزینەوە هەڵدەستین بە کرداری ___؟___ .

٢ کاتێ دوو ژمارە کۆ دەکەینەوە هەندێ جار پێویستیت دەبێت بە ___؟___ .

٣ کاتێ دوو ژمارە لێکدەردەکەین هەندێ جار پێویستیت دەبێت بە ___؟___ .

دڵنیابوون لە کارامەییەکان

٤ ئایا پێویستیت بە خڕکردنەوە هەیە تاکو ١٣٨+١٢٠ ئەژمێر بکەی؟

ئەگەر پێویستیت بە خوردکردنەوە هەیە بڵێ.

٥ ٢٤٢ − ٢١٤

٦ ٣١٢ − ١٨١

کۆبکەوە.

٧ ٤٧ + ٣٩ + ٢١ = ☐

٨ ٢٦ + ٣٤ + ١٧ = ☐

نزیککردنەوەی گونجاو بەکاربهێنە، سەرجەم بخەملێنە.

٩ ٧٦ + ١٧

١٠ ٢٦٧ + ١٩٣

١١ ٥٩٢ + ٣٢٥

نزیککردنەوەی گونجاوبەکاربهێنە، جیاوازی بخەملێنە.

١٢ ٦٧ − ٢٩

١٣ ٩٦٧ − ٢٨٣

١٤ ٧٤٨ − ٥٩٩

کۆبکەوە.

١٥ ٤١٩ + ٤٥١ = ☐

١٦ ٣٢١ + ٦٨٣ = ☐

١٧ ٦٣٣ + ٢٩٨

١٨ ٥ ٤٣٦ + ٧ ٦٩٥

١٩ ٤ ٧٨٢ + ٣ ٩١٧

لێکدەربکە.

٢٠ ٦٣٣ − ٥٣١

٢١ ٦٠٠ − ٣٦٤

٢٢ ٤ ٢٥٠ − ٢ ٨٧٢

ئامادەبوون بۆ تاقیکردنەوە

ئاگاداربە!

- هەموو ناوەڕۆکەکە بخوێنەوە.
- دڵنیابە لە تێگەیشتنت لە پرسیار.
- وەڵامەکانت ساغبکەوە.

وەڵامی گونجاو دەوربدە لە ڕاهێنانەکانی ١ تا ١١.

١ ڕۆژی پێنجشەم ٥٩٦ کەس سەردانی بازاریان کرد ٢٤٦ کەس لە ڕۆژی هەینی. چەند کەس سەردانی بازاڕەکەیان کردووە؟

أ ٧٤٢ ج ٨٤٢
ب ٨٣٢ د هیچ لەوانە

٢ کام ژمارە بچووکترە لە ٤ ٥٦٢؟

أ ٤ ٥٦٥ ج ٤ ٥٧٢
ب ٢ ٥٦٠ د ٤ ٦٢٥

٣ بچووکترین ژمارە کامەیە؟

أ ١ ١٩٨ ج ١ ٥٢٧
ب ٢ ٥٧١ د ٤ ١٢٣

٤ سەرجەمی ٦٣٧ و ٢٩٥ کامەیە؟

أ ٨٢٢ ب ٨٣٢ ج ٩٣١ د ٩٣٢

٥ کام سەرجەم دەکاتە ٣٠٠ بەنزیکی؟

أ ١٤٤ + ٦٦ ج ١٢٧ + ٨٨
ب ١٧٥ + ١٢٣ د ١٣٤ + ١١٦

٦ دوو ژمارە سەرجەمیان ٥٤ و جیاوازیان ٨. ئەم ژماران چین؟

أ ٢٠ و ٣٤ ب ٢٣ و ٣١ ج ٢٤ و ٣٢ د ٥٠ و ٤

٧ دەوەن ٢٣ تۆپی سوور و ٤٦ تۆپی سەوز و ٣٤ تۆپی شین لە تورەکەیەك دانا. چەند تۆپی لە تورەکەکە داناوە؟

أ ١٠٣ ب ١٠٤ ج ١٠٧ د ١١٣

٨ ژمارەیەکی جووت لە نێوان ١٠ و ٢٠، و جیاوازی نێوان دوو ڕەنووسییەکەی دەکاتە ٥. ئەو ژمارەیە کامەیە؟؟

أ ١٤ ب ١٥ ج ١٦ د ٢٧

٩ کام دوو ژمارە جیاوازی نێوانیان دەکاتە ٥٠٠ بە نزیکی؟

أ ٦٤٧ وَ ٣٧٤ ج ٧٨٢ وَ ٣٦٧
ب ٥٢١ و ١١٠ د ٦٥٩ و ١٨٨

١٠ ٥٢٨ − ٢٦٥ = ▢

أ ٢٦٣ ب ٣٦٣ ج ٣٤٣ د ٧٩٣

١١ نزیککراوەی ٤٦١٢ بۆ نزیکترین ١٠٠٠ کامەیە؟

أ ٣ ٠٠٠ ب ٤ ٠٠٠ ج ٥ ٠٠٠ د ٦ ٠٠٠

ئەوەی دەیزانی بینووسە

١٢ ٩٢–٣٨ بە هزری هەژماربکە ڕێگاکەت ڕاقەبکە.

١٣ چۆن ١٦ و ١٨ و ١٤ بە هزری کۆدەکەیتەوە؟

بەشی ٣


کات و دراو (پارە) و چارەسەرکردنی پێدراوەکان

بونەوەرە زیندووەکان بە خێرایی جیاواز لە یەکتر گەشە دەکەن.
ماوەی گەشە کردنیان دەگۆڕێت بە گۆڕانی چەند هۆکارێك وەك گەرمی وخاك و رووناکی.

پرسیار بۆ شیکارکردن بڕوانە خشتەی بەرامبەر.
کام گوڵ خێراترە لە دەرکردنی گەڵاکانی؟
کامیان هێدی ترە لە کرانەوەی گوڵەکان.

گەشەی گوڵەکان

گوڵ	ژمارەی ڕۆژەکانی دەرچوونی گەڵا	ژمارەی ڕۆژەکانی بۆ گەشەکردنی گوڵ
سەوسەن	نێوان ١٠ و ١٥	نێوان ٦٠ و٩٠
دەمەشێر	نێوان ٨ و ١٤	نێوان ٥٥ و ١٠٠
گولەبەرۆژە	نێوان ١٠ ، ١٨	١٢٠
باتونیا	نێوان ٤ و ١٠	نێوان ٤٥ و ٨٠
قەدیفە	نێوان ٧ و ١٨	٧٠
گولە نیسان	نێوان ١٤ و ٢١	نێوان ١٨٠ و ٢٠٠



زانیارییەکانت ساغبکەوە



ئەم لاپەڕەیە بەکاربهێنە بۆ دڵنیابوون لە هەبوونی
ئەم زانیارییانەی کەوا پێویستە لەم بەشەدا

زاراوەکان

دەربڕینێکی گونجاو لە لیستی بەرامبەر هەڵبژێرە.


میلی کاتژمێر
میلی خولەکژمێر

١ میلی بچووکی کاتژمێر پێی دەوترێت ___؟___ .

٢ میلی گەورەی کاتژمێر پێی دەوترێت ___؟___ .

ژماردن بە بازدان


ماردین هێڵی ژمارەکانی بەکارهێنا بۆ ژماردن بە بەزدان. پێنج پێنج بە ٧ دەستیپێکرد.



٣ پاش بازدانی هەشتەم دەکاتە چ ژمارەیەك؟

٤ ئایا ٢٥ بریتییە لە یەکێك لەو ژمارانەی پێیدەگات لە بازدانەکەیدا؟

ماردین هەڵسا بە بازدان بۆ پاش «دواوە» پێنج پێنج بە ٣٧ دەستیپێکرد.




٥ پاش بازدانی شەشەم دەکاتە چ ژمارەیەك؟

٦ ئایا ١٥ بریتییە لە یەکێك لەو ژمارانەی پێیدەگات لە بازدانەکەیدا؟


خوێندنەوەی کاتژمێر

کات چەندە؟

٧



٨



٩



ڕۆژەکانی هەفتە

١٠ چەند ڕۆژ لە هەفتەیەکدا هەیە؟

١١ چەند ڕۆژ لە دوو هەفتەدا هەیە؟

١٢ چەند ڕۆژ لە ٣ هەفتەدا هەیە؟

١٣ ناوی ئەو ڕۆژەی پاش شەممە دێت چییە؟

١٤ ناوی ئەو ڕۆژەی پاش سێشەممە دێت چییە؟

١٥ ناوی ئەو ڕۆژەی پێش چوارشەممە دێت چییە؟

وانەی ١

خوێندنەوەی کاتژمێر

پێداچوونەوەی خێرا

لەگەڵ هەر ژمارەیەك ٥ کۆبکەوە

١	٢٥	٢	١٠
٣	١٥	٤	٣٠

زاراوەکان

خولەك

کەرستەکان کاتژمێری میلدار

فێربە

لە رووی هەر کاتژمێرێك نیشانە و ژمارە و دوو میل هەیە. میلی بچووك و گەورە. هەموو ئەوانە یارمەتی خوێندنەوەی کات دەدەن.





لەیەك **خولەك**، میلی خولەکژمێر لە نیشانەیەك بۆ نیشانەی دوای خۆی دەجولێت لەسەر رووی کاتژمێرەکە.

لە ٥ خولەك، میلی خولەکژمێر دەجولێ لە ژمارەیەك بۆ ژمارەی دوای خۆی لەسەر رووی کاتژمێر.

بۆ ئەوەی کاتژمێر بخوێنیتەوە، یەکەم جار سەیری ئەو ژمارەیە بکە کە میلی کاتژمێر دیار دەکات (لەوێنەی بەرامبەر) لە دواییدا خولەکەکان بژمێرە بەدەست پێکردن لە ١٢. خولەکەکان پێنج پێنج بژمێرە، پاشان یەك خولەك یەك خولەك بژمێرە تا ئەو شوێنەی میلی خولەکژمێر دیاری دەکات (٢٦ لە وێنەی بەرامبەر).



بخوێنە: نۆ و ٢٦ خولەك بنووسە: ٩:٢٦



لەیەك کاتژمێر میلی کاتژمێر لە ژمارەیەك بۆ ژمارەی دوای خۆی دەجولێت

یەك کاتژمێر ٦٠ خولەکە

- میلەکانی کاتژمێر بجولێنە تا ٧:٤٢ و ٩:٠٧ دیاربکات.

هەوڵبدە

کاتژمێری ڕەنووسدار بخوێنەوە، لەهەر بارێك بنووسە.

ج 

د 

میلەکانی کاتژمێر بجولێنە بۆ ئەوەی کات دیاری بکەیت.پاشان کاتژمێری میلدار بخوێنەوە.

أ 

ب 

بەیەك ببەستەوە



کاتێك میلی کاتژمێر ژمارەیەك دیار دەکات زیاتر لە ٣٠ خولەك، دەتوانیت کاتژمێرەکە بخوێنیتەوە بە گوتنی ژمارەی خولەکەکانی ماوە، بۆ گەیشتن بە کاتژمێری لە دوای دێت.



بخوێنەوە: ١٨ خولەکی دەوێت بۆ دوو لە جیاتی یەك و ٤٢ خولەك

بنووسە: ١:٤٢

ڕاهێنان و شیکارکردنی پرسیارەکان

کاتژمێر بخوێنەوە و کات بنووسە.

١



٢



کاتژمێری میلدار بەکاربهێنە وە میلەکان بجولێنە تا کاتی دیاریکراو دیاردەکات، کاتژمێر بخوێنەوە بە گوتنی ژمارەی خولەکەکانی ماوە بۆ کاتژمێری دوای.

٣



٤



٥ **ڕێنوێنی** ئایا پاك کردنەوەی ددانەکانت خولەکێك یان ٥ خولەك دەخایەنێ؟ ئایا ئامادەکردنی نانی بەیانی خولەکێك یان ٥ خولەك دەخایەنێ؟

هەڵبژاردن لە هەمەجۆر

٦ کات چەندە؟



أ ٣:٤٠ ب ٧:١٨

ج ٣:٣٨ د ٤:١٥

وانەی ٢

ئەژمێرکردنی کات

پێداچوونەوەی خێرا

کات بنووسە دوای دوو کاتژمێر

١	١:٠٠	٢	٣:١٥
٣	٨:٥٥	٤	١١:٢٥

زاراوەکان

ماوە

کەرستەکان کاتژمێری میلدار

فـێربــە

باخان لە کاتژمێر ٨:١٥ تا کاتژمێر ٨:٤٥ پەرتووکەکەی خوێندەوە.
چەند خولەکی خوێندەوە؟





سەرەتا	ژمارەی خولەکەکان
٨:١٥	٣٠ خولەك

کەواتە باخان ماوەی ٣٠ خولەك پەرتووکی خوێندەوە.

ماوە «دەم» ئەو برە کاتەیە لە نێوان سەرەتای چالاکی و کۆتاییەکەی.


- کاتی نێوان ١:١٥ و ١:٤٥ چەندە؟



هەوڵبدە

کاتژمێری میلدار بەکاربێنە بۆ دیاریکردنی کات.

أ	لە ٩:١٥ تا ١٠:٠٠	ب	لە ٣:٤٥ تا ٤:٣٠
ج	لە ١٠:٠٠ تا ١١:١٥	د	لە ١١:٤٥ تا ١٢:١٥
هـ	لە ٥:١٠ تا ٥:٢٠	و	لە ٩:٥٥ تا ١٠:٣٥



پ.ن وە د.ن

باوکی گۆڤان لە ماڵی خۆی لە دهۆك لە کاتژمێر ٨:٠٠ بەیانی بەرێ کەوت بەرەو کەرکوك گەشتەکەی ٥ کاتژمێری خایاند، کاتژمێر چەند گەیشتە کەرکوك؟


دەرکەوتن ٨:٠٠


ماوە ٥ کاتژمێر


کاتی گەیشتن کاتژمێر ١:٠٠ پاش کاتژمێر ١٢:٠٠. دەڵێن کاتژمێر ١:٠٠ دوای نیوەڕۆ وە دەنوسین ١:٠٠ د.ن.
کاتژمێرەکان نێوان نیوەڕۆ و نیوەشەو بریتییە لە کاتەکانی دوای «پاش» نیوەڕۆ یان د.ن.
کاتژمێرەکانی نێوان نیوەشەو و نیوەڕۆ بریتییە لە کاتەکانی بەری «پێش» نیوەڕۆ یان پ.ن.

• سێ چالاکی بڵێ کە لە کاتژمێرەکانی پ.ن پێی هەڵدەستیت.
• کاتژمێر ٩:٠٠ پ.ن لە کوێ دەبیت. و کاتژمێر ٩:٠٠ د.ن لە کوێ دەبیت.



نموونە: هەڤاڵ لە کاتژمێر ١١:٣٠ پ.ن تا کاتژمێر ١٢:١٥ د.ن یاری کرد. ئەو ماوەیەی یاری کرد چەندە؟

سەرەتا
١١:٣٠



ژمارەی خولەکەکان
٤٥ خولەك




بەیەك ببەستەوە

وانەکان لە کاتژمێر ٨:٠٠ پ.ن دەست پێ دەکات و ٤ کاتژمێر و ٢٥ خولەك دەخایەنێت. لە چ کاتێك وانەکان کۆتاییان دێت؟


سەرەتا
٨:٠٠



کاتژمێرەکان
بژمێرە



پاشان
خولەکەکان
بژمێرە



وە هەروەها، وانەکان لە کاتژمێر ١٢:٢٥ د.ن کۆتاییان دێت.

لەبیرمەکە ئەگەر زانیت چالاکی لە چ کاتێك دەست پێ دەکات و ماوەکەی چەندە؟ دەتوانی بزانی لە چ کاتێك کۆتایی دێت.

ڕاهێنان و شیکارکردنی پرسیارەکان

کاتژمێری میلدار بەکاربێنە بۆ ئەژمێرکردنی ماوەی کاتەکان.

١ لە ٧:٠٠ پ.ن تا ٧:٤٥ پ.ن

٢ لە ٥:١٥ د.ن تا ٦:٢٠ د.ن

٣ لە ١١:١٥ پ.ن تا ١٢:٣٠ د.ن

٤ یاری تۆپی باڵە لە کاتژمێر ١٠:٣٠ دست پێدەکات، وە کۆتایی دێت لە کاتژمێر ١٢:١٥. یارییەکە چەندی خایاند؟

٥ **بەرەنگار** کاتژمێری میلدار بەکاربێنە بۆ نزیککردنەوەی ٨:٢٥ بۆ نزیکترین نیو کاتژمێر.

هەڵبژاردن لە هەمەجۆر

٦ گەشتەکە لە کاتژمێری ٦:٢٥ د.ن دەستپێکرد و ٥٠ خولەکیش بەردەوام بوو. گەشتەکە لە چ کاتێکدا تەواوبوو؟

أ ٥:٣٥ د.ن
ب ٦:٠٠ د.ن
ج ٧:١٥ د.ن
د ٧:١٠ دن

وانەی ٣

دراوەکان



فێربە

هاوڵاتی چەند جۆرێك لە دراو بەکاردەهێنێت.








کاتێك لە بازار دەبیت پێویستیت بە ژماردنی دراو دەبێت بۆ ئەوەی بیدەی بە فرۆشیارێك یان ئەوەی فرۆشیارەکە بۆت دەگەڕێنێتەوە.

لەبەرکردنی ئەم ڕاستیانەی خوارەوە یارمەتیت دەدات بۆ ژماردنی پارە «دراو» بە خێرایی و دوورکەوتنەوە لە هەڵەکردن.

٥٠	+ ٥٠	= ١٠٠	
٢٥٠	+ ٢٥٠	= ٥٠٠	
٥٠٠	+ ٥٠٠	= ١٠٠٠	
٥ ٠٠٠	+ ٥ ٠٠٠	= ١٠ ٠٠٠	
٢٥ ٠٠٠	+ ٢٥ ٠٠٠	= ٥٠ ٠٠٠	

یان

٢	٥٠	=	١٠٠
٢	٢٥٠	=	٥٠٠
٢	٥٠٠	=	١ ٠٠٠
٢	٥٠٠٠	=	١٠ ٠٠٠
٢	٢٥ ٠٠٠	=	٥٠ ٠٠٠

نموونە

أ بەهای کوژمەیەك چەندە کە پێکهاتووە لە ٣ پارچەی ٢٥٠ دیناری؟

سەرنج بدە ٢٥٠ + ٢٥٠ = ٥٠٠

وە ٥٠٠ + ٢٥٠ = ٧٥٠

کەواتە ٢٥٠ + ٢٥٠ + ٢٥٠ = ٧٥٠

بۆیە بەهای کوژمەکە دەکاتە ٧٥٠ دینار

ب چ پارچە دراوێك بەکاردەهێنیت بۆ ئەوەی ١٧٥٠ دینار پێکبهێنیت؟

سەرنج بدە ١٠٠٠ + ٥٠٠ = ١٥٠٠

وە ١٥٠٠ + ٢٥٠ = ١٧٥٠

کەواتە پارچەیەکی ١٠٠٠ دیناری و پارچەیەکی ٥٠٠ دیناری و پارچەیەکی ٢٥٠ دیناری بەکاردەهێنم.

بەیەك ببەستەوە

بەهای هەر كوژمەیەك بدۆزەوە.

١ ٤ ٢٥٠	٢ ٤ ٥ ٠٠٠	٣ ٦ ٥٠٠
٤ ٣ ١ ٠٠٠	٥ ٧ ٢٥٠	٦ ٣ ٢٥ ٠٠٠

٧ ٦ پارچەی ٢٥٠ دیناری.

٨ ٥ پارچەی ٥٠٠ دیناری.

٩ ٤ پارچەی ١ ٠٠٠ دیناری و یەك پارچەی ٢٥٠ دیناری.

١٠ ٤ پارچەی ٥٠٠ دیناری و پارچەیەكی ٢٥٠ دیناری.

ڕاهێنان و شیكاركردنی پرسیارەكان

بەهای هەر كوژمەیەك بدۆزەوە.

١١ ١٠ پارچەی ٥٠٠ دیناری.

١٢ ١٠ پارچەی ٢٥٠ دیناری.

١٣ ٨ پارچەی ٥٠٠ دیناری و پارچەیەكی ٢٥٠ دیناری.

١٤ ٤ پارچەی ٥ ٠٠٠ دیناری و پارچەیەكی ٢٥ ٠٠٠ دیناری.

١٥ كەمترین پارچە دراو بەكاردەهێنرێت بۆ پێكهێنانی كوژمەی ٢٢٥٠ دینار چەندە؟

١٦ چەند پارچە ٢٥٠ دیناریت پێویستە بۆ پێكهێنانی ١ ٠٠٠ دینار؟

١٧ باوكت ٣ پارچە ٥٠٠ دیناری و ٤ پارچە ١ ٠٠٠ دیناری پێدای. سەرجەمی ئەوەی پێیداوی چەندە؟

١٨ كام كوژمە هاوتای ١٠ پارچە ٥٠٠ دیناری و دوو پارچە ١٠ ٠٠٠ دیناری و پارچەیەكی ٢٥٠ دیناریە؟

أ ٢٥ ٧٥٠ دینار. ب ٢٥ ٢٥٠ دینار.

ج ٢٥ ٥٠٠ دینار. د ٢٦ ٠٠٠ دینار.

١٩ جانتایەكی پێنووست كڕی بە ٤ ٥٠٠ دینار وە ٣ تێنووست كڕی نرخی هەر یەكەی ١ ٢٥٠ دینار، پارچەیەكی ٢٥ ٠٠٠ دیناریت دا بە فرۆشیارەكە، چەندی بۆت گەڕاندەوە؟

٢٠ سارا كوژمەیەكی پاشەكەوت كرد پێكهاتبوو لە ٣ پارچە ٥ ٠٠٠ دیناری و دوو پارچە ١ ٠٠٠ دیناری و ٦ پارچە ٥٠٠ دیناری و ٤ پارچە ٢٥٠ دیناری ویستی كەراسێك و پێڵاوێك بكڕێت نرخەكانیان پێكەوە ٢٠ ٠٠٠ دینار بوو، ئایا ئەوەی پاشەكەوتی كردبوو بەشی دەكات؟

هەڵبژاردن لە هەمەجۆر

٢١ باوكی سازان بۆ سازدانی ئاهەنگێك بە بەهای ١٧٩ هەزار دینار برنجی كڕی. گۆشتی بە بەهای ١٣٩ هەزار دینار كڕی، میوەو سەوزی بە بەهای ٨٥ هەزار كڕی، ٥٠٠ هەزار دیناری پێبوو. چەند هەزار دیناری پێماوە؟

أ ٤٠٣ ب ١٨٢ ج ١٩٧ د ٩٧

وانەی ٤

کارامەیی لە شیکارکردنی پرسیارەکان

بەکارهێنانی ڕۆژمێر



پێداچوونەوەی خێرا

١ ١٧ − ٩ = ▢

٢ ٢ + ١٤ = ▢

٣ ٣١ − ١١ = ▢

٤ دووهەفتە = ▢ ڕۆژ

تێبگە | پلاندابنێ | شیکاربکە | ساغبکەوە

کەشت باوکی بەفرین پلان دادەنێ بۆ گەشتێك بۆ دەرەوەی وڵات، ئامادەبوون بۆ گەشتەکە، ئەوکارانەی کە پێی هەڵدستێ تۆماری کرد. سەیری تۆمارکراوەکانی باوکی بەفرین بکە. یارمەتی بدە یەکەمجار چی بکات

ئەوەی پێویستە پێی هەڵستی

بەرواری ئەمرۆ: ٢٦ تشرینی دووەم
بەرواری گەشت: ٢٢ی کانوونی یەکەم

پێویستە لەسەرم

- پێویستەکان دەکڕم پێش دە ڕۆژ.
- ئۆتۆمبێل دەگرم پاش حەفتەیەك لەم ڕۆژەدا.
- ئۆتێل دابین دەکەم پێش دوو حەفتە لە گەشت.

تشرینی دووەم ٢٠١٤						
شەممە	١شەممە	٢شەممە	٣شەممە	٤شەممە	٥شەممە	هەینی
١	٢	٣	٤	٥	٦	٧
٨	٩	١٠	١١	١٢	١٣	١٤
١٥	١٦	١٧	١٨	١٩	٢٠	٢١
٢٢	٢٣	٢٤	٢٥	٢٦	٢٧	٢٨
٢٩	٣٠					

کانوونی یەکەم ٢٠١٤						
شەممە	١شەممە	٢شەممە	٣شەممە	٤شەممە	٥شەممە	هەینی
		١	٢	٣	٤	٥
٦	٧	٨	٩	١٠	١١	١٢
١٣	١٤	١٥	١٦	١٧	١٨	١٩
٢٠	٢١	٢٢	٢٣	٢٤	٢٥	٢٦
٢٧	٢٨	٢٩	٣٠	٣١		

ڕۆژمێر بەکاردێنم بۆ دابینکردنی بەرواری هەر کارێك

دیارکردنی بەرواری کڕینی پێداویستی گەشت
سەرەتا: ٢٢ی کانوونی یەکەم
١٠ ڕۆژ بگەڕێوە بۆ دواوە بەرواری کڕینی پێداویستی: ١٢ی کانوونی یەکەم

دیارکردنی بەرواری بە کرێ گرتنی ئۆتۆمبیل.
سەرەتا: ٢٦ تشرینی دووەم
٧ ڕۆژ بۆ پێشەوە بژمێرە بەرواری بەکرێ گرتنی ئۆتۆمبێل: ٣ کانوونی یەکەم

دیارکردنی بەرواری دابین کردنی ئۆتێل
سەرەتا: ٢٢ی کانوونی یەکەم
دوو حەفتە بۆ دواوە بژمێرە بەرواری دابین کردنی ئۆتێل: ٨ کانوونی یەکەم.

ئەوەی پێی هەڵدەستی بەڕیز بنووسە.

ئەوەی پێی هەڵدەستی	بەروار
بەکرێ گرتنی ئۆتۆمبێل	٣ی کانوونی یەکەم
دابینکردنی ئۆتێل	٨ی کانوونی یەکەم
کڕینی پێداویستی	١٢ی کانوونی یەکەم

کەواتە، باوکی بەفرین دەبێت لە پێشا ئۆتۆمبێل بەکرێ بگرێ.

باسبکە

- بەرواری ئەو ڕۆژەی دەکەوێتە پاش ٣ هەفتە لەم ڕۆژە؟

ڕاهێنان و شیکارکردنی پرسیارەکان

لیست و ڕۆژمێر بەکاربێنە بۆ شیکارکردنی پرسیارەکانی ١ تا ٤.

ئاب ٢٠١٥						
شەممە	١شەممە	٢شەممە	٣شەممە	٤شەممە	٥شەممە	هەینی
١	٢	٣	٤	٥	٦	٧
٨	٩	١٠	١١	١٢	١٣	١٤
١٥	١٦	١٧	١٨	١٩	٢٠	٢١
٢٢	٢٣	٢٤	٢٥	٢٦	٢٧	٢٨
٢٩	٣٠	٣١				

ئەوەی پێویستە پێی هەڵستی
بەرواری ئەمڕۆ: ٢٥ ئاب
بەرواری ئاهەنگ: ١٦ ئەیلول

پێویستە لەسەرم:

- مێز و کورسی بە کرێ بگرم پێش ئاهەنگ بە دوو هەفتە.
- کارتی داوەت دەنێرم پاش ٥ ڕۆژ لەم ڕۆژەدا.
- داوەت قالبی شیرینی دەکەم پاش ١٠ ڕۆژ لە ناردنی داخوازی.

ئەیلول ٢٠١٥						
شەممە	١شەممە	٢شەممە	٣شەممە	٤شەممە	٥شەممە	هەینی
			١	٢	٣	٤
٥	٦	٧	٨	٩	١٠	١١
١٢	١٣	١٤	١٥	١٦	١٧	١٨
١٩	٢٠	٢١	٢٢	٢٣	٢٤	٢٥
٢٦	٢٧	٢٨	٢٩	٣٠		

١ ئەو کارانەی پێوستە بیکەی بەڕیز بنووسە، بە دیاریکردنی بەرواری هەرکارێك.

٢ وا دابنێ بەرواری ئاهەنگی ١١ی ئەیلولە ئەو کارانەی پێویستە بیکەی بەڕیز بنووسە، بە دیاریکردنی بەرواری هەر کارێك.

قوتابیانی پۆلی سێیەم هەڵدەستن بە سەردان بۆ مۆزەخانەی مێژوو لە ٥ی ئاب، وە بۆ مۆزەخانەی هونەری ئیسلامی لە ٩ی ئەیلول بۆ مۆزەخانەی زانستی لە ٢٦ی ئاب.

٣ لەمانەی دێت کام ڕیزبەندی ڕاستە بۆ سەردانەکان؟

أ زانست ، مێژوو ، هونەر
ب مێژوو ، زانست ، هونەر
ج زانست ، هونەر ، مێژوو
د مێژوو ، هونەر ، زانست

٤ ژمارەی ڕۆژەکانی نێوان ڕۆیشتن بۆ مۆزەخانەی مێژوو وە ڕۆیشتن بۆ مۆزەخانەی زانست چەندە؟

أ ١٤ ڕۆژ
ب ٢٠ ڕۆژ
ج ٣١ ڕۆژ
د ٣٥ ڕۆژ

ڕاهێنان بە چەند ڕێگەیەکی جیاواز

٥ جەژنی ڕەمەزان لە ڕێکەوتی ٢٨ تەمووز بوو، پاش دوو مانگ و ١٠ ڕۆژ جەژنی قوربان دێت، ئایا جەژنی قوربان دەکەوێتە مانگی ئەیلول یان تشرینی یەکەم؟

٦ ئاراس لە ئاهەنگی دەرچوونی پێویستی بە ٨ کورسی بۆ گەورەو ١٤ کورسی بۆ بچووکەکان هەیە، ئایا ئاراس ئەو کورسیانەی پێوسیتیەتی دەتوانێ بیان خەملێنێ؟ وەڵامەکەت ڕوونبکەوە.

وانەی
۵

وێنـەدار

پێداچوونەوەی خێرا

١) ٣٧ + ٢٦ = ▢
٢) ٨٥ − ١٤ = ▢
٣) ٥٦ + ١٩ = ▢
٤) ٢٨ − ١٩ = ▢

ژماردن بە وێنە وێنەدار هۆیەکە بۆ نیشاندانی زانیارییەکان، تیایدا وێنە بەکاردێت کە گوزارشت لە ژمارە دەکات.
لە وێنەداری بەرامبەر، هەر 🚹 گوزارشت دەکات لە یەك قوتابی. 🚹 بریتییە لە هێمای ئەو وێنەدارە.
دەتوانیت ئەمانە بژمێریت 🚹 بۆ ئەوەی ژمارەی قوتابیان بدۆزیتەوە لەهەر چەشنێك.

هۆکاری چوون بۆ قوتابخانە	
بەپێ	🚹 🚹 🚹
بە پاسکیل	🚹 🚹 🚹
بە ئۆتۆمبێل	🚹 🚹 🚹 🚹
بە پاس	🚹 🚹 🚹 🚹 🚹 🚹 🚹

- چەند قوتابی بە پاس دەڕوات بۆ قوتابخانە؟
سەیری ریزی پاس بکە.
لەوێ ٧ دەبینیت.
∴ ٧ قوتابی بە پاس دەڕۆن بۆ قوتابخانە.



هەندێ جار هەر هێمایەك گوزارشت دەكات لە زیاتر لە یەك کەس، سەیری وێنەداری خوارەوە بکە.
لە خوارەوە دیارە دەستەواژەی: 🕷 = ٣ مێروو
ئەم دەستەواژەیە کلیلی وێنەدارەکەیە.
لەم کلیلە واتە هەر یەك لە 🕷 بریتییە لە ٣ مێروو.

ژمارەی مێرووەکان لە تاقیگە	
مێش	🕷 🕷 🕷
مێشوولە	🕷 🕷
دووپشك	🕷
مێروولە	🕷 🕷 🕷 🕷

🕷 = ٣ مێروو

- چەند دووپشك لە تاقیگەدا هەیە؟
لە ریزی دووپشك ١ 🕷 هەیە، هەر 🕷 بریتییە لە ٣.
کەواتە، ژمارەی دووپشکەکان ٣ یە.
- چەند مێش لە تاقیگەدا هەیە؟
لە ریزی مێش ٣ 🕷 هەیە، هەر 🕷 بریتییە لە٣.
کەواتە، ژمارەی مێشەکان: ٣ + ٣ + ٣ = ٩

ساغ بکەوە

خەسرەو ڕاهێنان دەکات ٣ ڕۆژ لە هەفتەیەکدا بۆ بەرزکردنەوەی قورسایی. وێنەداری بەرامبەر ژمارەی بەرزکردنەوەکانی لە هەفتەی یەکەم پیشاندەدات.

- چەند بەرزکردنەوەی ئەنجامداوە لە ڕۆژی چوارشەممەدا؟
- چەند بەرزکردنەوەی لە ڕۆژی شەممەدا زیاتر ئەنجامداوە لە ڕۆژی چوارشەممە؟
- ئەگەر کلیلی = ٥ بەرزکردنەوە، چەند بەرزکردنەوەی ئەنجامداوە ڕۆژی چوارشەممە؟

ژمارەی بەرزدکردنەوەکانی خەسرەو لە هەفتەی یەکەم

چوارشەممە	🏋 🏋
پێنجشەممە	🏋 🏋 🏋
شەممە	🏋 🏋 🏋 🏋

🏋 = ١٠ بەرزکردنەوە

ڕاهێنان و شیکارکردنی پرسیارەکان

وێنەداری بەرامبەر بەکاربهێنە بۆ شیکارکردنی ڕاهێنانی ١ تا ٥.

١ چەند پڵنگ لە باخچەی ئاژەڵاندا هەیە؟

٢ چەند شێر؟

٣ جیاوازی نێوان ژمارەی شێرەکان و ژمارەی یۆزەکان چەندە؟

٤ ژمارەی هەموو گیاندارەکان لە باخچەی ئاژەڵان چەندە؟

٥ ئەگەر کلیل لەم وێنەدارە = ٥ گیانداربێت؟ ژمارەی هەموو گیاندارەکان بە بێ شێرەکان چەندە؟

ژمارەی گیاندارە گوربەییەکان لە باخچەی ئاژەڵان

پڵنگ	🐈 🐈
یۆز	🐈 🐈 🐈
جاگوار	🐈
شێر	🐈 🐈 🐈 🐈

🐈 = ٣ گیاندەرە گوربەییەکان «سنوریات»


٦ باوان خولیای بەخێوکردنی ئاژەڵەماڵییەکانە لە باخچەکەی. ٤ پشیلەو ١٢ مریشك و ٤ مراوی و ٨ کەرویشکی هەیە. وێنەدارێك وێنەبکێشە ئەم پێدراوانە بنوێنێت. ناوێکی گونجاو و کلیلێکی گونجاوی بۆ هەڵبژێرە.

٧ **ڕێنوێنی** وێنەدارێك ٤٢ توخم دەنوێنێت، کلیلەکەی ☐ = ٦ توخم. چی ڕوودەدات لە ژمارەی ☐ لەهەر ڕیزێك ئەگەر کلیل گۆڕا بۆ ☐ = ٣ توخم؟

هەڵبژاردن لە هەمەجۆر

٨ کام پارك زیاتر لە ٥٠ ئۆتۆمبیلی تیدایە؟

أ ١	ب ٢
ج ٣	د ٤



وانەی ٦

بەدەستی

کۆکردنەوەی زانیارییەکان و ڕێکخستنیان



پێداچوونەوەی خێرا

ژمارەکە بنووسە

١ |||	٢ 𝍸
٣ 𝍸 ||	٤ 𝍸 𝍸	

زاراوەکان

پێدراو

خشتەی سەرژمێری

خشتەی دووبارەبوونەوە

کەرستەکان پێنووس، کاغەز

فێربە

ئەو زانیاریانەی کە لە باری کەسان وشتان کۆ دەکەیتەوە پێیان دەترێت **پێدراو**.

مامۆستا پرسیاری لە قوتابیەکانی کرد دەربارەی ئەو گیانلەبەرانەی کە خۆشیان دەوێت، دوو خشتەی دروستکرد بۆ دەرخستنی ئەنجامەکان.

لە **خشتەی سەرژمێری** هەندێك هێل بۆ تۆمارکردنی پێدراوەکان بەکاردەهێنرێن.

ژمارەکان بۆ تۆماری پێدراوەکان لە **خشتەی دووبارە** بوونەوە بەکاردێت.

گیانلەبەری پەسند	
ناو	سەرژمێری
ئەسپ	𝍸	
شێر	𝍸 ||
فیل	𝍸 𝍸 ||
مامز(ئاسك)	|||

گیانلەبەری پەسند	
ناو	دووبارەبوونەوە
ئەسپ	٦
شێر	٧
فیل	١٢
مامز(ئاسك)	٣

دەتوانی زانیاری لەسەر ئەو گیانلەبەرانەی کە هاوڕێیەکانت لەپۆل پەسندی دەکەن کۆ بکەیتەوە و ڕێکیان بخەیت لە خشتەی سەرژمێریدا.

نموونە

هەنگاوی ١

خشتەی سەرژمێری دروستبکە لە پاشان (٤) پرسیاری گونجاو دیاری بکە.

هەنگاوی ٢

پرسیارێك لەهەر هاوڕێیەك لە هاوڕێیەکانت بکە تا بزانی کام گیانلەبەری لاپەسندە؟ هێلێك بکێشە لە شوێنی گونجاو بۆ هەر وەلامێك.

گیانلەبەری پەسند	
ناو	سەرژمێری

- بۆچی خشتەی سەرژمێری گونجاو بۆ تۆمارکردنی پێدراوەکان دروستدەکەی؟

هەوڵبدە

پرسیارێك هەڵبژێرە تا لە هاوڕێکانتی بکەی.

أ ٤ وەلام بنووسە لە خشتەی سەرژمێری.

ب پرسیار لە هاورێکەت بکە و خشتەکە تەواوبکە.





بەیەك ببەستەوە

ئەو پێدراوانەی کە کۆتکردوونەوەو لە خشتەی سەرژمێری پێشوودا تۆمارکردوون بەکاربێنە بۆ دروسکردنی خشتەی دووبارە بوونەوەیی.

نموونە

هەنگاوی ١
ناونیشانی خشتەکە وناو نیشانی هەردوو ستوونەکە بنووسە. لە پاشان هەر چوار وەڵامەکە بنووسە.

هەنگاوی ٢
هێڵەکان لەهەر ریزێك لە خشتەی سەرژمێریدا بژمێرە ژمارەی گونجاو لەهەر ریزێك لە خشتەی دووبارە بوونەوە بنووسە.

گیانلەبەری پەسند	
ناو	سەرژمێری

- خشتەی سەرژمێری گونجاوە بۆ تۆمارکردنی پێدراوەکان بۆچی؟

ڕاهێنان و شیکارکردنی پرسیارەکان

١ ٣ چالاکی هەڵبژێرە لەو چالاکییانەی کە قوتابی دەتوانی لە دوای گەڕانەوەی بۆ ماڵ بیانکات داوا لە هاوڕێکانت بکە یەکێك لەم چالاکییانە هەڵبژێرن.

٢ خشتەیەکی دووبارە بوونەوە دروستبکە بۆ خستنە ڕووی پێدراوە تۆمارکراوەکانی لە خشتەی سەرژمێری بەرامبەر.

٣ کام میوە زیاتر پەسندە؟
کەمتر پەسندە؟

میوەی پەسند	
ناو	ژمارەن
ترێ	~~||||~~ ~~||||~~ ~~||||~~ |
پرتەقاڵ	||
سێو	~~||||~~
مۆز	~~||||~~ |||

هەڵبژاردن لە هەمەجۆر

٤ خشتەی بەرامبەر سەرژمێری ئەوانەی کە هەندێ لە ئاژەڵە ماڵیەکانیان خۆشدەوێ پیشاندەدات. کام ئاژەڵ ژمارەیەکی زۆرتر خۆشیاندەوێت؟

أ پشیلە　　ج چێڵ
ب سەگ　　د ئەسپ

گیانلەبەری پەسند	
پشیلە	~~||||~~ ~~||||~~ ||
سەگ	~~||||~~ ~~||||~~ ||||
چێڵ	~~||||~~ ||||
ئەسپ	~~||||~~ ||

وانەی
٧

پۆلێنکردنی پێدراوەکان

پێداچوونەوەی خێرا

ئایا هەریەك لەم ژمارانە لە ٣٤٥ گەورەترە یان بچووکترن؟

١ ٢٩٨ ٢ ٤٠٤

٣ ٣٤٤ ٤ ٣٥٤

زاراوەکان

پۆلین کردن

فێربە

تۆپە جوولاوەکان دەتوانی پێدراوەکان بە چەند ڕێگایەك پۆلێن بکەی وەك ڕەنگ یان قەبارە یان شێوە، مامۆستای پۆلی سێیەم تورەکەیەك تۆپی ڕەنگاوڕەنگی دایە دوو کۆمەڵە قوتابی، داوای لێکردن بیربکەنەوە بە چ ڕێگەیەك دەتوانن ئەم تۆپانە کۆبکەنەوە و پۆلێنیان بکەن.



پۆلا و زانا ئەم خشتەیان دروستکرد.

تورەکەی تۆپەکان

	بچووك	ناوەنجی	گەورە
شین	٢	٢	٥
سوور	٣	١	٥
هەمەڕەنگ	٣	٣	٢

- چۆن پۆلاو زانا پێدراوەکانیان پۆلێن کرد؟

ساغبکەوە

١ ژمارەی تۆپە بچووکە شینەکان چەندن؟

٢ ژمارەی تۆپە گەورە سوورەکان چەندن؟

٣ ژمارەی تۆپە ناوەنجییەکان چەندن؟

٤ ژمارەی تۆپە گەورەکان چەندی زیاترە لە ژمارەی تۆپە بچووکەکان؟

ڕاهێنان و شیکارکردنی پرسیارەکان

یارییەکانی زیرەك بریتین لە ژمارەیەك ئۆتۆمبێل و پایسکلی بچووك پێدراوەکانی خشتەی بەرامبەر بەکاربێنە بۆ شیکارکردنی ڕاهێنانی ٥ تا ٧.

٥ ژمارەی پایسکلە سوورەکان چەندن؟

٦ ژمارەی ئۆتۆمبێل وپایسکلی شینەکان چەندن؟

٧ ژمارەی ئۆتۆمبێلەکان وپایسکلەکانی زیرەك چەندن؟

ئۆتۆمبێلەکان وپایسکلەکانی زیرەك

	کەسك	شین	سوور	زەرد
ئۆتۆمبێل	١	٦	٢	٥
پایسکل	٣	٤	٤	٠

پێدراوەکانی خشتەی بەرامبەر بەکاربێنە بۆ شیکارکردنی ڕاهێنان ٨ تا ١٠

	تەباشیر	تێنووسی دار	ناوی	پەرووچە
کەسەکان	٣	٥	٨	١
گیانلەبەرەکان	٤	٥	٤	٣
گولەکان	٦	٢	٩	٥


تابلۆکانی هونەری لە پیشانگای شاردا

٨ چەند تابلۆ لە پیشانگای شاردا هەیە؟

٩ لە تابلۆیەکانی پێشانگای شاردا کام بابەت زۆرترین ژمارەی هەیە؟

١٠ ١٢ چەشنە تابلۆ لە پێشانگای شاردا هەیە کام چەشن کەمترین ژمارەی هەیە؟

١١ سەیری شێوە ئەندازەییەکانی بەرامبەربکە و خشتەیەك دروستبکە بۆ پۆلێنکردنی ئەم شێوانە.



هەڵبژاردن لە هەمەجۆر

١٢ خشتەی بەرامبەر پێدراوەکان لەسەر ئۆتۆمبێلەکانی سازان پیشاندەدات، ژمارەی ئۆتۆمبێلە بچووکەکان چەندن؟

	سوور	ڕەش	شین	زەرد
بچووك	١١	٧	١٢	٥
گەورە	٣	٥	٦	٢

أ ٣٥   ج ٥١

ب ١٨   د ١٩


شیکارکردنی پرسیارەکان

دەروازەیەك لە خوێندنەوە



بەکارهێنانی نواندنە ڕوونکردنەوەییەکان

دەتوانیت نواندنە ڕوونکردنەوەییەکان بۆ بەراوردکردنی پێدراوەکان شیکردنەوەیان بەکاربێنیت کاتێ پەنا دەبەیتە بەر نواندنی ڕوونکردنەوەیی تۆ وێنەکە (دەخوێنیەوە)، لە جیاتی خوێندنەوەی وشەکان. سالار ڕاپرسییەکی دەربارەی ئەو کتێبانەی کە هاورێیەکانی لە وەرزی هاویندا خویندویانە نواندنی پێدراوەکانی بە دوو شێوەی ڕوونکردنەوەیی کرد.



أ سالار لە چەند قوتابی پرسی؟

ب چەند قوتابی ٧ کتێبی خوێند؟

ج ئایا قوتابی هەبوو تەنها یەك کتێبی خوێندبێتەوە؟

وانەی ٨

خوێندنەوەی ستوونە ڕوونکردنەوەییەکان



پێداچوونەوەی خێرا

١ ٤ × ١٠ = ☐

٢ ٧ × ٧ = ☐

٣ ☐ × ٦ = ٣٦

٤ ٩ × ☐ = ٨١

زاراوەکان


ستوونەکانی ڕوونکردنەوەیی

پەیژەی ژمارەیی

هەنگاوی پەیژەی ژمارەیی

فێربە

سالْ لە دوای سالْ **ستوونەکانی ڕووکردنەوەیی** یەکێکن لە شێوەکانی نواندنی پێدراوەکانی ڕوونکردنەوە. ئەو شێوە ستوونییە بەکاردێت بۆ نواندنی پێدراوەکان. هەروەها **پەیژەی ژمارەیی** بەکاردێت بۆ یارمەتیدان لە خوێندنەوەی ئەو ژمارەی کە هەر ستوونێك دەینوێنێ. ئەو ستوونە ڕوونکردنەوەییەی خوارەوە پێدراوەکانی تەمەنی هەندێ گیانلەبەر دیاردەکات ئەم شێوەیە دوو تەوەرەیە، تەوەرەی ئاسۆیی جۆری ئاژەڵەکان دیاردەکات و تەوەرەی ستوونی ڕەنووسکراوی ساڵەکان دیاردەکات.






بەم ژمارانە دەوترێت پەیژەی ژمارەیی

سفر، ٢، ٤، ٦، ٨، ١٠، ١٢، ١٤، ١٦. لە ژمارەیەکەوە بۆ ژمارەیەکی تر زیادکردنی دوو دوو بەو ژمارانە دەوترێت **هەنگاوی پەیژەی ژمارەیی**.


- ئەو پەیژەییە بەکارهاتووە لە ستوونی ڕوونکردنەوەیی بەرامبەر چییە؟ بۆچی ئەم پەیژەیە باشە؟
- چۆن ژمارەی بەرامبەر بە ستوونی سەگەکە دەخوێنیتەوە؟

نموونە

أ



ب




- ئەم دوو نواندنە بەچی لە یەك دەچن؟ بەچی جیاوازن؟

ساغبکەوە

١ بۆق چەند ساڵ دەژی؟

٢ کرم چەند ساڵ دەژی؟


ڕاهێنان و شیکارکردنی پرسیارەکان



ستوونەکانی ڕوونکردنەوەیی دەربارەی درێژی هەندێ لە ئاژەڵەکانی دەریایی، بەکاربێنە بۆ شیکارکردنی ڕاهێنانی ٣ و ٤

٣ درێژی نەهەنگ چەندە؟

٤ درێژی نەهەنگی بۆر چەند زۆرترە لە دۆلفین



ستوونەکانی ڕوونکردنەوەیی بەکاربێنە دەربارەی ئەو ئاژەڵەی کە پەسندی دەکەی بۆ شیکارکردنی ڕاهێنانی ٥ و٦.


٥ کام ئاژەل زۆرتر پەسندە؟

٦ کام دوو سەرجەم گەورەترە، سەرجەمی ئەوانەی تمساح وشێر پەسنددەکەن یان ئەوانەی فیل وزەڕافە پەسند دەکەن؟



هەڵبژاردن لە هەمەجۆر

٧ ستوونە ڕوونکردنەوەییەکانی بەرامبەر ژمارەی کەراسەکان پیشاندەدات جمیل فرۆشتویەتی لە میانەی ٥ ڕۆژدا. چەند کەراسی فرۆشتووە لە ڕۆژی سێشەممە؟



أ ٣٠ ج ٢٠

ب ١٠ د ٤٠

پێداچوونەوە

خشتەی ژماردن
خشتەی دووبارەبوونەوە
ستوونەکانی
ڕوونکردنەوەیی

دڵنیابوون لە زاراوەکان و چەمکەکان

دەربڕینی گونجاو هەڵبژێرە لە لیستی بەرامبەر.

١ ___؟___ ئەو خشتەیە کە نیشانەکانی ژماردن بەکاردێنێت بۆ تۆمارکردنی پێدراوەکان.

٢ ___؟___ ئەو خشتەیە کە ژمارەکان بەکاردێنێت بۆ تۆمارکردنی پێدراوەکان.

دڵنیابوون لە کارامەییەکان

هێمای > یان < یان = بەکاربێنە بۆ بەراوردکردن.

٣ ١ لە جۆری ١٠٠٠ دیناری و ٢ لە جۆری ٥٠٠ دیناری ○ ٣ لە جۆری ٢٥٠ دیناری و ١ لە جۆری هەزار دیناری.

٤

وانەی وەرزش

٥

کاتی نووستن

٦

کاتی خواردنی نانی نیوەڕۆ

٧


کاتی خواردنی نانی ئێوارە

وێنەداری بەرامبەر بەکاربهێنە بۆ شیکارکردنی ڕاهێنانی ٨ تا ١٠.

٨ ژمارەی فیسقەگوڵەکان چەندە؟

٩ ژمارەی بولبولەکان چەندی زیاترە لە ژمارەی کەنارییەکان؟

١٠ ژمارەی هەموو باڵندەکان چەندە؟

باڵندەماڵییەکان

بولبول	✶ ✶ ✶ ✶
کەناری	✶ ✶
فیسقەگوڵە	✶ ✶ ✶
تۆوتی	✶ ✶

✶ = ٢

خشتەی سەرژمێری بەرامبەر بەکاربێنە بۆ شیکارکردنی ڕاهێنانی ١١ و١٣.

١١ ناوی ئەو ئامێرانە بڵێ لە زۆرترین باوەوە بۆ کەمترین باو.

١٢ چەند کەس بەشداری ڕاپرسییەکانی کرد؟

١٣ خشتەیەکی دووبارە بوونەوە پێکبهێنە بۆ خستنە ڕووی ئەو پێدراوانەی دراون لە خشتەی سەرژمێری بەرامبەر.


ئامێرە پەسندەکان

ئامێری موسیقا	سەرژمێری
گیتار	卌 卌 卌
شمشال	|||| 卌
عود	||| 卌 卌 卌
پیانۆ	||| 卌 卌

ستوونەکانی ڕوونکردنەوەیی بەکاربهێنە بۆ شیکارکردنی ڕاهێنانی ١٤ و ١٥

١٤ ژمارەی ئەوانەی خولیای وێنەکێشانن چەندە؟

١٥ چەشنی پەیژەی ژمارەیی لەم ستوونە ڕوونکردنەوەییەدا چەندە؟



ئامادەبوون بۆ تاقیکردنەوە

ئاگاداربە!

- هەموو ناوەڕۆکەکە بخوێنەوە.
- دڵنیابە لە تێگەیشتنت لە پرسیار.
- وەڵامەکانت ساغبکەوە.

وەڵامی گونجاو دەوربدە لە ڕاهێنانی ١ تا ٨

١ کاتژمێرەکە ئاماژە بۆ چ کاتژمێرێك دەکات؟



أ ٦:٤٠ ج ٧:٤٢
ب ٧:٣٦ د ٨:٤١

٢ ئاراس ویستی پارچە شیرینیەك بکڕێت نرخەکەی ١٧٥٠ دینارە، کام لەمانەی خوارەوەی پێیە تاوەکو شیرینەکە بکڕێت؟

أ ٣ پێنج سەد دیناری و ١دوو سەدوپەنجا دیناری.
ب ٣ پێنج سەد دیناری و ٣ دووسەدوپەنجا دیناری.
ج ٤ پارچە دووسەدو پەنجا دیناری و ٢ پێنج سەد دیناری.
د ٢ پێنج سەد دیناری و ٥ دوو سەدوپەنجا دیناری.

٣ ٨٧٢ نزیکبکەوە بۆ نزیکترین ١٠٠.

أ ٧٠٠ ب ٨٠٠ ج ٩٠٠ د ١٠٠٠

خشتەی سەرژمێری بەکاربێنە بۆ شیکارکردنی ڕاهێنانی ٤ تا ٦.

ڕەنگی کراسەکان	
ڕەنگی کراس	ڕەنگی کراسی پەسندکراو
سوور	𝍸 ‖
زەرد	‖‖ ‖
کەسك	𝍸
شین	𝍸 ‖‖

٤ ژمارەی هەموو کراسەکان چەندە؟

أ ٤ ب ١٤ ج ٢١ د ٢٤

٥ کام ڕەنگ لە هەموویان کەمتر باوە؟

أ سوور ب کەسك ج زەرد د شین

٦ ژمارەی ئەوانەی کراسیان شینە چەندی زیاترە لەوانەی کراسیان زەردە؟

أ ٤ ب ٥ ج ٦ د ٧

ئەم خشتەیە بەکاربێنە بۆشیکارکردنی ڕاهێنانی ٧ و٨.

بەستووە پەسندەکان	
بەستووەکان	سەرژمێری
ئایس کریم	١٦
شوکولاتە	٣٢
مۆتە	١٩
فەستق	١١

٧ ژمارەی ئەوانەی ڕای خۆیان دەربڕی چەند یوون؟

أ ٣٢ ب ٦٨ ج ٧٦ د ٧٨

٨ ژمارەی ئەوانەی بەستووەکانی مۆتە وفستق پێکەوە پەسند دەکەن چەندن؟

أ ١١ ب ٣٠ ج ٣٦ د ئەوانی کە ؟

ئەوەی دەیزانی بینووسە

٩ شەمام زارەکەی ٢٠ جار هەڵدا ئەمانەی دەستکەوت:

٢، ٢، ١، ٣، ٤، ٤، ٣، ٢، ١، ٤، ٣، ١، ٣، ٤، ١، ٢، ١، ٣، ٤، ١.

خشتەیەکی سەرژمێری دروستبکە بۆ نواندنی ئەم پێدراوانە. کام ژمارە لەوانی تر پتر دەرکەوت؟

بەشی ٤

لێکدان

لە هەر ساڵێك زەوی ملیونەها کیلۆگرام مێوە بەرهەم دێنێ، بەری مێوەکان بە نرخەکانیان جیاواز. زانینی ئەو نرخانە یارمەتیمان دەدات بۆ کرینی باشترین مێوە.

شیکارکردنی پرسیارەکان خشتەی خوارەوە بەکاربێنە بۆ ئەوەی بزانی نرخی ٣ هەلوژە چەند دیناری زیاتر لە نرخی ٣ کێوی.

بەهای میوە

سێو	🧺🧺🧺🧺🧺🧺
پرتەقاڵ	🧺🧺🧺🧺
هەنار	🧺🧺🧺
مۆز	🧺🧺🧺🧺
کێوی	🧺🧺🧺
خۆخ	🧺🧺
هەلوژە	🧺🧺🧺🧺🧺🧺

🧺 = ١٠٠٠ دینار

زانیارییەکانت ساغبکەوە



ئەم لاپەڕەیە بەکاربهێنە بۆ دڵنیابوون لە هەبوونی
ئەم زانیارییانەی کەوا پێویستە لەم بەشەدا


ژماردن بە بازدان

١ ژماردن بۆ پێش دوو دوو.



٢، ٤، ٦، ▢، ▢، ▢، ▢

٢ ژماردن بۆ پێش پێنج پێنج.



٥، ١٠، ١٥، ▢، ▢، ▢

ئاڵوگۆڕ لە کۆکردنەوە

تەواو بکە

٣ ٤ + ٧ = ٧ + ▢

٤ ٨ + ٥ = ٥ + ▢

کۆکردنەوەی کۆمەڵە یەکسانەکان

ژمارەی هەموویان چەندە؟

٥



٣ کۆمەڵە لە ٣ = ▢

٦



٥ کۆمەڵە لە ٢ = ▢

٧



٣ کۆمەڵە لە ٤ = ▢

ژمارەی هەموویان چەندە؟ دەتوانیت وێنەیەك بکیشی.

٨ ٢ کۆمەڵە لە ٥ = ▢ .

٩ ٣ کۆمەڵە لە ٥ = ▢ .

١٠ ٢ کۆمەڵە لە ٢ = ▢ .

١١ ١ کۆمەڵە لە ٣ = ▢ .

کۆکردنەوەی ستوونی

کۆبکەوە.

١٢

١
٤
+٦

١٣

٦
٦
+٦

کۆکردنەوە

کۆبکەوە.

١٤ ٣ + ٣ + ٣ + ٣ = ▢

١٥ ٨ + ٠ = ▢

وانەی ١

لێکدان و کۆکردنەوە

پێداچوونەوەی خێرا

١ ٣ + ٣ + ٣ = ▢

٢ ٥ + ٥ + ٥ = ▢

٤ ٢ + ٢ + ٢ + ٢ = ▢


٥ ٤ + ٤ + ٤ = ▢

زاراوەکان

لێکدان

فێربە

شەربەتی سێو ڤیتامینی زۆری تێدایە سازان ٥ سندوق لە شەربەتی کڕی، هەر سندوقێك ٣ پاکەتی تێدایە، سازان چەند پاکەتی کڕی؟



دەتوانی کۆ بکەیەوە بۆ دۆزینەوەی وەڵام

بنووسە: ٣ + ٣ + ٣ + ٣ + ٣ = ١٥

بخوێنە: ٥ جاران ٣ یەکسانە بە ١٥

دەتوانی **لێکبدەی** بۆ دۆزینەوەی وەڵام

بنووسە: ٥ × ٣ = ١٥

بخوێنە: ٥ جاران ٣ یەکسانە بە ١٥


٥ لێکدانی ٣ یەکسانە بە ١٥

لە بیرمەکە کاتێك هەر کۆمەڵەیەك هەمان ژمارەی شتەکانی خۆی تێدابێت، دەتوانی لێکدان بکەی بۆ دۆزینەوەی ژمارەی هەموو شتەکان.

- ئایا دەتوانی لێکدان بەکاربهێنی بۆ ئەژمێرکردنی ٢ + ٢ + ٢ + ٢ + ٢؟ ڕوونیبکەوە.

ڕێنوێنی ئایا دەتوانی لێکدان بەکاربهێنی بۆ ئەژمێرکردنی ٢+٣+٢؟ وەڵامەکەت ڕوونبکەوە.

لێکدان لە ١ ئەگەر سازان یەك سەندوق بکڕێت ئەوا ژمارەی پاکەتی ئەو شەربەتانەی سازان کڕیویەتی دەبێتە ١×٣=٣.



لە بیرمەکە کاتێك ژمارەیەك جارانی ١ دەکرێت ئەنجامی لێکدان هەمان ژمارە خۆیەتی.

لێکدان لە سفر ئەگەر سازان هیچ سندوقێکی نەکڕی بێت، ئەوا ژمارەی پاکەتی ئەو شەربەتانەی سازان کڕیویەتی ٠ × ٣ = ٠

لە بیرمەکە کاتێك ژمارەیەك لە سفر دەدرێت ئەنجامی لێکدان دەبێتە سفر.


ساغبکەوە

١ ژمارەی پاکەتەکان لەهەر سندوقێکدا بریتییە لە ٤، سازان ٣ سندوقی کڕی، دوو ڕێگا بەکاربهێنە بۆ دۆزینەوەی ژمارەی پاکەتەکان.

ڕاهێنان و شیکارکردنی پرسیارەکان

وێنەکە بخوێنەو تەواوبکە.

٢




أ ☐ کۆمەڵەکان لە ☐ = ☐

ب ☐ + ☐ + ☐ = ☐

ج ☐ × ☐ = ☐

٣



أ ☐ کۆمەڵەکان لە ☐ = ☐

ب ☐ + ☐ + ☐ = ☐

ج ☐ × ☐ = ☐

٤ هێڵێك بکێشە کە هەریەك لە ڕستەی کۆکردنەو ببەستێت بە ڕستەیەکی لێکدانی گونجاو.

٤ + ٤ + ٤ = ١٢	●	●	٦ × ٢ = ١٢
٢ + ٢ + ٢ + ٢ + ٢ + ٢ = ١٢	●	●	٣ × ٤ = ١٢
٠ + ٠ + ٠ = ٠	●	●	٣ × ٠ = ٠

٥ **ڕێنوێنی** ئایا دەتوانی لێکدان بەکاربهێنی بۆ دۆزینەوەی سەرجەمی ١٠+١٠+١٠+١٠+١٠ وەڵامەکەت ڕوونبکەوە.

هەڵبژاردن لە هەمەجۆر

٦ سەیران ٣ ریز لەهەر ریزێك ٩ پوولی هەیە، بەفرین دوو ریز لەهەر ریزێك ٦ پوولی هەیە، ژمارەی پوولەکانی سەیران وبەفرین پێکەوە چەندە؟

أ ٢٧   ب ٥٦   ج ٣٩   د ٦٠

وانەی
٢

لێکدان لە ٢ و لە ٥

پێداچوونەوەی خێرا

ژمارەی شتەکان چەندە؟

١ کۆمەڵەیەك لە ٩

٢ ٣ کۆمەڵە لە ٢

٣ ٢ کۆمەڵە لە ٥

٤ ٤ کۆمەڵە لە ٢

زاراوەکان


کۆلکەی لێکدان

ئەنجامی لێکدان

فێربە

بەردی بەکەڵك هەندێ لە پارچەکانی بژمێر لە کانزا دروست دەکرێت کە لە هەندێ بەرد دا هەیە، مامۆستا داوای لە پێنج قوتابی کرد هەر یەکیان دوو بەردی بچووك لەگەڵ خۆیان بێنن. قوتابیان چەند بەردیان هێناوە؟

پەیکە بەکاربهێنە.



قوتابیان ٥ کۆمەڵەیان هێناوە هەریەکیان ٢ی تێدایە.
لەبەر ئەوەی هەموو کۆمەڵەکان هەمان ژمارەیان تێدایە، دەتوانی لێکدان ئەنجام بدەی بۆ ئەوەی ژمارەی بەردەکان بزانی.

٥ × ٢ = ١٠

کۆلکەی لێکدان ← ٥، کۆلکەی لێکدان ← ٢، ئەنجامی لێکدان ← ١٠

٢ ← کۆلکەی لێکدان
٥ × ← کۆلکەی لێکدان
١٠ ← ئەنجامی لێکدان


کەواتە، قوتابیان ١٠ بەردیان هێناوە.

لە بیرمەکە ئەو ژمارانەی کە لە یەکتریان دەدەی پێی دەوترێ **کۆلکەی لێکدان** (بەهەریەکیان دەوترێ **کۆلکەی لێکدان**) وە بە ئەنجام دەوترێ **ئەنجامی لێکدان**.

- کۆلکەکان و ئەنجامی لێکدان دیاریکە ٣ × ٢ = ٦

نموونە


أ ئەنجامی لێکدانی ٢ × ٦ بدۆزەوە



کۆدەکەمەوە: ٦ + ٦ = ١٢

بۆیە، ٢ × ٦ = ١٢

ب ئەنجامی لێکدانی ٥ × ٤ بدۆزەوە



کۆدەکەمەوە: ٤ + ٤ + ٤ + ٤ + ٤ = ٢٠


بۆیە، ٥ × ٤ = ٢٠

ساغبکەوە

١ ئەنجامی لێکدانی ١×٢، ٢×٢، ٣×٢، ٥×٢ بدۆزەوە. چ تێبینی دەکەی لە ئەنجامی لێکدانەکە؟ ئایا هەردەم جووتە یان تاکە؟


ئەنجامی لێکدان بدۆزەوە.

٢



٤ × ٢ = ☐

٣



٣ × ٥ = ☐

٤



٦ × ٢ = ☐

ڕاهێنان و شیکارکردنی پرسیارەکان

کۆپی بکەوە پاشان ئەم دوو خشتەی لێکدان تەواوبکە.

	×	١	٢	٣	٤	٥	٦	٧	٨	٩
٥	٢	☐	☐	☐	☐	☐	☐	☐	☐	☐
٦	٥	☐	☐	☐	☐	☐	☐	☐	☐	☐

تەواوبکە.

٧ ٨ × ٢ = ☐

٨ ☐ = ٩ × ٥

٩ ٢ × ٨

١٠ ٥ × ٨

١١ ٣ + ٣ = ٢ × ☐

١٢ ماmۆستای زانست ٨ قەفەزی ئامادەکرد هەریەکیان ٢ بولبولی تیابوو، مامۆستا چەند بولبولی ئامادەکرد؟

١٣ **هەڵە لە کوێیە؟** قوتابخانەی هەولێری بەهرەداران ٥ هۆڵی خوێندنی هەیە، هەر هۆڵێك ٦ کۆمپیوتەری تیدایە، ئازاد گوتی لە هۆڵەکان ١١ کۆمپیوتەر هەیە؟ هەڵەی ئازاد لە کوێیە؟

هەڵبژاردن لە هەمەجۆر

١٤ کلارا ٥ مورووی بە هەر داوێك لە ٩ داوەکەوەکرد. چەند مورووی بەکارهێناوە؟

أ ٤٥ ب ٥٤ ج ٧٢ د ٨١



پێداچوونەوەی خێرا

دەکاتە چەند

١ ٢ کۆمەڵەیەك لە ٢ ؟

٢ ١ کۆمەڵە لە ٩؟

٣ ٤ کۆمەڵە لە ٢؟

٤ ٣ کۆمەڵە لە ٤؟

زاراوەکان

ڕیزکراوەکان

سیفەتی ئاڵوگۆڕ لە لێکدان

کەرەستەکان چوارگۆشەکان

وانەی ٣



ڕیزکراوەکان

فێربە


کاتێك چەند شتێك لە ڕێز و ستوونەکان ڕێك دەخەی **ڕیزکراوە** بەدەست دێنیت.

چالاکی

چوارگۆشەکان بەکاربهێنە بۆ پێکهێنانی ڕیزکراوەیەك کرداری ٣ × ٥ بنوێنێ.


هەنگاوی ١

ڕیزکراوەیەك لە ٣ ڕیز و ٥ ستوون دروست بکە.



هەنگاوی ٢

چوار گۆشەکان بژمێرە.



٣ ڕیز لە ٥ = ▢

٣ × ٥ = ▢

- چەند چوارگۆشە لە ٣ ڕیزی ٥ چوارگۆشەیی هەیە؟
- ڕستەیەکی لێکدان بنووسە کە ڕێگات دەدات بە هەژمێرکردنی ژمارەی چوارگۆشەکان.
- ڕیزکراوەیەکی ٣ ڕیزی لە ٣ چوارگۆشە پێك بێنە.

شێوەی ئەم ڕیزکراوانە چییە؟

ڕستەی لێکدان بنووسە کە ڕێگات دەدات بە هەژمێرکردنی ژمارەی چوارگۆشەکان.

هەوڵبدە

ڕیزکراوەکە بخوێنە ئینجا تەواوی بکە.


أ



▢ ڕیزەکان لە ▢ = ▢

▢ × ▢ = ▢

ب



▢ ڕیزەکان لە ▢ = ▢

▢ × ▢ = ▢




بەیەك بەستەوە


سیفەتی **ئالوگۆڕ لە لێکدان** ئەنجامی لێکدانی دوو ژمارە ناگۆڕێت، ئەگەر شوێنیان بگۆڕین.
ڕیزکراوەکان بەکاربهێنە بۆ دیاریکردنی ئەم سیفەتە.

نموونە

أ




٤ ڕیز لە ٥
٢٠ = ٥ × ٤




٥ ڕیز لە ٤
٢٠ = ٤ × ٥

کەواتە: ٤ × ٥ = ٥ × ٤

ب



٦ ڕیز لە ٢
١٢ = ٢ × ٦




٢ ڕیز لە ٦
١٢ = ٦ × ٢

کەواتە: ٦ × ٢ = ٢ × ٦

ڕاهێنان و شیکارکردنی پرسیارەکان


ڕیزکراوەکان بخوێنەوە و تەواو بکە.

١




☐ ڕیزەکان لە ☐ = ☐
☐ × ☐ = ☐

٢



☐ ڕیزەکان لە ☐ = ☐
☐ × ☐ = ☐

٣



☐ ڕیزەکان لە ☐ = ☐
☐ × ☐ = ☐

ڕیزکراو وێنە بکێشە بۆ لێکدان.

٤ ٢ × ٤ ٥ ٤ × ٢ ٦ ٥ × ٧


٧ ٤ × ٤ ٨ ١ × ٦ ٩ ٧ × ٤

١٠ **ڕێنوێنی** هەکار ٢٠ پێنووسی لایە، دەیەوێت لە ٥ پاکەتیان دابنێ هەر یەکەیان ٥ پێنووس بگرێت. ئایا پاکەتەکانی هەکار هەموو پێنووسەکان دەگرن؟ وەڵامەکەت ڕوونبکەوە.

هەڵبژاردن لە هەمەجۆر

١١ کام ڕیزکراوە ٤ × ٥ دەنوێنێ؟


أ




ب



ج



د



وانەی
٤

لێکدان لە ٣

پێداچوونەوەی خێرا

١ ٢ + ٢ = ٢ × ▢

٢ ٥ + ٥ + ٥ = ٥ × ▢

٣ ٢ × ٦ = ٦ + ▢

٤ ▢ × ٥ = ١٠

فێربە

پایسکلی سێ تایە نەنکی دارا ٥ پایسکلی ٣ تایەی بۆ نەوەکانی کڕی هەر پایسکلێ چەند تایەی هەیە؟ ژمارەی تایەکانی هەموو پایسکلەکان چەندن؟

دەتوانی کۆبکەیەوە بۆ دۆزینەوەی وەڵام.

٣ + ٣ + ٣ + ٣ + ٣ = ١٥

دەتوانی بەلێکدان ئەنجام بدۆزیتەوە.

٥ × ٣ = ١٥

ژمارەی هەموو تایەکان ١٥ تایە

خشتەی لێکدان لە ٣

🚲	=	١ × ٣	=	٣
🚲🚲	=	٢ × ٣	=	٦
🚲🚲🚲	=	٣ × ٣	=	٩
🚲🚲🚲🚲	=	٤ × ٣	=	١٢
🚲🚲🚲🚲🚲	=	٥ × ٣	=	١٥
🚲🚲🚲🚲🚲🚲	=	٦ × ٣	=	١٨
🚲🚲🚲🚲🚲🚲🚲	=	٧ × ٣	=	٢١
🚲🚲🚲🚲🚲🚲🚲🚲	=	٨ × ٣	=	٢٤
🚲🚲🚲🚲🚲🚲🚲🚲🚲	=	٩ × ٣	=	٢٧
🚲🚲🚲🚲🚲🚲🚲🚲🚲🚲	=	١٠ × ٣	=	٣٠

نموونە هاوکار یاریزانێکی تۆپی پێی بەناوبانگە، ڕۆژانە ٣ کاتژمێر مەشق دەکات. لە هەفتەیەکدا چەند کاتژمێر مەشق دەکات؟ ئەگەر زانیت ڕۆژانی هەینی مەشق ناکات.

بۆ ئەوەی ئەنجام بدۆزیتەوە ٦ لە ٣ بدە، ٦ × ٣ = ١٨ کاتژمێر دەست دەکەوێت.

نموونە هێمن ٣ ڕۆژ لە هەفتەیەك مەشق دەکات لەهەر جارێك ٦ کاتژمێر.

چەند کاتژمێر لە هەفتەیەکدا مەشق دەکات؟

کامیان زیاتر مەشق دەکات هێمن یان هاوکار؟

ژمارەی کاتژمێرەکان ٦ + ٦ + ٦ = ١٨ = ٣ × ٦

هێمن و هاوکار هەمان کاتژمێر مەشق دەکەن.



ساغبکەوە

١ ئەگەر زانیت ٦ × ٣ = ١٨، ئایا دەتوانی ئەنجامی لێکدانی ٣×٦ بڵێی؟

٢ کە ژمارەیەك لە ٣ دەدەی، ئایا ژمارەی جووت یان تاك دەردەچێت؟ ئەوە ڕوونبکەوە.

لێکدان لە ژمارە ٣ بەکاربهێنە بۆ شیکارکردنی ڕاهێنان لە ٣ تا ٨.


٣ ٣ × ٦ = ▢ ٤ ٦ × ٣ = ▢ ٥ ٣ × ٨ = ▢

٦ $\begin{array}{r} ٥ \\ \times\ ٣ \\ \hline \end{array}$ ٧ $\begin{array}{r} ٣ \\ \times\ ٥ \\ \hline \end{array}$ ٨ $\begin{array}{r} ٣ \\ \times\ ٩ \\ \hline \end{array}$

ڕاهێنان و شیکارکردنی پرسیارەکان

٩ **هەڵە لە کوێیە؟** کەیوان هەفتەی ٣ ڕۆژ مەشقدەکات، هەر ڕۆژێك ٢ کاتژمێر هەتا ٤ هەفتە بەردەوام بوو. کەیوان ووتی ٦ کاتژمێر لە مانگێکدا مەشقمکردووە. کەیوان لە کوێ هەڵەی کردووە؟

١٠ **ڕێنوێنی** ئەگەر ٣ کۆ بکەیتەوە لەگەڵ ژمارەی تاك، ئایا ژمارەیەکی جووت یان تاکت دەست دەکەوێت؟ ئەگەر ٣ لە ژمارەی تاك بدەیت، ئایا ژمارەیەکی جووت یان تاکت دەست دەکەوێت؟



ستوونەکانی ڕوونکردنەوەیی بەکاربێنە بۆ شیکارکردنی ڕاهێنانەکانی ١١ تا ١٣.

١١ تیپەکە چەند گۆڵی لە خولی ٤ زیاتر کرد لە خولی ١؟

١٢ تیپەکە چەند گۆڵی بەدەست هێنا لەهەر چوار خولەکە؟

١٣ ئەگەر تیپەکە خولی پێنجەم یاری بکات و دوو ئەوەندەی خولی ٣ گۆڵ بەدەست بێهێنێ، چەند گۆڵ دەکات؟

هەڵبژاردن لە هەمەجۆر

١٤ صباح ٣ ژەم دەخوات ڕۆژانە لە میانەی هەفتەیەکدا. چەند ژەمی خواردووە؟

أ ١٨ ب ١٥ ج ٢١ د ٢٢

وانەی ٥

لێکدان لە ٤



پێداچوونەوەی خێرا

١ ٣ × ٠   ٢ ٢ × ٤

٣ ٩ × ١   ٤ ١ × ٨

فێربە

شاری یاری قوتابیانی پۆلی سێیەم بە ٦ ئۆتۆمبێل چوونە شاری یاری. هەر ئۆتۆمبێلێك ٤ قوتابی هەڵدەگرێت، ژمارەی قوتابییەکان چەندە؟

٦ لە ٤ بدە بۆ دۆزینەوەی ژمارەی قوتابیان:

٦ × ٤ = ▢

ستوون ↓

×	٠	١	٢	٣	٤	٥	٦	٧	٨	٩
٠	٠	٠	٠	٠	٠	٠	٠	٠	٠	٠
١	٠	١	٢	٣	٤	٥	٦	٧	٨	٩
٢	٠	٢	٤	٦	٨	١٠	١٢	١٤	١٦	١٨
٣	٠	٣	٦	٩	١٢	١٥	١٨	٢١	٢٤	٢٧
٤	٠	٤	٨	١٢	١٦	٢٠	٢٤	٢٨	٣٢	٣٦
٥	٠	٥	١٠	١٥	٢٠	٢٥	٣٠	٣٥	٤٠	٤٥
٦	٠	٦	١٢	١٨	٢٤	٣٠	٣٦	٤٢	٤٨	٥٤
٧	٠	٧	١٤	٢١	٢٨	٣٥	٤٢	٤٩	٥٦	٦٣
٨	٠	٨	١٦	٢٤	٣٢	٤٠	٤٨	٥٦	٦٤	٧٢
٩	٠	٩	١٨	٢٧	٣٦	٤٥	٥٤	٦٣	٧٢	٨١

↑ ڕیز

پێویستە خشتەی لێکدانی بەرامبەر بەکاربهێنی بۆ شیکارکردنی پرسیارەکە، ئەگەر ویستت ئەنجامی لێکدانی دوو ژمارە بدۆزیەوە، ئەو ژمارەیە بخوێنەوە کە دەکەوێتە یەکتربڕینی ڕیزی ژمارەی یەکەم لەگەڵ ستونی ژمارەی دووەم.

ئەنجامی یەکتربڕینی ڕیزی ژمارە ٦ لەگەڵ ستوونی ژمارە ٤ دەبینی.

٦ × ٤ = ٢٤

کۆلکەی لێکدان ↑ ٦   کۆلکەی لێکدان ↑ ٤   ئەنجامی لێکدان ↑ ٢٤

```
  ٤   ⟶ کۆلکەی لێکدان
× ٦   ⟶ کۆلکەی لێکدان
 ٢٤   ⟶ ئەنجامی لێکدان
```

کەواتە، ژمارەی قوتابییەکان ٢٤

لە بیرمەکە ئەنجامی لێکدانی هەر ژمارەیەك لە ٤ ژمارەیەکی جووتە.

ڕێنوێنی چۆن ڕوونی دەکەیتەوە ٢ × ٥ کۆ ٢ × ٥ یەکسانە بە ٤ × ٥؟

بیرکردنەوەی ڕەخنەگر کامیان ئاسانترە بۆ دۆزینەوەی ئەنجامی لێکدانی ٤ × ٦ ، ٦ چوارجار کۆبکەیتەوە یان خشتەی لێکدان بەکاربهێنیت؟ هۆیەکەی ڕوونبکەوە.





ساغبکەوە

١ ڕوونیبکەوە چۆن خشتەی لێکدانی بۆ دۆزینەوەی ٤ × ٨ بەکاردێنی؟

لێکبدە

٢ ٢ × ٤ = ▢

٣ ٩ × ٤ = ▢

٤ ▢ = ٤ × ٥

٥ ٤ × ٣ = ▢

ڕاهێنان و شیکارکردنی پرسیارەکان

بۆشاییەکان پڕبکەوە لە خشتەی لێکدان لە ٤.

٦

×	١	٢	٣	٤	٥	٦	٧	٨	٩
٤	▢	▢	▢	▢	▢	▢	▢	▢	▢

بۆشایی پڕبکەوە لە ڕاهێنانەکانی ٧ تا٩.

٧ ٩ × ٠ = ▢ × ٤

٨ ٢ × ٩ = ▢ × ٣

٩ ٤ × ٤ = ▢ × ٢

١٠ ٥ لە ٤ بدە.

١١ ئەنجامی لێکدانی ٤ لە ٩ چەندە؟

١٢ ئەنجامی لێکدانی ٧ لە سفر چەندە؟

١٣ ئەنجامی لێکدانی ١ لە ١٢ چەندە؟

١٤ لە باخچەیەکی ئاژەڵان ٤ قەفەس بولبل هەیە، هەر قەفەسێك ٨ بولبلی تێدایە، ژمارەی بولبەکان چەندە؟

١٥ ئایا ٦ ×٤ گەورەترە لە ٣ ×٧ یان بچووکترە یان یەکسانە؟ ڕوونیبکەوە.

١٦ لەبەر ئەوەی ٩ ×٤= ٣٦ و ١٠ × ٤ = ٤٠، ١١ × ٤ دەکاتە چەندە؟

هەڵبژاردن لە هەمەجۆر

١٧ لە قەفەسێکدا ٦ کەروێشك هەیە، ژمارەی قاچەکانیان چەندە؟

أ ٦   ب ٢٤   ج ٣٠   د ١٦

وانەی
٦

ڕێگاکان لەسەر لێکدان



پێداچوونەوەی خێرا

١ ٣ × ☐ = ١٢

٢ ٢ × ٦ = ☐

٣ ٠ × ٨ = ☐

٤ ٩ × ☐ = ٩


فێربە

لە فڕۆکەخانە کارزان چوو بۆ فڕۆکەخانە، سەردانی ٦ بەش لە بەشەکانی کرد، لەهەر بەشێك ٣ فڕۆکە هەیە، چەند فڕۆکەی بینی؟


٦ × ٣ = ☐

لێرەدا زۆر ڕێگا هەیە بۆ دۆزینەوەی ئەنجامی لێکدان.

أ دەتوانیت کۆمەڵەی یەکسان پێکبینی:



٦ × ٣ = ١٨



ب دەتوانیت ڕیزکراوە پێکبێنی: ٦×٣=١٨

ج دەتوانیت سیفەتی ئالوگۆڕ بەکاربێنی: ٦×٣=٣×٦=١٨

د دەتوانیت خشتەی لێکدان بەکاربێنی:



ستون ↓

×	٠	١	٢	٣	٤	٥	٦	٧	٨	٩
٠	٠	٠	٠	٠	٠	٠	٠	٠	٠	٠
١	٠	١	٢	٣	٤	٥	٦	٧	٨	٩
٢	٠	٢	٤	٦	٨	١٠	١٢	١٤	١٦	١٨
٣	٠	٣	٦	٩	١٢	١٥	١٨	٢١	٢٤	٢٧
٤	٠	٤	٨	١٢	١٦	٢٠	٢٤	٢٨	٣٢	٣٦
٥	٠	٥	١٠	١٥	٢٠	٢٥	٣٠	٣٥	٤٠	٤٥
٦	٠	٦	١٢	١٨	٢٤	٣٠	٣٦	٤٢	٤٨	٥٤
٧	٠	٧	١٤	٢١	٢٨	٣٥	٤٢	٤٩	٥٦	٦٣
٨	٠	٨	١٦	٢٤	٣٢	٤٠	٤٨	٥٦	٦٤	٧٢
٩	٠	٩	١٨	٢٧	٣٦	٤٥	٥٤	٦٣	٧٢	٨١

ڕیز ←

بەبیر خۆت بێنە ئەنجامی لێکدانی ژمارەکە دەکەوێتە لای یەکتربڕینی ڕیزی ٦ لە ستونی ٣: ٦×٣=١٨
ژمارەی فڕۆکەکان دەکاتە ١٨ فڕۆکە.


لە بیرمەکە دەتوانیت ڕێگاکانی جیاواز بەکاربهێنیت بۆ هەژمێرکردنی ئەنجامی لێکدانەکە.

ساغبکەوە


١ ڕوونبکەوە دوو ڕێگا بەکاربێنە بۆ دۆزینەوەی ٨×٤.

ڕستەی لێکدان بۆ هەر شێوەیەك بنووسە.


٢



٣



٤



ڕاهێنان و شیکارکردنی پرسیارەکان

لێکبدە

٥ ٦ × ٥ = ▢   **٦** ٢ × ٤ = ▢   **٧** ▢ = ٣ × ٧   **٨** ٨ × ٥ = ▢

٩ ٩ × ٣   **١٠** ٠ × ٦   **١١** ٥ × ٧   **١٢** ٨ × ٣

بۆشاییەکان بە ژمارەی گونجاو پڕ بکەوە.

١٣

×	٢	٥	٧	٨	٩
٣	▢	▢	▢	▢	▢

١٤

×	١	٦	٩	٧	٨
٥	▢	▢	▢	▢	▢

١٥ **ڕێنوێنی** سۆزان ٤ دەنکە شیرینی و دوو سێوی لە پاکەتێك دانا، ٢٤ دەنکە شیرنی بەکارهێنا، چەند سێوی بەکارهێنا؟

١٦ سەفین ومەتین ٢٠ ئۆتۆمبیلی بچووکیان لایە، مەتین ئۆتۆمبیلێکی تری کڕی بۆ ئەوەی ژمارەی ئۆتۆمبیلەکانی سەفین بکاتە نیوەی ژمارەی ئۆتۆمبیلەکانی مەتین. هەریەکەیان چەند ئۆتۆمبیلی هەیە.

هەڵبژاردن لە هەمەجۆر

١٧ لە کێڵگەیەکدا ٥ چێڵ و دوو مریشك هەیە. ژمارەی قاچەکانیان چەندە؟

أ ٢٤   ب ٢٨   ج ١٤   د ٢٠

وانەی ٧

ڕێگاکانی شیکاری پرسیارەکان

بەدوای شێوازدا بگەڕێ



پێداچوونەوەی خێرا

١ ٣ × ▢ = ٦


٢ ٣ × ▢ = ٩

٣ ▢ × ٤ = ١٢

٤ ٣ × ▢ = ١٥

پرسیار ماردین و برادەرەکەی یاری شێوازی ژمارەیی دەکەن. برادەرەکەی ژمارەکانی، ٣، ٥، ٨، ١٠، ١٣، ١٥، ١٨، ٢٠، ٢٣ نووسی، پێویستە ماردین ڕێسای شێوازەکە دیار بکات، چوار ژمارەی دوای ژمارە ٢٣ بنووسێ.

تێبگە



- داواکراو چییە؟
- ئەو پێدراوانەی کە بەکارت هێناوە چییە؟
- ئایا پێدراوی تر هەیە بەکارت نەهێنابێ؟ چییە؟

پلاندابنێ




- کام ڕێگا بەکاردەهێنیت بۆ شیکارکردنی پرسیارەکە؟

دەتوانی ڕێگای «بەدوای شێواز بگەڕێ» بەکاربێهێنی.

شیکاربکە

- چۆن ئەو ڕێگایە لە شیکارکردنەکە بەکاردێنی.






ڕێساکە ئەوەی ٢ زیاد بکە، پاشان ٣ زیادبکە یەك لەدوای یەك.

چوار ژمارەی دواییان ئەمانەن ٢٥، ٢٨، ٣٠، ٣٣.

ساغبکەوە

- چون ڕاستی وەلامەکەت ساغدەکەیتەوە؟



بیری ڕەخنەگر: ڕێسای شێواز دیار بکە ئەگەر شێوازەکە بەم شێوەیە بوو: ٣؛ ٦؛ ٨؛ ١١؛ ١٣؟

ڕاهێنــان و شیکــارکــردنــی پرسیــارەکــان

ڕێگەی «بەدوای شێواز بگەڕێ» بەکاربهێنە بۆ شیکاری پرسیارەکان.

١ وا دابنێ کە شێواز ٥، ٤، ٩، ٨، ١٣، ١٢، ١٧، ١٦، ٢١. ڕێسای شێواز دیاربکە و چوار ژمارەی دوای ژمارەی ٢١ دێن بنووسە.

٢ شێوازی دانا ئەوەیە: ٣، ٦، ٩، ١٢. ڕێسای شێوازەکە دیاربکەو چوار ژمارە دوای ژمارە ١٢ دێن بنووسە.

ئازاد بە نەوزادی گووت: من بیر لە شێوازێك دەکەمەوە ژمارە یەکەمەکانی ئەمانەن: ٤، ٨، ١٢، ١٦.

٣ سێ ژمارەی دوای ئەوە چین؟

أ ١٦، ٢٠، ٢٤،	ج ١٨، ٢٠، ٢٢
ب ١٧، ١٩، ٢١	د ٢٠، ٢٤، ٢٨

٤ کام ژمارە نابێت لە شێوازی ئازاد بێت؟

أ ٢٠	ج ٣٢
ب ٢٨	د ٣٥



ڕێگەکانی شیکاری پرسیارەکان

- هێلکاریەك یان وێنە بکێشە
- نموونەیەك دروستبکە بەکردار جێبەجێی بکە.
- لیستێکی ڕێك دروست بکە.
- **بەدوای شێوازێك بگەڕێ**
- خشتەیەك یان وێنەیکی ڕوونکردنەوەیی دروستبکە.
- بخەملێنە وساغبکەوە بە هەنگاوەکاندا بگەڕێوە شیکاری پرسیارەکە ئاسانتر بکە
- ڕستەیەکی ژمارەیی بنووسە
- دەرئەنجای ژێر بێژی بەکاربێنە.

ڕاهێنان لەسەر ڕێگا جیاوازەکان

٥ نەوژین دەیەوێت لە دهۆك بۆ هەولێر بەپێ بڕوات. ڕۆژانە (٦) کاتژمێر دەڕوات، چەند کاتژمێر لە هەفتەیەکدا ڕۆیشتوە، ئەگەر زانیت ڕۆژی هەینی پشوو دەدات.

٦ **کوا هەڵە؟** خەسرۆ گوتی ئەو ژمارانە ١١، ٢١، ٣١، ٤١، ٥١، ٦٠، ٧١ شێوازێك پێك دێنن لە کوێ هەڵەی کردووە؟ ڕوونی بکەوە چۆن هەڵەکە ڕاست دەکەیتەوە؟

٧ **بەکارهێنانی پێدراوەکان** ئەگەر ڕامان بەردەوام بوو لەسەر ئەم شێوازە کە لە خشتەکەدا دیارە، چەند مەتر غار دەدات لە ڕۆژی پێنج شەممە؟

غاردانی ڕامان

ڕۆژ	غاردان
شەممە	🏃🏃
یەك شەممە	🏃🏃🏃
دووشەممە	🏃🏃🏃🏃

🏃 = ١٠٠ مەتر

بەشی ٤

پێداچوونەوە

دڵنیابوون لە هەبوونی زاراوەکان و چەمکەکان

دەربڕینی گونجاو لە لیستی بەرامبەر هەڵبژێرە.

ڕیزکراوە
کۆڵکەی لێکدان
سفر
ژمارە ١
ئەنجامی لێکدان

١ بەو ژمارانەی کە لە یەکتریان دەدەین دەوترێت ؟ .

٢ کە دوو ژمارە لە یەکتردەدەین ؟ دەست دەکەوێت.

٣ ئەنجامی لێکدانی ؟ لە هەر ژمارەیەك، ژمارەکە خۆیەتی.

٤ ئەنجامی لێکدانی ؟ لەهەر ژمارەیەك دەکاتە سفر.

لێکبدە. لەوانەیە پێکهێنانی ڕیزکراوەکان پێویست بێ.

٥ ٤ × ٥ = ☐   ٦ ٣ × ٢ = ☐   ٧ ٣ × ٦ = ☐

دڵنیا بوون لە کارامەییەکان

ڕستەی لێکدان هەڵبژێرە کە گونجاوە بۆ ڕستەی کۆکردنەوە.

٥ × ٤ = ٢٠
٥ × ٠ = ٠
٦ × ٢ = ١٢
٤ × ٣ = ١٢

٨ ٣ + ٣ + ٣ + ٣ = ١٢   ٩ ٤ + ٤ + ٤ + ٤ + ٤ = ٢٠

١٠ ٠ + ٠ + ٠ + ٠ + ٠ = ٠

ئەنجامی لێکدان بدۆزەوە.

١١ ٣ × ٨ = ☐   ١٢ ٧ × ٣ = ☐   ١٣ ☐ = ٥ × ٦

١٤ ٥ × ١ = ☐   ١٥ ٠ × ٦ = ☐   ١٦ ١ × ٨ = ☐

١٧ ٣ × ٩   ١٨ ٦ × ٣   ١٩ ٨ × ٥

بۆشاییەکان بە ژمارەی گونجاو پڕبکەوە.

٢٠ ٢ × ☐ = ٨   ٢١ ☐ × ٥ = ٣٠   ٢٢ ١ × ☐ = ٩

دڵنیا بوون لە شیکارکردنی پرسیارەکان

دیار بکە ئایا پرسیارەکە پێدراوی پتر لە خۆ دەگرێت لەوەی پێویستە، یان کەمتر لەوەی پێویستە یان تەنها ئەوەی پێویستە. پرسیارەکە شیکاربکە لە هەموو بارەکاندا ئەگەر پێدراوەکان کەمبوون دیاریان بکە.

٢٣ شێرزاد ٣ کاتژمێر ڕۆژانە لە شەممە تا چوارشەممە مەشق دەکات، چەند کاتژمێر مەشق دەکات لەم هەفتەیەدا؟

بەشی ٤

ئامادەبوون بۆ تاقیکردنەوە

ئاگاداربە!

- هەموو ناوەڕۆکەکە بخوێنەوە.
- دڵنیابە لە تێگەیشتنت لە پرسیار.
- وەڵامەکانت ساغبکەوە.

وەڵامی گونجاو دەور بدە لە ڕاهێنانی ١ تا ١٠

١ ٣ × ٩ = ؟

أ ٦ ب ١٢ ج ٢٧ د هیچ لەوانە

٢ دوێنێ ٨ پاکەت ماسی کڕی بەهای هەریەکیان ٥ هەزار دینار بوو، چەند هەزاری داوە؟

أ ٣٠ ب ٣٨ ج ٢١ د ٤٠

٣ پەیوەند ٦٤ هەزاردیناری هەبوو ٣٥ هەزار دیناری بە تۆپ داوە، کتێبێکی بە ٢٥ هەزار دینار کڕی، ئایا چەند هەزار دیناری لاماوە.

أ ٦٠ ب ٢٩ ج ٣٩ د ٤

٤ شارا ٢٥ هەزار دیناری لایە. ٧ کارتی پۆستەی کڕی، نرخی هەریەکەیان ٢ هەزار دینارە. چەند هەزار دیناری داوە؟

أ ٩ ب ١٤ ج ١١ د ٢٥



٥ ئەو کاتژمێرە ئاماژە بۆ چ کاتێك دەکات؟

أ ٦:٠٨ ب ٦:٤٠ ج ٧:٠٨ د ٧:٤٠

٦ بەهای خانەیی ڕەنووسی ١ لە ٤٠٥ ١٧ کامەیە؟

أ ١٠ ب ١٠٠ ج ١٠٠٠ د ١٠٠٠٠

٧ مریەم ٨ قاپی هەیە، هەر قاپێك هێلکەیەکی لەناو دانا، چەند هێلکەی بەکارهێنا؟

أ ٠ ب ٦ ج ٤ د ٨

٨ ژمارەیەك ئەگەر جارانی ژمارەی ٤ بکەین ئەنجام دەبێتە ٣٦، ژمارەکە کامەیە؟

أ ٤٠ ب ٣٢ ج ٩ د ٨

٩ نەژاد کتێبەکانی لەسەر ٤ ڕەفە دانا، هەر ڕەفەی ٧ کتێبی لەسەرە، ژمارەی کتێبەکان کامەیە؟

أ ٢٨ ب ٢٤ ج ٢١ د ١١

١٠ کڕێکار لەهەر تورەگەیەك ٥ دەنکە شیرنی دانا. ژمارەی تورەگەکان بووە ٨، ژمارەی دەنکە شیرنیەکان کامەیە؟

أ ١٣ ب ٣٢ ج ٣٣ د ٤٠

ئەوەی دەیزانی بینووسە

١١ ڕستەیەکی لێکدان بنووسە کە پەیوەندی بەم ڕستەیەی کۆکردنەوە بێت ٥ + ٥ + ٥ + ٥ = ٢٠، ڕوونی بکەوە.

١٢ کامەیان گەورەترە؟ ٨ × ١ یان ٩ × ٠؟

بەشی
٥

ڕاستییەکانی لێکدان

تیپی مۆسیقای سەربازی بە شێوەی ڕیزکراوە دەڕوۆن هەروەك تیپەکانی سەربازی.

شیکارکردنی پرسیارەکان

سەیری ئەم وێنەیە بکە، بۆ هەر تیپێك ریزکراوەیەك بکێشە کە دەیان نوێنیّ.

تیپی مۆسیقای سەربازی

پیادە	🎺🎺🎺
فرۆکەوانی	🎺🎺🎺🎺 🎺🎺🎺🎺
دەریایی	🎺🎺🎺🎺 🎺🎺🎺

🎺 = ٤ سەرباز

زانیارییەکانت ساغبکەوە



ئەم لاپەڕەیە بەکاربهێنە بۆ دڵنیابوون لە هەبوونی
ئەم زانیارییانەی کەوا پێویستە لەم بەشەدا

زاراوەکان

دەربڕینێکی گونجاو لە لیستی بەرامبەر هەڵبژێرە.

جیاوازی
کۆلکەی لێکدان
ئەنجامی لێکدان

١ ژمارە ٢ لە ڕستەی لێکدانی ٢ × ٥ = ١٠ پێی دەوترێ ___؟___ .

٢ ژمارە ١٠ لە ڕستەی لێکدانی ٢ × ٥ = ١٠ پێی دەوترێ ___؟___ .

کۆکردنەوەی کۆمەڵە یەکسانەکان

ژمارەکە چەندە؟

٣



٢ کۆمەڵە لە ٤ = □

٤



٣ کۆمەڵە لە ٦ = □

ژماردن بە بازدان

شێوازەکە تەواو بکە؟

٥ ١٠ ؛ ٢٠ ؛ ٣٠ ؛ ٤٠ ؛ □ ؛ □

بەرەو پێش یان بەرەو پاش دەدە بژمێرە، بۆ دۆزینەوەی ژمارەی نادیار.

٦ ٣ ؛ ١٣ ؛ ٢٣ ؛ □ ؛ □ ؛ ٥٣ ؛ □ ؛ □ ؛ ٨٣ ؛ □

٧ ٩٥ ؛ ٨٥ ؛ ٧٥ ؛ □ ؛ □ ؛ ٤٥ ؛ □ ؛ □ ؛ □

ڕاستیەکانی لێکدان

لێکبدە؟

٨ ٤ × ١ = □

٩ ٩ × ٥ = □

١٠ □ = ٩ × ٤

١١ ٥ × ٠ = □

١٢ ٤ × ٦ = □

١٣ ٥ × ٨ = □

١٤ ٦ × ٤

١٥ ٢ × ٣

١٦ ٨ × ٤

وانەی ١

لێكدان لە ٦

پێداچوونەوەی خێرا

١ ٥ × ☐ = ٢٥

٢ ٥ × ٩ = ☐

٣ ☐ × ٥ = ٣٠

٤ ٤٠ = ٥ × ☐

فێربە

تیپی پێشمەرگە سەنگەر ژمارەیەك پێشمەرگەی بینی بەدەستە دەرۆیشتن. هەر دەستەیەك لە ٦ ریز پێك هاتبوون، لەهەر ریزێك ٦ پێشمەرگە، ژمارەی پێشمەرگەكان چەندە؟

نموونە

ئەم پرسیارە بنوێنە بۆ ئەوەی شیكاری بكەیت.

هەنگاوی ١

ریزكراوەیەك پێك بێنە لە ٦ ریز لەهەر ریزێك ٦ چوارگۆشەی بچووك.

٦ × ٦ = ☐

هەنگاوی ٢

ریزكراوەكە بەش بكە بۆ دوو ریزكراوەی بچووك.

١ × ٦ = ٦

٥ × ٦ = ٣٠

هەنگاوی ٣

ئەنجامی لێكدان كۆبكەوە لە هەردوو ریزكراوەكە ئەمەت دەستدەكەوێت.

٦ + ٣٠ = ٣٦

ئەمەت دەستدەكەوێت:

٦ × ٦ یەكسانە بە ١ × ٦ كۆ ٥ × ٦ واتە ٦ + ٣٠ = ٣٦ كەواتە ژمارەی پێشمەرگەكان لە تیپەكە ٣٦ پێشمەرگە.

نموونە

ژمارەی پێشمەرگەكان چەند دەبن، ئەگەر تیپەكە ٧ ریزبێت لە جیاتی ٦.

وەك لە نموونەی پێشوو:

٧ × ٦ یەكسانە بە ٢ × ٦ كۆ ٥ × ٦ واتە ١٢ + ٣٠ = ٤٢.



لە بیرمەكە بۆ ئەوەی هەر ژمارەیەك لە ژمارەیەكی تر بدەی، دوو ژمارە بدۆزەوە سەرجەمیان ژمارەی یەكەم بێت، هەریەك لەو دوو ژمارەیە لە ژمارەی دووەم بدە، پاشان ئەنجامەكانیان كۆ بكەوە.

ساغبکەوە

١ ڕاڤە بکە چۆن ئەنجامی ٨ × ٣ هەژماردەکەیت؟ چۆن ئە ڕاستیە بەکاردێنی بۆ دۆزینەوەی ٨ × ٦؟

لێکبدە.

٢ ٢ × ٦ = ▢

٣ ٤ × ٦ = ▢

ڕاهێنان و شیکارکردنی پرسیارەکان

خشتەی لێکدان لە ٦ تەواوبکە.

٤

×	١	٢	٣	٤	٥	٦	٧	٨	٩
٦	▢	▢	▢	▢	▢	▢	▢	▢	▢

بۆشاییەکان بە ژمارەی گونجاو پڕبکەوە لە ڕاهێنانەکانی ٥ تا ١٠.

٥ ▢ × ٤ = ١٢

٦ ▢ × ٨ = ٤٨

٧ ▢ × ٤ = ٤ × ٣

٨ ▢ × ٦ = ٤٠ + ٨

٩ ٦ × ٤ = ▢

١٠ ٦ × ٩ = ▢

١١ ئامێری گیتار ٦ ژێی هەیە و ئامێری عود ٥ ژێی هەیە، لە ٤ گیتار و ٢ عود چەند ژێ هەیە؟

١٢ **بنووسە** ڕیزکراوەیەك بکێشە کەوا ڕوونیبکاتەوە ٦ × ٤ یەکسانە بە ١ × ٤ کۆ ٥ × ٤؟

هەڵبژاردن لە هەمەجۆر

١٣ ژمارەی نادیار لە ٦ × ▢ = ٤٨ چییە؟

أ ٥   ب ٦   ج ٨   د ١٠

وانەی
٢

لێكدان لە ٧ و لە ٨

پێداچوونەوەی خێرا

١ ٦ × ٤ = ☐

٢ ٣ × ٦ = ☐

٣ ٢ × ٦ = ☐

٤ ٥ × ٦ = ☐

فێربە

پشوو پشووی هاوین ٨ هەفتەی خایاند.

پشووی هاوین چەند ڕۆژی خایاند؟


نموونە

ئەنجامی ٨ × ٧ = ☐

پرسیارێك بنوێنە بۆ ئەوەی شیكاری بكەی.

هەنگاوی ١


ڕیزكراوەیەكی ٨ ڕیزی پێكبهێنە كە لە هەریەكیان ٧ چوارگۆشەی بچووك هەبێت.



٨ × ٧ = ☐

هەنگاوی ٢

ڕیزكراوەكە بەش بكە بۆ دوو ڕیزكراوەی بچووك.



٨ × ٣ = ٢٤ ٨ × ٤ = ٣٢

هەنگاوی ٣

ئەنجامی لێكدانی دوو ڕیزكراوەكە كۆ بكەوە.

$$\begin{array}{r} ٢٤ \\ + ٣٢ \\ \hline ٥٦ \end{array}$$

ئەمەت دەست دەكەوێت

٨ × ٧ = ٥٦

كەواتە، ژمارەی ڕۆژەكانی پشووی هاوین ٥٦ ڕۆژە.

نان دایكم ٦ نانەقەیسی دروستكرد بۆ هەر نانەك ٨ قەیسی پێویست بوو، ئایا چەند قەیسی پێویستە؟

شێوازێك بەكاربهێنە بۆ دۆزینەوەی وەڵام



١ × ٨ = ٨

٢ × ٨ = ١٦

٣ × ٨ = ٢٤

٤ × ٨ = ٣٢

٥ × ٨ = ٤٠

٦ × ٨ = ٤٨

كەواتە، دایكم پێویستی بە ٤٨ قەیسی هەیە.

ساغبكەوە

١ ڕوونیبكەوە چۆن ٧ × ٥ بەش دەكەی بۆ دوو بەش، بۆ ئەوەی ئەنجامی لێكدان هەژمێر بكەیت؟

٢ ڕوونیبكەوە چۆن ٤ × ٥ = ٢٠ بەكاردەهێنرێت بۆ ئەوەی ئەنجامی ٨ × ٥ هەژمێر بكەیت؟

٣ ڕوونیبكەوە چۆن ٦ × ٢ = ١٢ بەكاردەهێنرێت بۆ ئەوەی ئەنجامی ٧ × ٢ هەژمێر بكەیت؟

لێكبدە.

٤ ٧ × ٤ = ☐ ٥ ٧ × ٠ = ☐ ٦ ٧ × ٥ = ☐

ڕاهێنان و شیكاركردنی پرسیارەكان

تەواو بكە

٧ ٧ × ٧ = ☐ ٨ ☐ = ٤ × ٩ ٩ ٨ × ٧ = ☐ ١٠ ٨ × ٦ = ☐

١١ ١ × ٧ ١٢ ٧ × ٦ ١٣ ٧ × ٨

١٤ ٥ × ٨ ١٥ ٩ × ٦ ١٦ ٧ × ٩

خشتەی لێكدان لە ٧ تەواو بكە.

١٧

×	١	٢	٣	٤	٥	٦	٧	٨	٩
٧	☐	☐	☐	☐	☐	☐	☐	☐	☐

خشتەی لێكدان لە ٨ تەواو بكە.

١٨

×	١	٢	٣	٤	٥	٦	٧	٨	٩
٨	☐	☐	☐	☐	☐	☐	☐	☐	☐

١٩ دەوەن ٧ هەفتە پشووی هەبوو. ٣ هەفتەی لە خێوەتگەی دێدەوانی بەسەر برد. ئەوەی تری لە ماڵەوە بەسەربرد چەند ڕۆژی لەماڵەوە بەسەر بردووە؟

٢٠ ئازاد ٧ تورەگە سێوی هەیە، هەریەكیان ٨ سێوی سەوزی تێدایە، تورەكەی هەشتەم سێوی سوری تێدایە. ژمارەی سێوەكان ٦٠، ژمارەی سێوە سوورەكان چەندە؟

٢١ دەرئەنجام چۆن ڕوونیدەكەیتەوە، بێ ئەوەی هەژمار بكەی، كە ٩ × ٧ بچووكترە لە ٩ × ٨؟

هەڵبژاردن لە هەمەجۆر

٢٢ مازن ملوانكەیەك و ٤ بازنی دروستكرد هەر بازنێك ٨ مورووی تێكرد و ٢٠ مورووش لە ملوانككە كرد، چەند مورووی بەكارهێناوە؟

أ ١٢٠ ب ٣٢ ج ٤٠ د ٥٢

وانەی ٣

لێکدان لە ٩ و لە ١٠




پێداچوونەوەی خێرا

١) ٤ × ٨ = ▢

٢) ٧ × ٥ = ▢

٣) ٨ × ٠ = ▢

٤) ٦ × ٧ = ▢



دارستان سمۆرە گیانلەبەرێکی ددان گەورەیە دارەکانی پێ دەبڕێت، ٥ سمۆرە هەر یەکەیان ١٠ دار دەبڕێ. چەند داریان بڕیووە؟

٥ × ١٠ = ▢

ژماردن بۆ پێشوە دەدە ٥ جار بەکاربێنە.

٠ ١٠ ٢٠ ٣٠ ٤٠ ٥٠

لە بیرتە ٥ × ١٠ واتا ٥ دەیی یان ٥ × ١٠ = ٥ دەیی.

کەواتە ژمارەی دارە بڕاوەکان دەکاتە ٥٠ دار.



لە بیرمەکە بۆ ئەوەی ژمارەیەک لە ١٠ بدەی، سفرێك بۆ لای ڕاستی ژمارەکە زیادبکە: ٨ × ١٠ = ٨٠

لێکدان لە ٩ داوا لە ٩ قوتابی پۆلی سێیەم بکە وێنەی گیانەوەرەکانی دارستانەکە بکێشن، بۆ هەڵواسینیان لە پێشەنگاکە. هەر یەکەیان ٧ وێنەی کێشا. چەند وێنەیان کێشاوە؟

٧ × ٩ = ▢

شیلان و گەلاوێژ هەڵسان بۆ دۆزینەوەی وەلام بە دوو ڕێگەی جیاواز.

شیلان
• یەکەم جار ٧ لە ١٠ دەدەم
٧ × ١٠ = ٧٠
• پاشان، ٧ی لێ دەردەکەم
٧٠ − ٧ = ٦٣
کەواتە:
٧ × ٩ = ٦٣

گەلاوێژ
ڕیزکراوەکان بەکاربهێنە
• یەکەم جار ٧ لە ٥ بدە
٧ × ٥ = ٣٥
• پاشان ٧ لە ٤ بدە
٧ × ٤ = ٢٨
• هەردوو ئەنجام کۆبکە
٣٥ + ٢٨ = ٦٣

٠ × ٩ = ٠
١ × ٩ = ٩
٢ × ٩ = ١٨
٣ × ٩ = ٢٧
٤ × ٩ = ٣٦
٥ × ٩ = ٤٥
٦ × ٩ = ٥٤
٧ × ٩ = ٦٣
٨ × ٩ = ٧٢
٩ × ٩ = ٨١

کەواتە، قوتابیان ٦٣ وێنەیان کێشا.

ساغبکەوە

١ ڕوونیبکەوە چۆن بە ڕێگەی شیلان ئەنجامی ٣ × ٩ هەژمێر دەکەیت؟

٢ ڕوونیبکەوە چۆن بە ڕێگەی گەلاوێژ ئەنجامی ٣ × ٩ هەژمێر دەکەیت؟

تەواوبکە.

٣ ٣ × ١٠ = ▢

٤ ١٠ × ٦ = ▢

٥ ٨ × ٩ = ▢

٦ ▢ = ٩ × ٢

٧ ▢ × ٧ = ٦٣

٨ ▢ × ٩ = ٩٠

ڕاهێنان و شیکارکردنی پرسیارەکان

تەواوبکە.

٩ ▢ = ١٠ × ٤

١٠ ٩ × ٩ = ▢

١١ ▢ = ٧ × ١٠

١٢ ١٠ × ٨

١٣ ٩ × ٤

١٤ ١٠ × ١

١٥ ١٠ × ٦

بەراورد بکە و هێمای > یان < یان = لە شوێنی ● دابنێ.

١٦ ١٠ × ٦ ● ٧٥ − ١٥

١٧ ٨ × ٩ ● ٩ × ٨

١٨ **بینووسە** نەرمین وتی «٣ × ١٠ یەکسانە بە ١٠ + ١٠ + ١٠»، ئایا لەگەڵ وتنی ئەوی، ڕوونی بکەوە.

١٩ سەمیرە ٣ سینی بچووکی لە کلیچەی گوێزی دروستکرد، هەر سینیەك ١٠ کلیچەی تیادابوو، دوو سینی تریشی لە کلیچەی خورما هەر سینیەك ٨ کلیچەی تیادابوو. سەمیرە چەند کلیچەی دروستکرد؟

هەڵبژاردن لە هەمەجۆر

٢٠ مازن چەند نەمامێکی لە شێوەی ڕیزکراوەی لە ٣ ڕیز چاند، لە هەر ڕیزێك ٩ نەمام. کام ڕستە ژمارەیییە یارمەتی ئەنجامدانی ژمارەی نەمامەکان دەدات؟

أ ٩ − ٣ = ٦ ب ٣ + ٩ = ١٢ ج ٩ ÷ ٣ = ٣ د ٣ × ٩ = ٢٧

وانەی
٤

ڕاهێنان لەسەر لێکدان



پێداچوونەوەی خێرا

١ ٥ × ٤ = ▢

٢ ٢ × ٨ = ▢

٣ ٤ × ٩ = ▢

٤ ٧ × ٨ = ▢


فێربە

مەلەوانی هەر ڕاهێنەرێك ٦ منداڵ فێری مەلەوانی دەكات، لەهەر تیپێك ژمارەی ڕاهێنەرەكان ٧ بوون، ژمارەی منداڵەكان چەندبوون؟


٧ × ٦ = ▢

زۆر ڕێگا فێربووی بۆ هەژمێركردنی ٧ × ٦.

أ ڕیزكراوەكە بەش بكە بۆ ڕاستییەكانی لێكدانی زانراو.



٢ × ٦ = ١٢



٥ × ٦ = ٣٠

١٢ + ٣٠ = ٤٢ كەواتە، ٧ × ٦ = ٤٢

ب خشتەی لێكدان بەكاربێنە.

×	٠	١	٢	٣	٤	٥	٦	٧	٨	٩
٠	٠	٠	٠	٠	٠	٠	٠	٠	٠	٠
١	٠	١	٢	٣	٤	٥	٦	٧	٨	٩
٢	٠	٢	٤	٦	٨	١٠	١٢	١٤	١٦	١٨
٣	٠	٣	٦	٩	١٢	١٥	١٨	٢١	٢٤	٢٧
٤	٠	٤	٨	١٢	١٦	٢٠	٢٤	٢٨	٣٢	٣٦
٥	٠	٥	١٠	١٥	٢٠	٢٥	٣٠	٣٥	٤٠	٤٥
٦	٠	٦	١٢	١٨	٢٤	٣٠	٣٦	٤٢	٤٨	٥٤
٧	٠	٧	١٤	٢١	٢٨	٣٥	٤٢	٤٩	٥٦	٦٣
٨	٠	٨	١٦	٢٤	٣٢	٤٠	٤٨	٥٦	٦٤	٧٢
٩	٠	٩	١٨	٢٧	٣٦	٤٥	٥٤	٦٣	٧٢	٨١

ج ئاڵوگۆڕ لە لێكدان بەكاربێنە.

هەوڵ بدە كۆڵكەكان ئاڵوگۆڕ بكەیت

بیربكەوە: ئەگەر ٦ × ٧ = ٤٢

ئەوا ٧ × ٦ = ٤٢

كەواتە ژمارەی منداڵەكان ٤٢ منداڵە.

د ئەگەر یەكێك لە كۆڵكەكان جووت بوو چەند جارە بەكاربێنە. ٦ كۆڵكەیەكی جووتە

بیربكەوە: ٦ دوو ئەوەندەی ٣ یە ئەنجامی

٧ × ٣ = ٢١

كەواتە ٧ × ٦ = ٢١ + ٢١ = ٤٢

ڕێگاكانی دۆزینەوەی ئەنجامی لێكدان

ئەگەر هاتوو ژمارەی ڕاهێنەرەكان ٨ و ژمارەی منداڵەكان ٥ بێت لە هەر تیپێك، ژمارەی هەموو منداڵەكان دەبێتە چەند؟ دونیا و دانا دوو ڕێگا جیاوازیان بەكارهێنا بۆ دۆزینەوەی ئەنجامی ٨ × ٥

• ئەگەر ڕاستی لێكدانی ٨ × ٥ لەبیرت نییە كام ڕێگە بەكاردێنی؟

دونیا

بۆ ئەوە ژمارەیەك لە ٨ بدەم هەڵدەستم بە لێكدانی لە ٤ وە ئەنجام دوو ئەوەندە دەكەم.

×	٠	١	٢	٣	٤	٥
٤	٠	٤	٨	١٢	١٦	٢٠

×	٠	١	٢	٣	٤	٥
٨	٠	٨	١٦	٢٤	٣٢	٤٠

وە لەبەر ئەوەی ٤×٥=٢٠

ئەوا ٨ × ٥ = ٤٠

دانا

دەتوانم سیفەتی ئاڵوگۆڕ لە لێكدان بەكاربێنم.

لەبەر ئەوەی ٨ × ٥ = ٥ × ٨

وە لەبەر ئەوەی ٥ × ٨ = ٤٠

ئەوا ٨ × ٥ = ٤٠

ساغبکەوە

١ ڕوونیبکەوە چۆن ڕاستی لێکدانی ٩ × ٥ = ٤٥ بەکاردێنیت بۆ دۆزینەوەی ٨ × ٥؟

٢ ڕوونیبکەوە چۆن دوو ئەوەندە بەکاردێنیت بۆ هەژمێرکردنی ٦ × ٩؟

تەواوبکە.

٣ ٢ × ٥ = ▢ ٤ ٦ × ٦ = ▢ ٥ ٢ × ٢ = ▢

٦ ٥ × ٩ ٧ ٦ × ٣ ٨ ٣ × ٣

ڕاهێنان و شیکارکردنی پرسیارەکان

بەراورد بکە و هێمای > یان < یان = لە شێونی ● دابنێ.

٩ ٤ × ٩ ● ٦ × ٦ ١٠ ٣ × ٦ ● ١٨

١١ ٨ × ٩ ● ٨ + ٩ ١٢ ٧ × ٧ ● ٥٠

بنووسە دروستە یان هەڵەیە لەناو لاکێشەکە، بەرامبەر هەر ڕاهێنانێك.

١٣ ٤ × ٦ = ٢٤ ▢ ١٤ ٨ × ٦ = ٤٠ ▢ ١٥ ٧ × ٧ = ٤٧ ▢

١٦ ٨ × ٨ = ٦٤ ▢ ١٧ ٥ × ٩ = ٥٥ ▢ ١٨ ٩ × ٩ = ٩٩ ▢

١٩ کاروان ٤ تێنووسی کڕی، هەر تێنووسێك بە ٣ هەزار دینار، کاروان چەندی داوە؟

٢٠ ئاراس ٨ هەفتەی لە بەغدا بەسەربرد، چەند ڕۆژی لە بەغدا بەسەر بردووە؟

٢١ **بیرکردنەوەی ڕەخنەگر** سولاف وتی «ئەگەر هەر ژمارەیەك لە ٧ بدەی ژمارەیەکی تاکت دەستدەکەوێت» ئایا لە گەلیای؟ لەوەبکۆڵەوە.

٢٢ دوکاندارێك ٩ قاپی فرۆشت، نرخی هەر قاپێك ٦ هەزار دینار بوو و دۆڵکەیەکیش نرخەکەی ٤ هەزار دینار بوو. چەندی وەرگرتووە لە کڕیارەکە؟

٢٣ **پرسیار** مەحمود ماوەی ٩ هەفتەو ٤ ڕۆژ لە قاهیرە و بەیروت بەسەر برد، لە قاهیرە ٣٥ ڕۆژ مایەوە، چەند ڕۆژ لە بەیروت بەسەر بردووە؟

هەڵبژاردن لە هەمەجۆر

٢٤ هاوار ٣ جار لە هەفتەیەکدا مەشق دەکات لە میانەی ٩ هەفتە. هاوار دووجار نەهاتووە بۆ مەشقکردن. هاوار چەند جار مەشقیکردووە؟

أ ٣ ب ٢٤ ج ٢٥ د ٢٧

وانەی
٥

ژمارەی نادیار

پێداچوونەوەی خێرا

١) ٤ × ٦ = ■ ٢) ٢ × ٧ = ■

٣) ■ = ٣ × ٠ ٤) ٦ × ١ = ■



فێربە

پێشبرکێ لە دروست کردنی شیرینی ئازاد پێشبرکێیەکی بردەوە. ٣٥ پارچە شیرینی دروست کرد و لە چەند قاپێکی دانا، لە هەر قاپێك ٥ پارچە. چەند قاپی بەکارهێنا؟

خشتەی لێکدان بەکاربهێنە بۆ دۆزینەوەی کۆڵکەی نادیاری لێکدان.

■ × ٥ = ٣٥

■ ← ژمارەی قاپەکان ؛ ٥ ← ژمارەی پارچەکان لە هەر قاپێك ؛ ٣٥ ← ژمارەی هەموو پارچەکان

لە ستوونی ژمارە «٥» دەستپێبکە. سەیری ژمارەکانی ئەو ستوونە بکە تا ژمارە ٣٥ دەدۆزیەوە، پاشان سەیری ئەو ژمارەیە بکە کە لە ڕیزی ژمارە ٣٥ دایە.

کۆڵکەی نادیاری لێکدان دەکاتە ٧.

٧ × ٥ = ٣٥

٧ ← ژمارەی قاپەکان ؛ ٥ ← ژمارەی پارچەکان لە هەر قاپێك ؛ ٣٥ ← ژمارەی هەموو پارچەکان

کەواتە، ئازاد ٧ قاپی بەکارهێنا.

ستوون (٥) — ڕیز (٧)

×	٠	١	٢	٣	٤	٥	٦	٧	٨	٩
٠	٠	٠	٠	٠	٠	٠	٠	٠	٠	٠
١	٠	١	٢	٣	٤	٥	٦	٧	٨	٩
٢	٠	٢	٤	٦	٨	١٠	١٢	١٤	١٦	١٨
٣	٠	٣	٦	٩	١٢	١٥	١٨	٢١	٢٤	٢٧
٤	٠	٤	٨	١٢	١٦	٢٠	٢٤	٢٨	٣٢	٣٦
٥	٠	٥	١٠	١٥	٢٠	٢٥	٣٠	٣٥	٤٠	٤٥
٦	٠	٦	١٢	١٨	٢٤	٣٠	٣٦	٤٢	٤٨	٥٤
٧	٠	٧	١٤	٢١	٢٨	٣٥	٤٢	٤٩	٥٦	٦٣
٨	٠	٨	١٦	٢٤	٣٢	٤٠	٤٨	٥٦	٦٤	٧٢
٩	٠	٩	١٨	٢٧	٣٦	٤٥	٥٤	٦٣	٧٢	٨١

نموونە

کۆڵکەی نادیار لە ٤ × ■ = ١٢ چییە؟

لەڕیزی کۆڵکەی لێکدانی ٤ دەستپێبکە.

سەیری ژمارەکان بکە لەو ڕیزە تا ژمارەی ١٢ دەدۆزیەوە پاشان، سەیری ژمارە ١٢ بکە لەکام ستوونە. لە ستوونی ژمارە٣، کۆڵکەی نادیار دەکاتە ٣. ٤× ٣ =١٢

ستوون (٣) — ڕیز (٤)

×	٠	١	٢	٣	٤	٥	٦	٧	٨	٩
٠	٠	٠	٠	٠	٠	٠	٠	٠	٠	٠
١	٠	١	٢	٣	٤	٥	٦	٧	٨	٩
٢	٠	٢	٤	٦	٨	١٠	١٢	١٤	١٦	١٨
٣	٠	٣	٦	٩	١٢	١٥	١٨	٢١	٢٤	٢٧
٤	٠	٤	٨	١٢	١٦	٢٠	٢٤	٢٨	٣٢	٣٦
٥	٠	٥	١٠	١٥	٢٠	٢٥	٣٠	٣٥	٤٠	٤٥
٦	٠	٦	١٢	١٨	٢٤	٣٠	٣٦	٤٢	٤٨	٥٤
٧	٠	٧	١٤	٢١	٢٨	٣٥	٤٢	٤٩	٥٦	٦٣
٨	٠	٨	١٦	٢٤	٣٢	٤٠	٤٨	٥٦	٦٤	٧٢
٩	٠	٩	١٨	٢٧	٣٦	٤٥	٥٤	٦٣	٧٢	٨١

لە بیرمەکە کاتێك ئەنجامی لێکدان و یەکێك لە دوو کۆڵکەی لێکدانی دەزانی، خشتەی لێکدان یارمەتیت دەدات بۆ دۆزینەوەی.

ساغبکەوە

١ ڕوونیبکەوە چۆن خشتەی لێکدان بەکاردێنیت بۆ دۆزینەوەی کۆلکەی نادیاری □ × ٦ = ١٨؟

ڕاهێنان و شیکارکردنی پرسیارەکان

کۆلکەی نادیار چییە؟

٢ □ × ٤ = ١٢

٣ ١ × □ = ٩

٤ □ × ٢ = ١٨

٥ □ × ٤ = ٣٦

٦ ٤ × ٦ = □ × ٣

٧ ٩ × □ = ٥٠ - ٥

٨ ئەنجامی لێکدانی ٤ لە ژمارەیەکی تر دەکاتە ٢٨ ئەو ژمارەیە چییە؟

٩ ئالا ٣ کورسی بۆ هەر مێزێك لە هۆڵەکە دانا. ئایا ژمارەی مێزەکان چەندە ئەگەر ٢١ کورسی لە هۆلەکەدابێت؟ ڕستەی لێکدان بۆ شیکاری پرسیارەکە بنووسە.

خۆشی: لێکدان بە لێکدان

سەرنج لەم خشتەیەی خوارەوە بدە.

٢	١	٢
٤	٥	٢٠
٨	٥	٤٠

- لەهەر ڕیزێك، ئەگەر ژمارەی یەکەم جارانی ژمارەی دووەم بکەی، ژمارەی سێیەمت دەستدەکەوێت.
- لەهەر ستوونێك ئەگەر ژمارەی یەکەم جارانی ژمارەی دووەم بکەی، ژمارەی سێیەمت دەستدەکەوێت.
- ژمارەی یەکەم لە ڕیزی یەکەم «١» نییە.

بۆیە چوارگۆشەیەکی وەها پێیدەوترێت «لێکدان بە لێکدان».

هەر یەك لەم خشتانە تەواوبکە بۆ ئەوی چوارگۆشەی «لێکدان بە لێکدان»ت دەستبکەوێت.

١٠

٣	٥	
		٢
	٥	

١١

٢		
٤	٧	
		٥٦

١٢

٥		١٥
		٣٠

١٣

٣		
	٧	
		٤٢

هەڵبژاردن لە هەمەجۆر

١٤ ژمارەی نادیار چییە؟

٦ × □ = ٤٢؟

أ ٤ ب ٢ ج ٧ د ٨

وانەی ٦

ڕێگاکانی شیکاری پرسیارەکان

وێنەیەك بکێشە



پێداچوونەوەی خێرا

١. ٢ × ٨ = ▢

٢. ٨ × ▢ = ٢٤

٣. ▢ × ٨ = ٦٤

٤. ▢ × ٨ = ٣٢

پرسیار نەنکی یارا ١٦ چوارگۆشەی بچووکی لە خوری چنی. چۆن دەتوانێ ئەو چوارگۆشانە بچنێ بۆ پێك هێنانی سەرپۆشێك هەمان ژمارەی چوارگۆشەی هەبێت لە درێژی و لە پانی؟



تێبگە

- داواکراو چییە؟
- ئەو پێدراوانەی بەکارت هێناوە چییە؟
- ئایا پێدراوی تر هەیە بەکارت نەهێنابێت؟


پلاندانێ

- کام ڕێگە بەکاردێنیت بۆ شیکارکردنی پرسیارەکان؟
  دەتوانی ڕێگەی «وێنەیەك بکێشە» بەکاربێنی بۆ دۆزینەوەی شیکارەکە.

شیکاربکە

- چۆن ئەو ڕێگایە بەکاردێنی لە شیکارکردنەکە؟


٣ چوارگۆشە بە درێژی و ٣ چوارگۆشە بە پانی تاقی بکەوە.



٣ × ٣ = ٩

ئەو شیکارە تەنها ٩ چوارگۆشەی بەکارهێنا.

٤ چوارگۆشە بە درێژی و ٤ چوارگۆشە بە پانی تاقی بکەوە.



٤ × ٤ = ١٦

ئەو شیکارە ١٦ چوارگۆشەی بەکارهێنا.

کەواتە، نەنکی یارا پشتی بە شێوەی دووەمی بەست و چوارگۆشەکانی دووری، سەرپۆشەکەی دروستکرد.

ساغبکەوە

- لە پرسارەکە ووردبەوە. ڕوونیبکەوە لەبەرچی شێوەی دووەمی هەڵبژارد.

ڕاهێنان و شیکارکردنی پرسیارەکان

ڕێگەی «وێنەیەك بكێشە» بەکاربێنەبۆ شیکارکردنی پرسیارەکان لە ١ تا ٤.

١ ئەگەر ژمارەی چوارگۆشەکان ٢٥ بوو، چۆن دەتوانی ئەو چوارگۆشانە لەگەڵ یەکتری بدووری بۆ ئەوەی هەمان ژمارەی چوارگۆشەت دەست کەوێ لە درێژی وپانی؟

٢ دایکی مازن ٣٢ چوارگۆشەی بچووکی لە خوری چنی، پێویستە چەند چوارگۆشەی زیاد بچنی بۆ ئەوەی ژمارەی چوارگۆشەکان لەگەڵ یەکتری هەمان ژمارەی هەبێت لە درێژی و لە پانی؟



ژمارەی نەوەکانی خەسرەو ٢٤.
دەیەوێت وێنەکانیان لەسەر دیوار هەڵواسێت.

٣ کام لەم شیکارانەی دێت گونجاو نییە؟

أ ٣ ڕیز لە ٨ ج ٤ ڕیز لە ٦
ب ٦ ڕیز لە ٤ د ٤ ڕیز لە ٨

٤ باپیرە بڕیاری دا ٤ وێنە لەهەر ڕیزێك دابنێ، چەند ڕیزی پێویستە بۆ دانانی ٢٤ وێنە؟

أ ٣ ب ٤ ج ٦ د ٨

ڕێگەکانی شیکارکردنی پرسیار



هێڵکاریەك یا وێنەیەك بکێشە

شێوازێك دروستبکە یان بەکردار جێیە جێبکە
لیستێکی ڕێك دروست بکە
بەدوای شێوازێك بگەڕێ
خشتەیەك یان وێنەیکی ڕوونکردنەوەیی دروستبکە.
بخەملێنە وساغبکەوە
بە هەنگاوەکاندا بگەڕێوە
پرسیاری ئاسانتر شیکاربکە
ڕستەیەکی ژمارەیی بنووسە.
دەرئەنجام ژیربێژی بەکاربێنە


ڕاهێنان لەسەر ڕێگا جیاوازەکان

ستوونی ڕوونکردنەوەیی بەرامبەر بەکاربێنە بۆ شیکارکردنی ڕاهێنانی ٥ تا ٧.

٥ ٣ بۆق لە گۆمەکە ڕۆیشتن چەند گیانلەبەر مانەوە؟

٦ ٨ مراوی گۆمەکەیان بەجێ هێشت، دوو قاز هاتن. بوونە چەند قاز ومراوی لە گۆمەکەدا.

٧ ٥ بۆق هاتن بۆ گۆمەکە. ژمارەی گیانەوەرەکان بوون بە چەند؟




بەشی ٥

پێداچوونەوە

دڵنیابوون لە زاراوەکان و چەمکەکان

رێگایەك بڵێ بۆ بەشکردنی ڕیزکراوەکە، پاشان ئەنجامی لێکدان بنووسە.



٤ چۆن ڕاستی لێکدانی ٦ × ١٠ = ٦٠ بەکاردێنیت بۆ هەژمێرکردنی ٦ × ٩؟

دڵنیابوون لە کارامەییەکان

لێکبدە.

٥ ٦ × ٧ = ▢

٦ ٧ × ٨ = ▢

٧ ٨ × ٥ = ▢

٨ ٦ × ٠ = ▢

٩ ٦ × ٦ = ▢

١٠ ٨ × ٩ = ▢

١١ ٦ × ٩ = ▢

١٢ ١٠ × ٥ = ▢

١٣ ٨ × ٨

١٤ ٨ × ٤

دڵنیابوون لە شیکارکردنی پرسیارەکان

شیکارکردنی پرسیارەکان.

١٥ لە سندوقێك دوو ڕیز سێو هەیە لەهەر ڕیزێك ٦ سێو، ڕێگایەکی تر دیاربکە بۆ ڕیزکردنی سێوەکان لەچەند ڕیزێکی یەکسان.

١٦ هێرش پاکەتێکی کڕی ٣ ڕیز شیرینی تێدابوو. لەهەر ڕیزێك ٤ دانە، ٨ دانەی خوارد. چەند دانە ماوەتەوە؟

١٧ هۆزان ٤٩ پارچە قوماشی چوارگۆشەیی کڕی، بەیەکەوە دووری بۆ دەست کەوتنی چەند چوارگۆشە کە هەمان درێژی و پانی هەبێت. ئەو ژمارەیە چەندە؟

١٨ لە تێنووسی ئازاد ٦ ڕیزی یەکسان لە پوول هەیە، ٣ پوولی نوێی کڕی. هەموو بوونە ٣٣ پوول. چەند پوول هەبوون لەهەر ڕیزێك؟

بەشی ٥

ئامادەبوون بۆ تاقیکردنەوە

ئاگاداربە!

- هەموو ناوەڕۆکەکە بخوێنەوە.
- دڵنیابە لە تێگەیشتنت لە پرسیار.
- وەڵامەکانت ساغبکەوە.

وەڵامی گونجاو دەوربدە لە ڕاهێنانی ١ تا ٩.

١ خوناو چەند تۆپێکی ڕەنگاوڕەنگی دروستکرد. لە پاکەتێکی دانا بە ٦ ڕیز و هەر ڕیزێك ٥ تۆپی دانا، چەند تۆپی لە پاکەتەکە دانا؟

أ ٣٠ ب ٢٥ ج ٢٤ د ١١

٢ شۆخان پشووی بەسەر برد کە ٤ هەفتە بوو. ژمارەی ڕۆژەکانی پشووەکە چەندە؟

أ ٣٠ ب ٢٨ ج ٢٤ د ٢٠

٣ ئەو ژمارەی کە ڕستەی ژمارەیی ٧ × ▢ = ٤٢ ڕاست دەکات چەندە؟

أ ٥ ب ٦ ج ٧ د ٨

٤ کام لەوانەی دێت شێوەیەکی ترە بۆ نووسینی ٧ + ٧ + ٧؟

أ ٧ × ٧ ب ٣ × ٧ ج ٢١ × ٣ د ٣ + ٧

٥ ٨ × ٨ = ▢

أ ٥٦ ب ٧٢ ج ٦٤ د هیچ لەوانە

٦ بەڕێز پێویستی بە ٥٩ هەزار دینار هەیە بۆ کڕینی پێنووس ٨٥ هەزار دیناری بۆ تێنووس و ٢٩ هەزار دینار بۆ ڕاستە، چەند هەزاری پێویستە؟

أ ١٧٣ ب ٢٢٧ ج ٣٢٧ د ٤٧٣

٧ ٩ قوتابی هەریەکەیان ٦ کتێبی کڕی، هەموویان چەند کتێبیان کڕی؟

أ ١٥ ب ٣٦ ج ٤٥ د ٥٤

٨ ڕابەری تیپی دێدەوانی ٤ پیتزای کڕی، هەر یەکەیانی بەشکرد بۆ ١٠ پارچەی یەکسان. پارچەکانی دابەشکرد بەسەر ئەندامی تیپەکەوە ودوو پارچەی مایەوە. چەند پارچەی دابەشکردووە؟

أ ١٦ ب ٢٠ ج ٣٨ د ٤٢

٩ دانا ٣ کتێبی فرۆشت، دەوەن ٤، بەهای هەر یەکەیان ٦ هەزار دینارە. بەهەردووکیان چەند پارەیان کۆکردۆتەوە؟

أ ٤٩ ب ٤٢ ج ١٣ د ٧

ئەوەی دەیزانی بینووسە

١٠ کاتیا ٢١ چوارگۆشەی بچووکی لە خوری چنی و دەیویست شالێکی چوارگۆشەیی دروست بکات، چەند چوارگۆشەی بچووکی تر دەبێت بچنێت؟

بەشی ٦

دابەشکردن

منداڵەکان ئەو کارتانەی وێنەی پاڵەوانانی وەرزشیان پێوەیە دەگۆڕنەوە. لە ئەلبومەکانیان ڕێکیان دەخەن.

پرسیار بۆ شیکارکردن: سەیری وێنەداری ڕوونکردنەوەیی بکە. ئەگەر لەهەر ئەلبومێك ٤ کارت دانرا. هەرمنداڵێك چەند ئەلبومی دەوێ؟

کۆمەڵەی کارتەکان	
گۆڤان	14 وێنەی کارت
جەمال	8 وێنەی کارت
ئارام	14 وێنەی کارت
نەوژین	18 وێنەی کارت
ژین	10 وێنەی کارت

وێنەی کارت = ٢ کارت

زانیارییەکانت ساغبکەوە



ئەم لاپەڕەیە بەکاربهێنە بۆ دڵنیابوون لە هەبوونی
ئەم زانیارییانەی کەوا پێویستە لەم بەشەدا

زاراوەکان

دەربڕینێکی گونجاو لە لیستی بەرامبەر هەڵبژێرە.

١ ژمارە ٢٤ لە ڕستەی لێکدانی ٦ × ٤ = ٢٤
پێی دەوترێت ___؟___ .


٢ ژمارەی ٥ لە ڕستەی لێکدانی ٥ × ٣ = ١٥
پێی دەوترێت ___؟___ .

کۆلکەی لێکدان
ئەنجامی لێکدان
سەرجەم

واتای لێکدان

کۆیی بکەو پاشان تەواو بکە.

٣




أ ☐ کۆمەڵە لە ☐

ب ☐ + ☐ + ☐ = ☐

ج ☐ × ☐ = ☐

٤



أ ☐ کۆمەڵە لە ☐

ب ☐ + ☐ = ☐

ج ☐ × ☐ = ☐

ڕستەیەکی کۆکردنەوە و ڕستەیەکی لێکدان بۆ هەر وێنەیەك بنووسە.

٥



٦



ڕاستییەکانی لێکدان

لێکبدە.

٧ ٦ × ٧ = ☐ **٨** ٣ × ٨ = ☐ **٩** ☐ = ٨ × ٩

١٠ ☐ = ٩ × ٨ **١١** ☐ = ٦ × ٨ **١٢** ٨ × ٧ = ☐



پێداچوونەوەی خێرا

١ ٦ × ٤ = ▢

٢ ٣ × ٥ = ▢

٣ ٢ × ٦ = ▢

٤ ٧ × ٣ = ▢

زاراوەکان

دابەشکردن — هێمای دابەشکردن

کەرستەکان پەپکی بچووک

وانەی ١

بەدەستی

واتای دابەشکردن

بدۆزەوە


کاتێ لێکدەدەیت، کۆمەڵە یەکسانەکان دەخەیتە پاڵ یەك،
وە کاتێ **دابەشدەکەیت**، هەڵدەستین بە بەشینەوە بۆ کۆمەڵەکانی یەکسان.

چالاکی

ئەگەر ١٤ پەپك بەشبکەین بۆ دوو کۆمەڵەی یەکسان، ژمارەی پەپکەکان لەهەر کۆمەڵێك چەند دەبێ؟


هەنگاوی ١

١٤ پەپك بەکاربێنە. دوو بازنە بکێشە.




هەنگاوی ٢

پەپکێك لەهەر بازنەیەك دابنێ.



هەنگاوی ٣

کردارەکە دووبارە بکەوە تا پەپك نامێنێت.



کەواتە. هەر کۆمەڵەیەك ٧ پەپکی تێدایە.

ئەوەی پێی هەڵسای **دابەشکردنی** ١٤یە بەسەر ٢. بنووسە: ١٤ ÷ ٢ = ٧

بخوێنەوە: ١٤ دابەش ٢ یەکسانە بە ٧.

یان ١٤ لەسەر ٢ یەکسانە ٧.

بە هێمای ÷ دەوترێت هێمای **دابەشکردن**.

٢٠ پەپك بەش دەکەین بەسەر ٥ کۆمەڵەی یەکسان چەند پەپك لەهەر کۆمەڵەیەکدا هەیە؟

هەوڵبدە

پەپکەکان بەکاربێنە بۆ دروستکردنی کۆمەڵە یەکسانەکان

أ ٢٠ پەپك بەشبکە بۆ ٥ کۆمەڵەی یەکسان. چەند پەپك لەهەر کۆمەڵەیەك هەیە؟


ب ١٢ پەپك بەشبکە بۆ کۆمەڵەی یەکسان بە چەند ڕێگایەك.

ج چەند کۆمەڵەت دەست کەوت لەهەر ڕێگەیەك؟

بـبـەسـتـەوە


لەبیرمەکە لەکاتی بەشینەوە بۆ کۆمەڵەکانی یەکسان، دابەشکردن بەکاردێنیت بۆ دۆزینەوەی ژمارەی شتەکان لەهەر کۆمەڵەیەك، یان بۆ دۆزینەوەی ژمارەی کۆمەڵەکان.

٤ برادەر ٢٠ هەڵماتی ڕەنگاوڕەنگیان بەیەکسانی لە نێوان خۆیان بەشکرد. بەشی هەریەکەیان چەندە؟



هەڵماتێك لەهەر بازنەیەك دابنێ تا هیچ هەڵمات نەمێنێ. هەر برادەرێك ٥ هەڵماتی دەست دەکەوێ.

هەر منداڵێك ٤ شەکرۆکەی دەوێت. چەند منداڵ دەتوانن ٢٠ شەکرۆکە بەیەکسانی بەش بکەن بەسەر خۆیاندا؟



کۆمەڵە دروست بکە لە ٤ شەکرۆکە تا هیچ شەکرۆکە نەمێنێ، ٥ کەس دەتوانن شەکرۆکەکان بەیەکسانی بەش بکەن لە نێوان خۆیان.

ساغبکەوە

١ ٣ برا ١٥ پێنووسیان بەسەر یەکا بە یەکسانی دابەشکرد، هەریەکەیان چەندی بەردەکەوێ؟

٢ ژمارەیەك قوتابی ٢٤ پارچە حەلوایان بەسەر خۆیان بەیەکسانی دابەشکرد، هەریەکەیان ٤ پارچە حەلوای بەرکەوت، ژمارەی قوتابییەکان چەندە؟

ڕاهێنان و شیکارکردنی پرسیارەکان

پەپك بەکاربێنە تا یارمەتیت بدات بۆ تەواوکردنی خشتەکان.

	ژمارەی پەپك	ژمارەی کۆمەڵە یەکسان	ژمارەی پەپك لەهەر کۆمەڵەیەك
٣	١٥	٥	▢
٤	٢١	▢	٣
٥	٢٤	٣	▢
٦	٢٨	▢	٧

پەپك بەکاربێنە بۆ شیکارکردنی ڕاهێنانەکان لە ٧ تا ٩.

٧ ٥ هاوڕێ ٣٠ پێنووسیان بە یەکسانی بەشکرد. بەشی هەر یەکەیان چەند پێنووس بوو؟

٨ **بنووسە** چۆن ٣٢ پەپك بەش دەکەی بۆ چوار کۆمەڵەی یەکسان؟

٩ سۆلین دەیەوێت ١٨ پەرتووك لەسەر چەند ڕەفەیەك بە یەکسانی ڕێك بخات. ٣ ڕێگا بڵێ بۆ ئەو کارە؟

هەڵبژاردن لە هەمەجۆر

١٠ دانا ٢٤ سێوی بۆ ٤ کۆمەڵەی یەکسان دابەشکرد. چەند سێوی لەهەر کۆمەڵەیەکدا داناوە؟

أ ٤ ب ٦ ج ٧ د ٢٠

وانەی ٢

دابەشکردن و لێکدان

پێداچوونەوەی خێرا

١ ٢ × ٧

٢ ٤ × ٢

٣ ٢ × ٩

٤ ٣ × ٨

زاراوەکان

بەشراو بەشکراو

ئەنجامی دابەشکردن

دوو کرداری پێچەوانە


فێربە

پوولەکان ئەوەی لە لێکدان و ڕیزکراوەکان فێربوویت بەکاردەهێنی بۆ تێگەیشتنی دابەشکردن. سیروان ١٨ پوولی پۆستەی کڕی لە تێنووسێکی تایبەتی دانا. پوولەکانی بە یەکسانی لەسەر ٣ ڕیز دابەشکرد. لەهەر ڕیز چەند پوولی دانا؟

١٨ ÷ ٣ = ▢

ژمارەی پوولەکان ← ١٨ ، ژمارەی ڕیزەکان ← ٣ ، ژمارەی پوولەکان لەهەر ڕیزێك ← ▢

بۆ شیکاری پرسیارەکە، ڕیزکراوەیەك پێك بێنە لە ١٨ پەپك و لە ٣ ڕیزی یەکسان، لە پاشان پەپکەکان لەهەر ڕیزێك بژمێرە. لەبەر ئەوەی ٣ × ٦ = ١٨، ئەوا ١٨ ÷ ٣ = ٦.



٣ ڕیز لە ٦ = ١٨

١٨ ÷ ٣ = ٦

بەشکراو ← ١٨ ، بەشراو ← ٣ ، ئەنجامی دابەشکردن ← ٦

ئەنجامی دابەشکردن ← ٦

بەشراو ← ٣)١٨ ← بەشکراو

کەواتە لەهەر ڕیزێك ٦ پوول هەیە.

لەبیرمەکە لێکدان و دابەشکردن **دوو کرداری پێچەوانەن**.


نموونە

أ	ب	ج
٤ ڕیز لە ٣ = ١٢	دوو ڕیز لە ٧ = ١٤	٣ ڕیز لە ٥ = ١٥
١٢ ÷ ٤ = ٣	١٤ ÷ ٢ = ٧	١٥ ÷ ٣ = ٥

ساغبکەوە

١ چۆن ڕیزکراوەکان بەکاردێنی بۆ لێکدان یان دابەشکردن؟

تەواو بکە.

٢ 


٣ ڕیز لە ☐ = ٢٤

٢٤ ÷ ٣ = ☐

٣ 

دوو ڕیز لە ☐ = ١٨

١٨ ÷ ٢ = ☐


٤ 

٣ ڕیز لە ☐ = ١٨

١٨ ÷ ٣ = ☐


ڕاهێنان و شیکارکردنی پرسیارەکان

تەواو بکە.

٥ 


٣ ڕیز لە ☐ = ٢١

٢١ ÷ ٣ = ☐

٦ 

٥ ڕیز لە ☐ = ٣٠

٣٠ ÷ ٥ = ☐

٧ 

٥ ڕیز لە ☐ = ٤٠

٤٠ ÷ ٥ = ☐

ڕستەی ژمارەیی تەواو بکە. ڕیزکراوەیەك بکێشە بۆ هاریکاری کردنت.

٨ ٣ × ☐ = ١٨ ١٨ ÷ ٣ = ☐

٩ ٦ × ☐ = ٢٤ ٢٤ ÷ ٦ = ☐

تەواو بکە.

١٠ ١٢ ÷ ٢ = ☐

١١ ٢٥ ÷ ٥ = ☐

١٢ ٣ × ☐ = ٢١

جەبر تەواو بکە.

١٣ ٤ × ٢ = ٢٤ ÷ ☐

١٤ ☐ × ٣ = ٣٠ ÷ ٥

١٥ ٤ × ١ = ☐ ÷ ٤

١٦ کاوە ١٢ پوولی ڕێکخست لە چەند ڕیزێکی یەکسان لەهەر یەکەیان ٣ پوول، ژمارەی ڕیزەکان چەندە؟

١٧ شێروان ١٨ مۆمی کڕی لەناو چەند پاکەتێك. هەر پاکەتی ٦ مۆمی لەناوبوو، چەند پاکەتی کڕی؟

هەڵبژاردن لە هەمەجۆر

١٨ لاوین ٢٤ ئۆتۆمبیلی بچووکی خستە ناو ٣ پاکەتەوە. چەند ئۆتۆمبیلی لەناو دوو پاکەت دانا؟

أ ٦ ب ٨ ج ١٦ د ١٨

وانەی ٣

ڕاستییە بەیەکەوە بەستراوەکان



پێداچوونەوەی خێرا

١) ٣ × ▢ = ١٨

٢) ▢ × ٦ = ١٨

٣) ١٨ ÷ ٦ = ▢

٤) ٥ × ▢ = ٢٥

زاراوەکان

راستی لێکدان

ڕاستی دابەش

ڕاستییە بەیەکبەستراوەکان

فێربە

ڕاستییەکانی خۆشی ڕستەی لێکدانی ٣ × ٥ = ١٥ پێی **دەوترێ ڕاستی** لێکدان. دەتوانی ڕستەیەکی ژمارەیی تر بنووسی ئەو ژمارانەی لەخۆ بگرێ ٣، ٥، ١٥. دەتوانی بنووسی:

٣ × ٥ = ١٥	١٥ ÷ ٥ = ٣
٥ × ٣ = ١٥	١٥ ÷ ٣ = ٥


ئەو ڕستە ژمارەییانە پێیان دەوترێ **ڕاستییەکانی بەیەکەوەبەستراو** بۆ ژمارەکانی ٣، ٥، ١٥ یان **ڕاستییەکانی لێکدان** و **دابەشکردن** بۆ ژمارەکانی ٣، ٥، ١٥.

چالاکی


بەدەستی

کەرستەکان: پارچە کاغەزی چوار گۆشەیی و مقەست.

سێگۆشەکان بەکاردێن بۆ نووسینی ڕاستییەکانی لێکدان و دابەشکردن. ئەو سێگۆشانە پێیان دەوترێت **سێگۆشەکانی ڕاستییەکان**. کۆمەڵێك سێگۆشەی ڕاستی دروستبکە، وە بەکاریان بێنە بۆ نووسینی ڕاستییەکانی بەیەکەوە بەستراو.



أ) هەر یەك لە پارچە کاغەزەکان لە ناوەڕاستەوە سێ جار بنوشتێنەوە. کاغەزەکە بکەوە وە بیبڕە لە هێڵەکانی نووشتاندنەوە بۆ ئەوەی سێگۆشەکانت دەستکەوێ.



ب) سێگۆشەی ڕاستییەکان دروستبکە بۆ هەر یەکە لە ئەنجامەکانی لێکدانی دێت: ١٢، ١٥، ١٨، ٢٠، ٢٤، ٢٥، ٣٠.

ج) ڕاستییەکانی بەیەکەوە بەستراو بۆ سێ لەم سێگۆشانە بنووسە.



• **دەرئەنجام** چەند سێگۆشەی ڕاستییەکان دروستدەکرێ بۆ ئەنجامی لێکدانی ١٢؟ ڕوونیبکەوە.

بەکارهێنانی خشتەی لێکدان

نموونە

أ ئەنجامی دابەشکردنی بدۆزەوە

لە ١٢ ÷ ٣ = ▢

بیربکەوە: ٣ × ▢ = ١٢

بەدوای ڕیزی ژمارە ٣ لە خشتەی لێکدان بگەڕێ.

سەیری ژمارەکان بکە تا ژمارە ١٢ دەدۆزیەوە.

سەیری ئەو ژمارەیە بکە لەو ستونەی کە ژمارە ١٢ تێدایە.

ئەو ژمارەیە کۆلکەی لێکدانی نادیارە ٣ × ٤ = ١٢

کەواتە، ١٢ ÷ ٣ = ٤

ب بەشدراو چییە لە

٣٠ ÷ ▢ = ٥ ؟

بیربکەوە: ▢ × ٥ = ٣٠

بەدوای ستونی ژمارە ٥ لە خشتەی لێکدان بگەڕێ.

سەیری ژمارەکان بکە تا ژمارە ٣٠ دەدۆزیەوە.

سەیری ئەو ژمارەیە بکە کە لەو ڕیزەی کە ژمارە ٣٠ تێدایە.

ئەو ژمارەیە نادیارە کۆلکەی لێکدانی ٦ × ٥ = ٣٠

کەواتە، ٣٠ ÷ ٦ = ٥

لەبیرت بێ

٣ × ٤ = ١٢

کۆلکەی لێکدان ← ٣، کۆلکەی لێکدان ← ٤، ئەنجامی لێکدان ← ١٢

×	٠	١	٢	٣	٤	٥	٦
٠	٠	٠	٠	٠	٠	٠	٠
١	٠	١	٢	٣	٤	٥	٦
٢	٠	٢	٤	٦	٨	١٠	١٢
٣	٠	٣	٦	٩	١٢	١٥	١٨
٤	٠	٤	٨	١٢	١٦	٢٠	٢٤
٥	٠	٥	١٠	١٥	٢٠	٢٥	٣٠
٦	٠	٦	١٢	١٨	٢٤	٣٠	٣٦

لەبیرمەکە دەتوانی ڕاستیەکانی لێکدان و دابەشکردن بەیەك بەستراو بەکاربێنی بۆ دۆزینەوەی ژمارە نادیارەکە لە ڕستەی دابەشکردن.


• **دەرئەنجام** چۆن لێکدان بەکاردێنی بۆ ساغکردنەوەی ٢٠ ÷ ٤ = ٥؟

ساغبکەوە


١ چۆن خشتەی لێکدان بەکاردێنی بۆ ئەوەی ڕوونیبکەیەوە کە ٥ × ٢ = ١٠ و ١٠ ÷ ٢ = ٥ دوو ڕاستی بەیەکەوە بەستراون.

ژمارەی نادیار لەهەریەك لە سێگۆشەی ڕاستییەکان بنووسە.


٢




٣



٤



٥



ڕاستییەکانی بەیەکەوە بەستراو بۆ ئەو ژمارانە بنووسە.


٦ ٣، ٦، ١٨

٧ ٣، ٧، ٢١


ڕاهێنــان و شیـكاركـردنـی پـرسیـارەكـان

ژمارەی نادیار لەهەر یەكە لە سێگۆشە ڕاستییەكان بنووسە.

٨



٩



ڕاستییەكانی بەیەكەوە بەستراو بنووسە كە دەگەڕێتەوە بۆ ئەم ژمارانە.

١٠ ٥، ٦، ٣٠ **١١** ٢، ٨، ١٦ **١٢** ٥، ٥، ٢٥

ڕاستییەكانی تری بەیەكەوە بەستراو لە هەر یەك لەوانەی دێت بنووسە.

١٣ ٣ × ٧ = ٢١ **١٤** ١ × ٥ = ٥ **١٥** ٥ × ٣ = ١٥

جەبر تەواو بكە.

١٦ ▢ ÷ ٥ = ٦ + ٣ **١٧** ٦ × ▢ = ٥٤ ÷ ٩ **١٨** ٤٢ − ٦ = ▢ × ٩

١٩ تێبینی چی دەكەی دەربارەی ڕاستییەكانی بەیەكبەستراو كە پەیوەستە بە ژمارەكانی ٦، ٦، ٣٦؟

٢٠ **ڕێنوێنی** بە چ هەردوو ڕستە پێك دەچن؟ ٢٠ ÷ ٥ = ٤ و ٢٠ ÷ ٤ = ٥ وە بە چ جیاوازن؟

٢١ لە فرۆشگایەكی ئاژەڵان قاپی ئاو وقاپی خواردن بۆ هەریەكە لە پشیلەو سەگ هەیە. لە فرۆشگاكە ٥ سەگ و ٤ پشیلە هەیە، ژمارەی قاپەكانی ئاو و ژماری قاپەكانی خواردن چەندە؟

شیكاركردنی پرسیارەكان



مشك و پەنیر



شیكاركردنی مەتەڵ لێك بدە.

ن ٦ × ٣	ر ٦ × ٥	خ ٥ × ٧	٣ × ٤
ي ٩ × ٥	پ ٢ × ٧	٨ × ٧	ۆ ٣ × ٢

ز ٨ × ٢ = ▢	ك ٢ × ٢ = ▢	٢ × ٤ = ▢
ش ٧ × ٣ = ▢	ـە ٩ × ٣ = ▢	٥ × ٨ = ▢

بۆ شیكاركردنی مەتەڵەكە. لەسەر هەر ژمارەیەك ئەو پیتە دابنێ كە یەكسانە بە ئەنجامی لێكدانەكە.

مشكەكە چی دەڵێ؟

؟/١٤ ؟/٢٧ ؟/١٨ ؟/٤٥ ؟/٣٠   ؟/٢٧ ؟/٤ ؟/٢٧   ؟/٣٥ ؟/٦ ؟/٢١ ؟/٢٧



پێداچوونەوەی خێرا

١ □ × ٣ = ١٨

٢ ٤ × □ = ١٢

٣ □ × ٤ = ١٦

٤ ٤ × □ = ٣٢

وانەی ٤

ڕاستییەکانی دابەشکردن تا ٥

فێربە

سەوڵ لێدان وەرزشێکی خۆشە تیپی دیدەوان دەیەوێت چەند بەلەمێك بەکرێ بگرێت بۆ گەشتێکی دەریایی. ژمارەی دێدەوانەکانی ٢٤، هەربەلەمێك ٣ کەس هەڵدەگرێت. چەند بەلەم پێویستە؟

×	٠	١	٢	٣	٤	٥	٦	٧	٨	٩
٠	٠	٠	٠	٠	٠	٠	٠	٠	٠	٠
١	٠	١	٢	٣	٤	٥	٦	٧	٨	٩
٢	٠	٢	٤	٦	٨	١٠	١٢	١٤	١٦	١٨
٣	٠	٣	٦	٩	١٢	١٥	١٨	٢١	٢٤	٢٧
٤	٠	٤	٨	١٢	١٦	٢٠	٢٤	٢٨	٣٢	٣٦
٥	٠	٥	١٠	١٥	٢٠	٢٥	٣٠	٣٥	٤٠	٤٥

٢٤ ÷ ٣ = □

بۆ شیکارکردنی ئەم پرسیارە، ڕاستی لێکدانی بەیەکبەستراوی بەکاربێنە

بیربکەوە: ٣ × □ = ٢٤

٣ × ٨ = ٢٤ کەواتە ٢٤ ÷ ٣ = ٨ یان ٣⟌٢٤ ٨

کەواتە، تیپەکە ٨ بەلەمی پێویستە.

چی دەبێت ئەگەر هەر بەلەمێك ٤ کەس هەڵبگرێت؟

٢٤ ÷ ٤ = □

بیربکەوە: ٤ × □ = ٢٤

٤ × ٦ = ٢٤ کەواتە ٢٤ ÷ ٤ = ٦ یان ٤⟌٢٤ ٦

ئەو کاتە تیپەکە ٦ بەلەمی پێویستە.

چی دەبێت ئەگەر ژمارەی دێدەوانان ٢٠، وە هەر بەلەمێك ٥ کەس هەڵبگرێت؟

٢٠ ÷ ٥ = □

بیربکەوە: ٥ × □ = ٢٠

٥ × ٤ = ٢٠ کەواتە ٢٠ ÷ ٥ = ٤ یان ٥⟌٢٠ ٤

ئەو کاتە تیپەکە ٤ بەلەمی پێویستە.

چی دەبێت ئەگەر ژمارەی دێدەوان ١٦. وهەر بەلەمێك دووکەس هەڵبگرێت؟

١٦ ÷ ٢ = □

بیربکەوە: ٢ × □ = ١٦

٢ × ٨ = ١٦ کەواتە ١٦ ÷ ٢ = ٨ یان ٢⟌١٦ ٨

ئەوکاتە تیپەکە پێویستی بە ٨ بەلەم هەیە.



لەبیرمەکە بۆ ئەوەی دابەش بکەی، دەتوانی کۆلکەی لێکدانی نادیار بدۆزیەوە لە ڕاستی لێکدانی بەیەکبەستراوی ئەو پرسیارە.

- **گفتوگۆ** چۆن ٢ + ٢ + ٢ = ٦ بەکاردێنێت بۆ هەژمێرکردنی ٦ ÷ ٢؟
- **دەرئەنجام** چۆن ٢١ ÷ ٣ = ٧ بەکاردێنێت بۆ هەژمێرکردنی ٢٤ ÷ ٣؟

ساغبکەوە

١ ڕوونیبکەرەوە چۆن لێکدان بەکاردێنیت بۆ ساغکردنەوەی ٢٠ ÷ ٥ = ٤؟

٢ ڕوونیبکەرەوە چۆن لێکدان بەکاردێنیت بۆ هەژمێرکردنی ١٢ ÷ ٤؟

کۆپی بکە پاشان تەواو بکە.

٣

÷	٢	٤	٦	٨
٢				

٤

÷	١٠	١٥	٢٠	٢٥
٥				

ڕاستییەکی لێکدان بنووسە کە دەتوانرێ بەکاربێت بۆ دۆزینەوەی ئەنجامی دابەشکردن،
لە پاشان ئەنجامەکە بنووسە.

٥ ١٢ ÷ ٣ = ☐ ٦ ٨ ÷ ☐ = ٤ ٧ ١٥ ÷ ٣ = ☐

ڕاهێنان و شیکارکردنی پرسیارەکان

کۆپی بکە پاشان تەواو بکە.

٨

÷	١٠	١٢	١٤	١٦
٢				

٩

÷	٣٠	٣٥	٤٠	٤٥
٥				

ژمارەی نادیار چییە؟

١٠ ٥ × ☐ = ٣٥ ٣٥ ÷ ٥ = ☐ ١١ ٥ × ☐ = ٤٥ ٤٥ ÷ ٥ = ☐

ڕاستییەکی لێکدان بنووسە کە دەتوانرێ بەکاربێت بۆ دۆزینەوەی ئەنجامی دابەشکردن،
لە پاشان ئەنجامەکە بنووسە.

١٢ ٢٧ ÷ ٣ = ☐ ١٣ ☐ = ٤ ÷ ٤

ئەنجامی دابەشکردن چەندە؟

١٤ ١٠ ÷ ٢ = ☐ ١٥ ١٢ ÷ ٤ = ☐ ١٦ ٣٠ ÷ ٥ = ☐ ١٧ ٤٥ ÷ ٩ = ☐

١٨ ٥⟌١٥ ١٩ ٣⟌٣ ٢٠ ٣⟌١٨ ٢١ ٥⟌٢٠

٢٢ **ڕێنوێنی** چی دەڵێیت بۆ ئەو ژمارانەی توانای دابەش بونیان هەیە بەسەر ٢؟
وەڵامی شیاو: کۆتاییان دێت بەم ڕەنووسانە ٠، ٢، ٤، ٦ یان ٨ ژمارەی جووتن.

٢٣ ڕێباز ٣٨ وێنەی پاڵەوانانی تۆپی پێی کڕی. ١١ وێنەیانی لە دیواری ژوورەکەی هەڵواسی، ئەوەی ماوە بەسەر ٣ برادەری بەشکرد. هەر برادەرێکی چەند وێنەی بەرکەوت؟

هەڵبژاردن لە هەمەجۆر

٢٤ کام ڕاستی لێکدان یان دابەش بەکاردەهێنرێ بۆ دابەشکردنی ١٨ لەسەر ٦؟

أ ١٨ × ٦ = ١٠٨ ب ١٨ ÷ ٦ = ٣ ج ٦ ÷ ١٨ = ٣ د ٦ × ١٨ = ١٠٨



پێداچوونەوەی خێرا

١ ٦ × ٣ = ▢

٢ ٦ × ٧ = ▢

٣ ٧ × ٤ = ▢

٤ ٧ × ٨ = ▢

وانەی
٥

ڕاستییەکانی دابەشکردن تا ٩

فـێـربـە

لە تورەگە شانۆ ٢٤ کێکی دروست کرد بۆ فرۆشتن. لە چەند تورەگەیەکی دانا هەر یەکەیان ٦ کێك دەگرێت.

چەند تورەگەی پێویستە؟

٢٤ ÷ ٦ = ▢

بۆ شیکارکردنی ئەم پرسیارە، ڕاستی لێکدانی بەیەکبەستراوی بەکاربێنە.

بیربکەوە: ٦ × ▢ = ٢٤

٦ × ٤ = ٢٤ کەواتە ٢٤ ÷ ٦ = ٤ یان ٦⟌٢٤ (٤)

کەواتە، شانۆ ٤ توورەگەی پێویستە.



نموونە

أ ٦٣ ÷ ٧ = ▢

بیربکەوە: ٧ × ▢ = ٦٣

٧ × ٩ = ٦٣

کەواتە ٦٣ ÷ ٧ = ٩ یان ٧⟌٦٣ (٩)

ب ٥٦ ÷ ٨ = ▢

بیربکەوە : ٨ × ▢ = ٥٦

٨ × ٧ = ٥٦

کەواتە ٥٦ ÷ ٨ = ٧ یان ٨⟌٥٦ (٧)

سنجاق سارا دوو جۆر سنجاقی لەسەر سنگی کۆکردەوە. ٤٥ سنجاقی گوڵ و ٥٦ سنجاقی ئاژەڵ. دەیەوێت هەموویان لە چەند پاکەتێك دابنێت. هەر یەکەیان ٩ سنجاق بگرێت. یارمەتی سارا بدە لە کارەکەیدا !

نموونە

ج سنجاقی گوڵی لەو پاکەتانە دانا ٩ سنجاق دەگرن. چەند پاکەتی پێویستە؟

٤٥ ÷ ٩ = ▢

بیربکەوە: ٩ × ▢ = ٤٥

٩ × ٥ = ٤٥

کەواتە ٤٥ ÷ ٩ = ٥ یان ٩⟌٤٥ (٥)

کەواتە سارا ٥ پاکەتی پێویستە.

د سنجاقەکانی ئاژەڵان لەو پاکەتانە دانا کە ٨ سنجاق دەگرن. چەند پاکەتی پێویستە.

٥٦ ÷ ٨ = ▢

بیربکەوە: ٨ × ▢ = ٥٦

٨ × ٧ = ٥٦

کەواتە ٥٦ ÷ ٨ = ٧ یان ٨⟌٥٦ (٧)

کەواتە سارا ٧ پاکەتی پێویستە.

بیرکردنی بە ڕەخنە ئایا سارا دەتوانی سنجاقەکان بە ڕێگایەکی تر بەش بکا؟ ڕاڤەبکە.

لەبیرمەکە بۆ ئەوەی دابەشبکەی، بەدوای کۆلکەی لێکدانی نادیار بگەڕێ لە ڕاستییەکانی لێکدانی بەستراوە بە پرسیارەکە.

- کام ڕاستی لێکدان بەکاردێت بۆ ئەنجامدانی ٤٢ ÷ ٧؟ ئەنجامی دابەشکردن چەندە؟

ساغبکەوە

١ ڕوونیبکەوە چۆن ڕاستی لێکدانی بەیەك بەستراو بەکاردێت بۆ ئەنجامدانی ١٨ ÷ ٦؟

٢ ڕوونیبکەوە چۆن ڕاستی لیکدانی بە یەکبەستراو بەکاردێت بۆ ئەنجامدانی ٣٦ ÷ ٩؟ ئەنجامی دابەشکردن چەندە؟

کۆپی بکەو تەواو بکە.

٣

÷	٩	١٨	٢٧	٣٦
٩				

٤

÷	٢٠	٣٠	٤٠	٥٠
١٠				

ڕاهێنان و شیکارکردنی پرسیارەکان

کۆپی بکەو تەواو بکە.

٥

÷	٤٢	٦٣	٥٦	٤٩
٧				

٦

÷	٥٦	٤٠	٤٨	٣٢
٨				

ئەنجامی دابەشکردن چەندە؟

٧ ٢⟌١٤   **٨** ٥⟌١٠

٩ ٣⟌٣٠   **١٠** ٩⟌٩٠

١١ ٨⟌٦٤

١٢ ٨ دابەش بکە بەسەر ٨.   **١٣** ٧٢ دابەش بکە بەسەر ٨.

+ یان − یان × یان ÷ لە شوێنی ● دابنێ بۆ ئەوەی ڕستە ژمارەییەکە ڕاست دەرچێت.

١٤ ٨ × ٣ = ٢٠ ● ٤   **١٥** ١٢ ● ٧ = ٥٠ ÷ ١٠

١٦ **ڕێنوێنی**: کامیان گەورەترە ٢٤ ÷ ٦ یان ٢٤ ÷ ٤؟ چۆن دەزانیت؟

١٧ دیلان ٤٨ کێکی بەسەر ٦ تورەگە بەشکرد بەیەکسانی چەند کێکی لە دوو تورگە دانا؟

هەڵبژاردن لە هەمەجۆر

١٨ ٤ هاوڕێ ٣٢ سێویان بەسەر یەکا بەیەکسانی دابەشکرد، هەریەکەیان چەند سێوی بەرکەوتووە؟

أ ٤   ب ٧   ج ٨   د ٢٨

وانەی ٦

چەند ڕێگایەك لەسەر دابەشکردن

فێربە

پێداچوونەوەی خێرا

١ ٧ × ☐ = ٥٦

٢ ☐ × ٣ = ٢٧

٣ ٦ × ☐ = ٣٠

٤ ☐ × ٤ = ١٦

ئۆتۆمبیلەکان لە پاکێت ئالان ٣٦ ئۆتۆمبیلی بچووکی لە چەند پاکەتێك دانا، لەهەر یەکەیان ٩ ئۆتۆمبیل.


ئالان چەند پاکەتی پێویستە؟

٣٦ ÷ ٩ = ☐




لێرەدا زۆر ڕێگە هەیە بۆ هەژمێرکردنی وەڵام.

أ بەکارهێنانی پەپکەکان.



کەواتە، ٣٦ ÷ ٩ = ٤

ب بەکارهێنانی ڕیزکراوەکان.



کەواتە، ٣٦ ÷ ٩ = ٤

ج بەکارهێنانی ڕاستییەکانی لێکدان و دابەشکردن.

ڕاستییەکانی لێکدان و دابەشکردن بۆ ژمارەکانی ٤، ٩، ٣٦.

٤ × ٩ = ٣٦   ٣٦ ÷ ٩ = ٤

٩ × ٤ = ٣٦   ٣٦ ÷ ٤ = ٩

کەواتە، ٣٦ ÷ ٩ = ٤

د بەدوای کۆڵکەی لێکدانی نادیار بگەڕێ.

بیربکەوە: ٩ × □ = ٣٦

×	٠	١	٢	٣	٤	٥	٦	٧	٨	٩	١٠
٠	٠	٠	٠	٠	٠	٠	٠	٠	٠	٠	٠
١	٠	١	٢	٣	٤	٥	٦	٧	٨	٩	١٠
٢	٠	٢	٤	٦	٨	١٠	١٢	١٤	١٦	١٨	٢٠
٣	٠	٣	٦	٩	١٢	١٥	١٨	٢١	٢٤	٢٧	٣٠
٤	٠	٤	٨	١٢	١٦	٢٠	٢٤	٢٨	٣٢	٣٦	٤٠
٥	٠	٥	١٠	١٥	٢٠	٢٥	٣٠	٣٥	٤٠	٤٥	٥٠
٦	٠	٦	١٢	١٨	٢٤	٣٠	٣٦	٤٢	٤٨	٥٤	٦٠
٧	٠	٧	١٤	٢١	٢٨	٣٥	٤٢	٤٩	٥٦	٦٣	٧٠
٨	٠	٨	١٦	٢٤	٣٢	٤٠	٤٨	٥٦	٦٤	٧٢	٨٠
٩	٠	٩	١٨	٢٧	٣٦	٤٥	٥٤	٦٣	٧٢	٨١	٩٠
١٠	٠	١٠	٢٠	٣٠	٤٠	٥٠	٦٠	٧٠	٨٠	٩٠	١٠٠

- بڕوانە ستوونی ژمارە ٩.
- بەدوای ژمارە ٣٦ لەو ستوونەدا بگەڕێ.
- سەیری ئەو ژمارەیە بکە کەوتۆتە سەری ئەو ڕیزەی کە ژمارە ٣٦ تێدایە، ژمارە ٤ دەبینرێ.

کەواتە ٣٦ ÷ ٩ = ٤


لەبیرمەکە بۆ دۆزینەوەی ئەنجانی دابەشکردن دەتوانیت کۆمەڵە یەکسانەکان یان ڕیزکراوەکان یان لێدەرکردنی یەك بەدوای یەك یان ڕاستییەکانی بەیەکەوە بەستراو یان خشتەی لێکدان بەکاربێنی.

ساغبکەوە


١ **ڕوونیبکەوە:** چۆن ٥٦ ÷ ٨ ئەنجام دەدەیت بەدوو ڕێگەی جیاواز؟

ڕستەی دابەشکردن بنووسە بۆ هەریەك لەمانەی خوارەوە.

٢



٣



ژمارەی نادیار چەندە؟


٤ ٣ × □ = ١٥   ١٥ ÷ ٣ = □

٥ ٤ × □ = ٤٠   ٤٠ ÷ ٤ = □


ڕاهێنان و شیکارکردنی پرسیارەکان

ڕستەی دابەشکردن بنووسە بۆ هەریەك لەوانەی دێن:

٦



٧




ژمارەی نادیار چەندە؟

٧ ١٠ × □ = ٩٠ ٩٠ ÷ ١٠ = □


٨ ٤ × □ = ١٦ ١٦ ÷ ٤ = □

ڕستەیەکی دابەشکردنی گونجاو بۆ هەر وێنەیەك هەڵبژێرە.

٩



١٠



٤٢ ÷ ٦ = ٧
٣٦ ÷ ٩ = ٤
٥٦ ÷ ٧ = ٨
٢٧ ÷ ٩ = ٣

هەڵبژاردن لە هەمەجۆر

١١ ئەنجامی دابەشکردنی ٢٨ ÷ ٧ = ؟

أ ١ ب ٤ ج ٦ د ٧

شیکارکردنی پرسیارەکان



یاری ژمارەکان

کەرەستەکان: کارتی ڕەنووسکراو لە ٠ تا ٩.

ژمارەی یاریزان: ٢.

یاریزانانی یەکەم ٤ کارت هەڵدەبژێری و بەکاریان دەهێنێ بۆ نووسینی ژمارەی ٤ ڕەنووس، هەر ڕەنووسێك دووجار بەکاردێت.

یاریزانی دووەم بەهەمان کار هەڵدەستێ.

هەر یاریزانێك دوو ژمارەکەی کۆ دەکاتەوە. ئەوەی گەورەترین سەرجەمی دەست دەکەوێ براوەیە.

دەکرێت یاریەکە دووبارە بکرێتەوە تا بچووکترین سەرجەم براوە بێ.

أ لە یاری گەورەترین سەرجەم، ئەگەر ڕەنووس ٩ دەستکەوت لە کام خانەی دادەنێت؟

ب لە یاری بچووکترین سەرجەم، گەورەترین ڕەنووس لەکام خانەدا دادەنێی؟



وانەی
٧

ڕێگاکانی شیکاری پرسیارەکان

بەهەنگاوەکانتا بگەڕێوە



پێداچوونەوەی خێرا

١ ١٨ ÷ ٣ = ▢

٢ ١٢ ÷ ٤ = ▢

٣ ٢٤ ÷ ٦ = ▢

٤ ٢٠ ÷ ٢ = ▢

پرسیار دایکی شوان نانی دەکرد هەمان ژمارە کولێرەی لە ٣ سینی دانا، پوری ٤ کولێرە زیاتری کرد لە دایکی. ئەگەر پوری ٣١ کولێرەی کردبێت. دایکی شوان لەهەر سینیەك چەند کولێرەی دانا؟

تێبگە

- داوا کراو چییە؟
- ئەو پێدراوانەی کە بەکارت هێناوە چین؟
- ئایا پێدراوی تر هەیە بەکارت نەهێنابێ؟ چییە؟



پلاندابنێ

- کام ڕێگە بەکاردێنی بۆ شیکارکردنی پرسیارەکە؟

دەتوانی ڕێگەی «بەهەنگاوەکانتا بگەڕێوە» بەکاربێنی بۆ ئەوەی ژمارەی کۆلێرەکانی هەر سینیەك بدۆزیەوە.

شیکاربکە

- چۆن ئەو ڕێگەیە لە شیکارکردن بەکاردێنی؟

دەست بکە بە ژماردنی کۆلێرەکانی پوری شوان، ژمارەی کۆلێرە زیادەکانی لێ دەربکە.

٣١	−	٤	=	٢٧
↑		↑		↑
ژمارەی کۆلێرەکانی پوری		ژمارەی کۆلێرە زیادەکان		ژمارەی کۆلێرەکانی دایکی شوان

کەواتە، دایکی شوان ٢٧ کۆلێرەی هەبوو، لە ٣ سینی دانا.

ژمارەی کۆلێرەکانی دایکی شوان بەشبکە بەسەر ژمارەی سینیەکان.

٢٧	÷	٣	=	٩
↑		↑		↑
ژمارەی کۆلێرەکانی دایکی شوان		ژمارەی سینیەکان		ژمارەی کۆلێرەکان لەهەر سینیەك

کەواتە، ژمارەی کۆلێرەکان لەهەر سینیەك بریتییە لە ٩ کۆلێرە.

ساغبکەوە

- بە پرسیارەکە بچۆرەوە. ئایا وەڵامەکەت گونجاوە؟

ڕاهێنان و شیکارکردنی پرسیارەکان

ڕێگەی «بەهەنگاوەکانتا بگەڕێوە» بەکاربێنە بۆ شیکارکردنی پرسیارەکە.

١ ئەگەر دایکی شوان ٤ سینی جیاوازی بەکارهێنا، لە ٣ سینی هەمان ژمارە کۆلێرەی دانا وە لە سینی چوارەم ٣ کۆلێرەی دانا، چەند کولێرە لە هەریەك لە ٣ سینیەکەی یەکەم دادەنێت. ئەگەر ژمارەی کولێرەکان هەموویان ٢٧ بن؟

توانا دوو کتێبی کڕی هەمان بەهایان هەیە. ٢٠ هەزار دیناری دایە فرۆشیارەکە ٦ هەزاری بۆ گەڕاندەوە. بەهای هەر کتێبێك چەندە؟

٢ کام ڕستەی ژمارەیی ڕێگە دەدات بۆ هەژمارکردنی بەهای گشتی هەردوو کتێبەکە؟

أ ٢٠ + ٦ = ٢٦ ج ٢ × ٦ = ١٢

ب ٢٠ − ٦ = ١٤ د ٢٠ ÷ ٢ = ١٠

٣ بەهای هەر کتێبێك چەندە؟

أ ٦ هەزار ج ٧ هەزار

ب ١٠ هەزار د ١٤ هەزار

ڕێگەکانی شیکارکردنی پرسیار



- هێلکاریەك یا وێنەیەك بکێشە
- شێوازێك دروستبکە یان بەکردار جێبە جێبکە
- لیستێکی ڕێك دروست بکە
- بەدوای شێوازێك بگەڕێ
- خشتەیەك یان وێنەیکی ڕوونکردنەوەیی دروستبکە.
- بخەملێنە وساغبکەوە
- **بە هەنگاوەکاندا بگەڕێوە**
- پرسیاری ئاسانتر شیکاربکە
- ڕستەیەکی ژمارەیی بنووسە.
- دەرئەنجام ژیربێژی بەکاربێنە

ڕاهێنان لەسەر ڕێگا جیاوازەکان

پێدراوەکان بەکاربێنە بۆ شیکارکردنی ڕاهێنانەکانی ٤ تا ٥.

٤ باوکی کارزان ڤیدیۆیەك و کاتژمێرێکی کڕی و ٩٨٥ هەزار دیناری دا بە فرۆشیارەکە ١٣ پارچە پارەیان بۆ گەڕاندەوە لە چەشنی ٢٥ هەزاری و ١٠ هەزاری. چەند پارچەیان لە هەر چەشنێك بۆ گەڕاندەوە؟

٥ **هەڵە لەکوێیە؟** نەشوان وتی بەهای تەلەفزیۆنێك و دوو ڕادیۆ دەکاتە ١١٦٥ هەزار دیناری، ڕوونیبکەوە هەڵەی نەشوان لە کوێیە، بەهای ڕاست بنووسە.

لیستی بەهاکان	
کاتژمێر	٧٥ هەزار
ڕادیۆ	٣٤٥ هەزار
ڤیدیۆ	٦٧٥ هەزار
تەلەفزیۆن	٨٢٠ هەزار

بەشی ٦

پێداچوونەوە

دڵنیابوون لە هەبوونی زاراوەکان و چەمکەکان

دەربڕینی گونجاو لە لیستی بەرامبەر هەڵبژێرە.


دابەشدەکەین
بەشدراو
ئەنجامی دابەشکردن
دووکرداری پێچەوانەن


١ لێکدان و دابەشکردن ___؟___ .

٢ ئەگەر ١٨ ÷ ٦ = ٣ ئەوا ژمارە ٣ دەکاتە ___؟___ .

٣ کاتێ شتەکان بەش دەکەن بۆ کۆمەڵە یەکسانەکان ئەوا ئێمە ___؟___ .

ڕستەی دابەشکردن بۆ هەر یەکە لەمانە بنووسە.

٤ 

٥ 

دڵنیابوون لە کارامەییەکان

ڕستەی ژمارەیی تەواوبکە. ڕیزکراوەیەك بکێشە بۆ یارمەتیدان.

٦ ٢ × ▢ = ٦ ‏ ‏ ٦ ÷ ٢ = ▢

٧ ٤ × ▢ = ٤ ‏ ‏ ٤ ÷ ٤ = ▢

ڕاستییە بەیەکبەستراوەکانی لێکدان و دابەشکردن کە پەیوەستە بەو ژمارانە بنووسە.

٨ ٤ ، ٥ ، ٢٠

٩ ٢ ، ٧ ، ١٤

ژمارەی نادیار چییە؟

١٠ ٨ × ▢ = ٤٠ ‏ ‏ ٤٠ ÷ ٨ = ▢

١١ ٧ × ▢ = ٥٦ ‏ ‏ ٥٦ ÷ ٧ = ▢

دابەش بکە.

١٢ ١٦ ÷ ٤ = ▢

١٣ ▢ = ٢١ ÷ ٣

١٤ ١٤ ÷ ٧ = ▢

١٥ ▢ = ٣٠ ÷ ٦

١٦ ٤⟌٣٢

١٧ ١⟌١٠

١٨ ٢⟌١٤

١٩ ١٠⟌٩٠

لیستی بەهاکان بەکاربێنە، بەهای هەریەك لەمانەی دێت دیاربکە.

لیستی بەهاکان	
تۆپ	٣ هەزار دینار
کراس	٩ هەزار دینار

٢٠ ٤ تۆپ

٢١ ٧ کراس

٢٢ ٣ کراس

بەهای هەر دانەیەك «نرخی تاکێك» چەندە؟

٢٣ ٥ تێنووس بەهایان ١٠ هەزار دینارە.

٢٤ ٦ ڕاستە بەهایان ١٨ هەزار دینارە.

دڵنیابوون لە شیکارکردنی پرسیارەکان

ڕستەیەکی ژمارەیی بنووسە بۆ شیکارکردنی پرسیارەکە.

٢٥ شانۆ ٢٤ کارتی لە ڕیزکراوەیەکی ٦ ڕیزی بەشکرد. ژمارەی کارتەکانی یەك ڕیز چەندە؟

٢٦ دیاری ٥ پاکەت خورمای هەبوو هەر پاکەتێك ٨ دەنکی تێدایە. ژمارەی دەنکە خورماکان چەندە؟

ئامادەبوون بۆ تاقیکردنەوە

ئاگاداربە!

- هەموو ناوەرۆکەکە بخوێنەوە.
- دڵنیابە لە تێگەیشتنت لە پرسیار.
- وەڵامەکانت ساغبکەوە.

وەڵامی گونجاو دەور بدە لە ڕاهێنانەکانی ١ تا ١٠.

١ تارا دەیەوێت ٤٠ سێو بەش بکات بەسەر ٨ قاپ بەیەکسانی. چەند سێو لەهەر قاپێك دادەنێت؟

أ ٣ ‏ ب ٤ ‏ ج ٥ ‏ د ٦

٢ ڕەنجدەر ٤ ئۆتۆمبیلی بچووکی کڕی بەهای هەر یەکەیان ٦ هەزار دینار بوو چەند هەزاری داوە؟

أ ١٨ ‏ ب ٢٠ ‏ ج ٢٤ ‏ د هیچ لەمانە

٣ کام ڕستەی ژمارەیی ڕاستیەکانی لێکدان و دابەشکردن کە پەیوەست بەو ژمارانە ٧، ٦، ٤٢ نییە؟

أ ٧ × ٦ = ٤٢ ‏ ب ٤٢ − ٦ = ٣٦ ‏ ج ٦ × ٧ = ٤٢ ‏ د ٤٢ ÷ ٦ = ٧

٤ دۆستی ٢٤ وانەی وێنەکێشانی بۆ ماوەی ٨ هەفتە خوێند. کام ڕستە ژمارەی وانەکان دەدات کە لە هەفتەیەکدا خوێندویەتی؟

أ ٢٤ + ٨ = ٣٢ ‏ ب ٢٤ − ٨ = ١٦ ‏ ج ٦ × ٤ = ٢٤ ‏ د ٢٤ ÷ ٨ = ٣

٥ مامۆستا ٤٥ پێنووسی لە ٥ پاکەت دانا. چەند پێنووسی لەهەر پاکەتێك دانا؟

أ ٦ ‏ ب ٧ ‏ ج ٨ ‏ د ٩

٦ ٥٠٩ + ٤٩٣ = □

أ ١٠٠٢ ‏ ب ٩٩٦ ‏ ج ٩٠٢ ‏ د ١٩٦

٧ سەرکردەی تیپی دێدەوان ٦٤ قوتابی بەسەر ٨ کۆمەڵەی یەکسان بەشکرد. چەند قوتابی لەهەر کۆمەڵەیەك دانا؟

أ ٤ ‏ ب ٦ ‏ ج ٨ ‏ د ٩

٨ ٤٢ ÷ ٧ = □

أ ٩ ‏ ب ٨ ‏ ج ٧ ‏ د هیچ لەمانە

٩ ڕووناك ٤٧ گوڵی کڕی ١٧ گوڵی دا بە براکەی، ئەوەی مایەوە بەسەر هەر ٦ خوشکەکەی دابەشکرد. هەریەکەیان چەندیان بەرکەوتووە؟

أ ٥ ‏ ب ٨ ‏ ج ٣٠ ‏ د ٧٠

١٠ شەمەندەفەری ترس لەشاری یاری لەهەر ٢٠ خولەکێك دەردەچێت، لە کاتژمێر ٨:٠٠ دەست پێدەکا. دەوەن کاتژمێر ٩:١٠ گەیشت. لە چ کاتێك شەمەندەفەری داهاتوو دەردەچێ؟

أ ٩:٢٠ ‏ ب ٩:٣٠ ‏ ج ٩:٣٥ ‏ د ٩:٤٥

ئەوەی دەیزانی بینووسە

١١ باوکی هێرۆ ٢٧ پوولی بۆ کڕی. لە ئەلبومێکی دانا لەهەر لاپەڕەیەك ٩ پوول. چەند لاپەڕەی پێویستە؟ ڕستەی ژمارەیی بنووسە بۆ شیکارکردنی پرسیارەکە. ژمارەی لاپەڕەکان چەندە؟


بەشی ٧

ئەندازە و پێوان

زۆربەی شێوە ئەندازەییەکان سیفەتی هاوجێیوونیان تێدایە. هەروەها هاوجێبوون لە زۆربەی گیاندارەکان و ڕووەکەکان دەبینین، هەندێ شێوە لە یەك هێڵی هاوجێبوونیان زیاتر هەیە.

پرسیار بۆ شیکارکردن:

سەیری ئەم سەدەفە بکە ئایا ئەو هێڵەی لەسەر وێنەکە کێشراوە هێڵی هاوجێبوونە؟ چۆن ئەوە دەزانی؟





زانیارییەکانت ساغبکەوە




ئەم لاپەڕەیە بەکاربهێنە بۆ دڵنیابوون لە هەبوونی
ئەم زانیارییانەی کەوا پێویستە لەم بەشەدا

تەنە ئەندازەییەکان

دەربڕینی گونجاو هەڵبژێرە لە لیستی بەرامبەر.

- شەش پالو
- قوچەك
- لوولەك
- هەڕەم
- ڕوولاكێشە تەریب
- گۆ
- بازنە
- لاكێشە
- چوارگۆشە
- سێگۆشە

شێوە ئەندازەییەکان

دەربڕینێکی گونجاو هەڵبژێرە لە لیستی بەرامبەر.






لاکان و سەرەکان

ژمارەی لاکان و سەرەکان لەهەر شێوەیەك چەندن؟









ڕاستەی سانتیمەتری بەکاربێنە


وێنەی بەرامبەر بەکاربێنە بۆ شیکارکردنی ڕاهێنانی ١٧ تا ١٩.

١٧ کام دەزوو درێژییەکەی ٣ سانتیمەترە؟

١٨ کام دەزوو درێژییەکەی ١ سانتیمەترە؟

١٩ کام دەزوو درێژییەکەی نزیکەی ١ سم زیاترە لە درێژی دەزووی ب؟





وانەی ١

تەنە ئەندازەییەکان

پێداچوونەوەی خێرا

ناوی هەر یەك لە شێوە ئەندازەییەکان بڵێ.

١ ○ ٢ ▭ ٣ △ ٤ □

زاراوەکان

ڕوو لا سەر

فێربە

تەنە ئەندازەییەکان بناسە تەنە ئەندازەییەکان بەکاربێنە بۆ ناسینی ئەو شتانەی لە دەورووبەرتن.



ڕووبەرە تەختەکەی سەر تەنی ئەندازەیی **«ڕووە»** بۆ تەنە ئەندازەییەکان.
پارچە ڕاستە هێڵە هاوبەشەکەی نێوان دوو لە ڕووەکانی تەنە ئەندازەیی **«لایەکە»** لە لاکانی تەنی ئەندازەیی.
خاڵی بەیەك گەیشتنی ٣ لا یان پتر لە لاکانی تەنی ئەندازەیی **«سەرە»** یەکە لە سەرەکانی تەنی ئەندازەیی.

لا
ڕوو
سەر

ڕوو لاکیشە تەریب ٦ ڕوو ١٢ لا و ٨ سەری هەیە.

- ژمارەی لاکانی شەش پاڵوو چەندە؟ ژمارەی لاکانی بازنە چەندە؟
- **دەرئەنجام** ئەو تەنە ئەندازەییانەی کەوا گلۆر دەبنەوە چین؟ ڕوونی بکەوە؟

وێنەکێشانی ڕووە تەنە ئەندازەییەکان

ناوی شێوە ئەندازەییەکان بەکاربێنە بۆ ناسینەوەی ڕووی تەنەکان.



چالاکی

بەدەستی

کەرەستەکان: تەنە ئەندازەییەکان (هەرەم، ڕوولاکێشە تەریب، شەشپاڵوو، کاغەز، پێنووس) وێنەی ڕووەکانی ژمارەیەك لە تەنە ئەندازەییەکان بکێشە، پاشان ناوی هەریەك ،لە ڕووە کێشراوەکان بڵێ

هەنگاوی ١

لەسەر کاغەزێك هێڵکارییەك وەك هێڵکاری خوارەوە بکێشە. پاشان ڕووەکانی ئەو تەنە ئەندازەییەی لە وێنەکەدا دیارە بکێشە.

ناوی تەنی ئەندازەیی	ڕووەکان	ناوی ڕووەکان و ژمارەیان
هەرەم	□ △ △ △ △	

هەنگاوی ٢

خشتەکە تەواو بکە. بەتۆمارکردنی ناو و ژمارەی ڕووەانی تەنەکە.

ناوی تەنی ئەندازەیی	ڕووەکان	ناوی ڕووەکان و ژمارەیان
هەرەمی چوارینە □	□ △ △ △ △	چوارگۆشەیەك ٤ سێ گۆشە



لەبیرمەکە هەندێ لە تەنە ئەندازەییەکان (ڕوو)و (لا) و (سەر) یان هەیە ڕووەکانی تەنە ئەندازەییەکان شێوە ئەندازەیی تەختن وەك چوار گۆشەو لاکێشە وسێگۆشە.

ساغبكەوە

١ ڕوونیبکەوە چۆن دەزانی کە گۆ هیچ ڕووی نییە؟

ناوی ئەو تەنە ئەندازەییانە بڵێ کە لەم شتانە دەچن؟

٢ 

٣ 

٤ 

٥ 

ئەو خشتەیە تەواو بکە.

	تەنی ئەندازەیی	ژمارەی ڕووەکان	ژمارەی لاکان	ژمارەی سەرەکان
٦	ڕوولاکێشە تەریب	■	■	■
٧	گۆ	■	■	■
٨	شەشپاڵوو	■	■	■
٩	هەرەم	■	■	■

١٠ لە لای هاوڕێ کارتۆنێکی ڕوو لاکێشە تەریب هەیە هەر ڕوویەك لە ڕووکانی بەڕەنگێك ڕەنگ کرد. ئایا چەند ڕەنگی بەکارهێناوە؟

١١ ڕوولاکێشە تەریب و شەشپاڵوو بە چی لەیەك دەچن وە بەچێ لەیەك جیاوان؟

هەڵبژاردن لە هەمەجۆر

١٢ کام تەنە ئەندازەیی ٤ ڕووی هەیە؟

أ شەشپاڵوو   ب قوچەك   ج لوولەك   د هەرەمی سێینە

شیکارکردنی پرسیارەکان




گۆشەی ڕووناکبیران

بیرکردنەوەی بە دیتن دەتوانی ئەوەی دەیزانی لە ڕووەکانی تەنە ئەندازەیی بەکاربێنی بۆ دروستکردنی نموونەیەك.

کەرستەکان: کاغەز، پێنووس، مەقەس، شریتی پێوەنوساندن.

- شێوەی بەرامبەر لەسەر کاغەز بکێشە، وە دڵنیابە لە کێشانی هێڵە خالدارەکان.
- کاغەزەکە ببڕە بە گوێرەی هێڵە گەیەنراوەکان.
- دەست بکە بە نوشتاندنەوەی کاغەزەکە بە گوێرەی هێڵە خاڵدارەکان تا چوار سەرەکە بەیەك دەگەن.
- سنوورەکانی شێوەکە ببەستەوە.



ناوی ئەو تەنە ئەندازەییە چییە کە دەستکەوت؟ ناوی ڕووەکانی چییە؟

وانەی ٢

پێکهێنانی تەنە ئەندازەییەکان



پێداچوونەوەی خێرا

ناوی هەریەکە لە تەنە ئەندازەییەکان بڵێ





فێربە

کۆیان بکەوە هەندێ لە شتەکان لە چەند تەنێکی ئەندازەیی پێکهاتوون. سەیری خانووی بەرامبەر بکە.

ئەو تەنە ئەندازەییانە چین کە ئەم خانووەیان لێ پێك هاتووە؟

سەیری هەر پارچەیەك لە پارچەکانی ئەم خانووە بکە بە تەنیا، و ناوی ئەو تەنە ئەندازەییانە بڵێ کە دەیانناسی.





شەشپاڵوو



هەرەم




ڕوولاکێشە تەریب

بڕوانە خانووەکە لە شەشپاڵوو و هەرەم و ڕوولاکێشەتەریب پێکهاتووە.

لەبیرمەکە دەتوانی بە پێکهێنانی تەنە ئەندازەییەکان تەنی جیاوازت دەست کەوێت.



نموونە



- ئەو تەنە ئەندازەییانە چین کە تەنی (أ) پێکدەهێنن؟
- ئەو تەنە ئەندازەییانە چین کە تەنی (ب) پێکدەهێنن؟

ساغبکەوە


١ **ڕوونیبکەوە** چۆن دەتوانی تەنی (ب) وا لێبکەی بە تەنی (ج) بچێت؟

ئەو تەنە ئەندازەییانە چین کە هەریەك لەم تەنانە پێکدەهێنن؟


٢



٣





٤




ڕاهێنـــان و شیـكـاركـردنـی پـرسـیـارەكـان


ئەو تەنە ئەندازەییانە چین كە هەریەك لەم تەنانە پێكدەهێنن.


٥ 


٦ 


٧ 


ناوی ئەو تەنە ئەندازەییە بڵێ كە پێویستە زیادی بكەین بۆ شتی دووەم بۆ ئەوەی وەكو یەكەمی لێبێت؟


٨ 

٩ 

١٠  

١١ 

١٢ 

١٣  

١٤ كام دوو تەنە ئەندازەیی ناسراوت دەست دەكەوێت ئەگەر شەشپاڵوویەك بكەیت بە دوو نیوە؟

هەڵبژاردن لە هەمەجۆر

١٥ تەنە ئەندازەیی بەرامبەر:



أ لوولەك

ب لوولەك وگۆ

ج لوولەك دوو نیوە گۆ

د گۆ و لاكێشەتەریب

شیكاركردنی پرسیارەكان



دەروازەیەك لەسەر خوێندنەوە

چۆن پێدراوە پێویستەكان هەڵدەبژێریت

هەندێ پرسیار پێدراوی پتر لە پێویست لە خۆدگرێ. پێش دەست بكەی بە شیكاركردنی پرسیار، پێدراوە پێویستەكان دیاری بكە. ڕۆژی چەژن، دانا ٨ گوڵدانی پڕكرد لە گوڵ وە دوو دەسكە خونچە. دانا ٤٨ گوڵی بەیەكسانی بەشكرد. چەند گوڵی لەهەر گوڵدانێك دانا؟



پێدراوە پێویستەكان: دانا ٨ گوڵدانی بە ٤٨ گوڵ پڕكرد.

ئەو پێدراوانەی پێویست نین: دوو دەسكە خونچەكە.

شیكاركردن: $٤٨ \div ٨ = ٦$

لەهەر گوڵدانێك ٦ گوڵ هەیە.

پێدراوە پێویستەكان بنووسە. شیكاركردنی پرسیار.

شارا ٤ تەبەق شیرینی و ٣ كێكی لە بەیانی ئامادەكرد.

وە پاش نیوەڕۆ ٣ تەبەقی ئامادەكرد. ژمارەی پارچە شیرینییەكان بووە ٦٣.

چەند پارچە شیرینی لەهەر تەبەقێك هەیە؟

وانەی ٣

بەدەستی


جووتبوونی شێوەکان و هاوجێبوونیان

فێربە



پێداچوونەوەی خێرا

ژمارەی لاکان و ژمارەی سەرەکانی هەر شێوەیەك بنووسە.




زاراوەکان


شێوە جووتەکان، هێڵی هاوجێبوون

کەرستەکان

قوتووی پارچە ئەندازەیی، کاغەزی خاڵکراوی سێگۆشەیی، پێنووس.




ئەو شتە خۆیەتی ئەو شتەی خوارەوە دوو لاکێشە پیشاندەدات.



کاغەزێکی ڕوون بخەرە سەر لاکێشە لارەکە، وێنەی لاکێشەکە بکە لەسەر کاغەزە ڕوونەکە، پاشان کاغەزە ڕوونەکە بگوازەوە بۆ سەر لاکێشەکەی تر، کاغەزە ڕوونەکە بجوولێنەوە تاوەکو وێنەکە جووت دەبێت لەگەڵ لاکێشەکە لەسەر لاپەڕەی کتێبەکە. دەبینیت کە وێنەکە جووت دەبێت لەسەر لاکێشەکە.


لەوەوە دەردەبڕێت و دەڵێیت کە دوو لاکێشەکە **جووتن**.

ئەوە دووبارە بکە لەگەڵ ئەو دوو شێوەیەی بەرامبەر دەبینیت کە جووت نابن.




شێوە جووتەکان هەمان ڕوخسار و پێوانەیان هەیە، لەوانەیە شێوەکان دانانیان جیاوازبێت بەڵام بەردەوام جووتن.

نموونە سەیری دوو شێوەکە بکەو باسبکە ئایا جووتن.




أ

جووت نین هەمان ڕوخساریان نییە



ب

جووتن چونکە هەمان ڕوخسار و پێوانەیان هەیە




ج

جووت نین هەمان پێوانەیان نییە

باسبکە

- چۆن دەزانیت کە دوو شێوە جووتن یان نا.
- ئایا ئەو دوو بازنەیەی بەرامبەر جووتن.



دوو نیوە

ڕاستە هێڵەکە سێگۆشەی بەرامبەر بەشدەکات بۆ دووبەش. کاغەزی ڕوون بەکاربهێنە و ساغبکەوە کە دوو بەشەکە جووتن.

بەم ڕاستە هێڵە دەوترێت **هێڵی هاوجێبوون** بۆ سێگۆشە.

چوارگۆشەیەك وێنە بکێشە، ڕاستەهێڵێك بکێشە بەدوو سەری بەرامبەردا بڕوات، کاغەزەکە بچەمێنەوە لە ئاستی ڕاستەهێڵەکەوە، ئایا دوو بەشەکە جووت دەبن.


دوو بەشەکە جووت دەبن، کەواتە ڕاستەهێڵەکە هێڵی هاوجێبوونە بۆ چوارگۆشەکە.

بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە: ئایا چوارگۆشە هێڵی هاوجێبوونی کەی هەیە؟ ئەگەر وەڵامەکەت بەڵێیە، وێنەی هەموویان بکێشە.

ساغبکەوە

کاغەزی ڕوون بەکاربهێنە بۆ ساغکردنەوەی ئەوەی دوو شێوەکە جووتن یان جووت نین.

١ ٢ ٣



وێنەکە کۆپی بکە بەبەکارهێنانی کاغەزی ڕوون. چەمانەوە بەکاربهێنە لە ئاستی هێڵی خاڵکراوەکە بۆ ساغکردنەوەی ئەوەی ئایا ڕاستەهێڵەکە هێڵی هاوجێبوونە یان نا.

٤ ٥




٦ **ڕێنوێنی** جەمیل گوتی هەموو چوارگۆشەکان جووتن ئایا لەگەڵ ڕای ئەوی یان نا؟ باسیبکە.

٧ ئایا پێویستە دوو شێوە یەك باریان هەبێت بۆ ئەوەی جووت بن؟ هۆکاری وەڵامەکە باسبکە.

هەڵبژاردن لە هەمەجۆر

٨ کام شێوە جووتە لەگەڵ شێوەی بەرامبەر.

أ ب ج د



وانەی ٤


ڕێگاکانی شیکاری پرسیارەکان

پرسیارێکی ئاسانتر شیکاردەکەم



پێداچوونەوەی خێرا

ژمارەی ڕووەکانی هەر یەك لە تەنە ئەندازەییەکان بنووسە.



پرسیار ڕووەکانی شەشپاڵووی بەرامبەر لە چوارگۆشەی بچووك پێکدێت ژمارەی چوارگۆشە **بچووکەکانی** سەر هەموو ڕووەکانی شەشپاڵووەکە چەندە؟

تێبگە

- داواکراو چییە؟
- ئەو پێدراوانە چین کە لە پاشان بەکاریان دێنیت؟
- ئایا پێدراوی تر هەیە بەکارت نەهێنابێ؟ چییە؟




پلاندابنێ

- ئەم ڕێگەیە چییە بەکاری دەهێنی بۆ شیکارکردنی پرسیارەکە؟

دەتوانی ڕێگەی (شیکاری پرسیارێکی ئاسانتر) بەکاربێنی


شیکاربکە

- چۆن ئەم ڕێگایە بەکاردەهێنی بۆ شیکارکردنی پرسیار؟



دەستدەکەم بە ژماردنی ئەو چوارگۆشانەی کە لەیەك ڕووی لە ڕووەکانی شەشپاڵووەکەن. ٣ ڕیز هەیە لە چوار گۆشەکە، لەهەر ڕیزێك ٣ چوارگۆشەی بچووك هەیە.

٣ × ٣ = ٩



- ژمارەی چوارگۆشە بچووکەکان لەهەر ڕوویەك دەکاتە٩.

شەشپاڵو ٦ ڕووی هەیە.

ژمارەی ڕووەکان جارانی ژمارەی چوارگۆشەکان لەهەر ڕوویەك بکە.

٦ × ٩ = ٥٤

کەواتە، ژمارەی هەموو چوارگۆشە بچووکەکان بریتییە لە ٥٤ چوارگۆشە.

ساغبکەوە

- چۆن دەزانی وەلامەکەت ڕاستە؟




ڕێگەکانی شیکارکردنی پرسیار

هێلکارییەك یا وێنەیەك بکێشە
شێوازێك دروستبکە یان بەکردار
جێیە جێبکە لیستێکی ڕێك
دروست بکە بەدوای شێوازێك
بگەڕێ خشتەیەك یان وێنەیکی
ڕوونکردنەوەیی دروستبکە
بخەملێنە وساغبکەوە بە
هەنگاوەکاندا بگەڕێوە
پرسیاری ئاسانتر شیکاربکە
ڕستەیەکی ژمارەیی بنووسە
دەرئەنجام ژیربێژی بەکاربێنە

ڕاهێنـان و شیکـارکـردنـی پرسیـارەکـان

ڕێگای «پرسیارێکی ئاسانتر شیکاربکە» بەکاربێنە بۆ شیکارکردنی پرسیارەکان.


١ لەسەر هەر ڕوویەکی شەشپاڵووەکە ٤ چوارگۆشەی بچووك هەبێت، چەند چوارگۆشەی بچووك لەسەر ئەو شەشپاڵووە هەیە؟



٢ هەروەها چەند لاکێشەیەك هەیە لەسەر ڕووەکانی شەشپاڵووی ناوبراو کە هەروەك ئەو لاکێشەیەی لە خوارەوە کێشراوە. ژمارەی لاکێشەکانی سەرهەموو ڕووەکانی شەشپاڵووەکە چەندن؟



لە مۆزەخانەی لۆڤر لە شاری پاریسی فەرەنسی هەرەمێکی شووشەیی هەیە، چەند سێگۆشەیەك لەسەر ڕووەکانی ئەم هەرەمە هەیە.



٣ ژمارەی سێگۆشەکان لەسەر یەك ڕوو لە ڕووەکانی هەرەم چەندە؟
ئاگاداربە: سێگۆشەی وا هەیە کە لە پێوانەدا جیاوازن.

أ یەك سێگۆشە	ج ٥ سێگۆشە
ب ٤ سێگۆشە	د ١٠ سێگۆشە


٤ کام ڕستەی ژمارەیی ژمارەی سێگۆشەکان لەهەر چوار ڕووەکانی هەرەم دیاردەکات؟

أ ١٠ × ٥ = ٥٠	ج ٤ × ٤ = ١٦
ب ١٠ + ١٠ + ١٠ + ١٠ = ٤٠	د ١ + ١ + ١ + ١ = ٤

ڕاهێنان لەسەر ڕێگاکانی هەمە جۆر

بەکارهێنانی پێدراوەکان ستوونەکانی ڕوونکردنەوە بەکاربێنە بۆ شیکارکردنی ڕاهێنانی ٥ تا ٧.

٥ قوتابیانی پۆلی پێنجەم لەسەر ٥ تەختە دانیشتن دوو قوتابی مانەوە. ئایا ژمارەی قوتابیانی دانشتوی سەر یەك تەختە چەندن؟



٦ دەرئەنجام قوتابیانی پۆلی سێیەم هەموویان دەتوانن بەیەکسانی و بە دوو ڕێگە لەسەر تەختەکان دابنیشن. ژمارەی تەختەکان لەهەر ڕێگەیەکدا چەندە؟

٧ ژمارەی قوتابیان لەهەر چوار پۆلەکەدا چەندە؟
ڕستەیەکی ژمارەیی بنووسە بۆ شیکارکردنی.

وانەی ٥

درێژی

پێداچوونەوەی خێرا

١ ٧ × ☐ = ٤٢

٢ ☐ × ٥ = ٤٥

٣ ☐ × ٨ = ٣٢

٤ ٩ × ☐ = ٦٣

زاراوەکان

سانتیمەتر (سم)

مەتر (م)

کیلۆمەتر (کم)

فێربە

درێژی چییە؟ بۆ پێوانی درێژییەکان و دوورییەکان. ئەو یەکە پێوانانە بەکاردێنن **سانتیمەتر (سم)**، **مەتر (م)**، **کیلۆمەتر(کم)**.

سانتیمەتر نزیکە بە پانی پەنجەکەت



مەتر نزیکەی بە درێژی هەردوو دەستت بەکراوەیی



کیلۆمەتر یەکەیەکی درێژییە بۆ پێوانی دوورییەکان



چالاکی

بەدەستی

کەرەستەکان: ڕاستەی سانتیمەتری.

هەنگاوی ١

خشتەکە کۆپیبکە

درێژییەکان بە سانتیمەتر		
شتەکان	درێژی بە نزیکی	پێوانی درێژی

هەنگاوی ٢

لە ستوونی یەکەم ناوی چوار شت بنووسە کە دەتەوێت پێوانەی درێژییەکانیان بە سانتیمەتر بێت.

هەنگاوی ٣

درێژی شتەکان بە سانتیمەتر بخەملێنە، خەملاندنەکە لە ستوونی دووەم تۆماربکە.




هەنگاوی ٤

ڕاستەی سانتیمەتری بەکاربێنە بۆ پێوانی درێژی هەموو شتەکان بە نزیککراوەیی بۆ نزیکترین سانتیمەتر پێوانەکان لە ستوونی سێیەم تۆماربکە.

پەیوەندی نێوان یەکەکانی درێژی

ئەو پەیوەندییانە چین کە سانتیمەتر و مەتر و کیلۆمەتر بەیەکەوە ،دەبەستنەوە.



١٠٠ سم = ١ م   ١٠٠٠ م = ١ كم

- ڕستەیەکی ژمارەیی بنووسە کە ڕێگەت پێدەدات بە دۆزینەوەی ژمارەی سانتیمەتر لە ٣ مەتر؟
(لەبیرتبێت ١٠٠ سم = ١م).

ساغبکەوە

١ ڕوونبکەوە چۆن درێژی ئەو شتانەت زانی کە کۆتاییان ناکەوێتە سەر خاڵی سانتیمەتر؟

درێژی شتەکە بە سانتیمەتر بخەملێنە، پاشان ڕاستە بەکاربێنە بۆ پێوانی درێژی بۆ نزیکترین سانتیمەتر.

٢ 

٣ 

یەکەی پێوانی درێژی گونجاو چییە بۆ پێوانی ئەم شتانە؟ بنووسە سم یان م یان کم.

٤ پێنووس

٥ پارچە تەباشیرێك

٦ یاریگەی تۆپی پێ

٧ ئەو دورییەی کە دەڕۆی لەیەك کاتژمێر

ڕاهێنان و شیکارکردنی پرسیارەکان

خەملاندنی گونجاو هەڵبژێرە.

٨ درێژی پێنووس نزیکەی ٢٠ ـــ؟ـــ .

أ م   ب سم

٩ درێژی ژووری پۆل نزیکەی ٣ ـــ؟ـــ .

أ کم   ب م

ڕاستە بەکاربێنە بۆ کێشانی پارچە ڕاستەهێڵێك درێژییەکەی.

١٠ ٢ سم   **١١** ١٠ سم   **١٢** ١٤ سم

١٣ **هەڵە لە کوێیە؟** گۆران وتی درێژی ئەم پارچە ڕاستە هێڵە ٢ سم.
هەڵەی گۆران لە کوێیە؟ درێژی پارچە ڕاستە هێڵەکە چەندە؟



هەڵبژاردن لە هەمەجۆر

١٤ سەرمەد دەیەوێت دووری نێوان ماڵەکەی و یانەی وەرزشی کە دەکەوێتە دەرەوەی شار بپێوێت. کام یەکەی پێوان بەکاردەهێنێت؟

أ مەتر   ب کیلۆمەتر   ج سانتیمەتر   د گرام

وانەی ٦

چێوە

فێربە

چێوە شێوەیەکی ئەندازەییە، بریتییە لەو دوورییەی کە دەوری شێوەیەکی ئەندازەیی داوە. دەتوانی چێوەی کتێبی بیرکاری بپێوی.

پێداچوونەوەی خێرا

١) ٦ + ٧ + ٢ = ▢

٢) ١ + ٨ + ٩ = ▢

٣) ٦ + ٦ + ٣ = ▢

٤) ٤ + ٤ + ٤ = ▢

زاراوەکان

چێوە

چالاکی ١ (بەدەستی)

هەنگاوی ١
شێوەی لاکێشەیەك کراوەتە ٣ ڕیز هەر ڕیزەی ٥ کاشی چوار گۆشەییە، درێژی لایەکی هەر یەکەیان ١ سم.

(ژمارەکانی دەوری لاکێشە: ١، ٢، ٣، ٤، ٥، ٦، ٧، ٨، ٩، ١٠، ١١، ١٢، ١٣، ١٤، ١٥، ١٦)

هەنگاوی ٢
ژمارەی لاکانی دەرەوەی ئەو کاشییانەی کە دەوری لاکێشەکەیان داوە بژمێرە.

هەنگاوی ٣
ئەو ژمارەی دەستت کەوت تۆماری بکە. ئەمە چێوەی لاکێشەکەیە.

چالاکی ٢ (بەدەستی)


بیرکاری

هەنگاوی ١
کاغەزگر لە چواردەوری کتێبەکە یەك لەدوای یەك دابنێ. لە پاشان کاغەزگرەکان بژمێرە. چێوەی کتێبەکە یەکسانە بە نزیکەی چەند کاغەزگر؟

هەنگاوی ٢
دووبارە چێوەی کتێبی بیرکاری بەدەنکە شخاتە بپێوە، لەجیاتی کاغەزگر، دەنکە شخاتەکان بژمێرە، ژمارەیان بنووسە. چێوەی کتێبەکە یەکسانە بە چەند دەنکە شخاتە؟

• **دەرئەنجام** ئایا ئەو کاغەزگرانە کە بەکارت هێنا پتربوون یان کەمتربوون لە دەنکە شخاتە؟ ئایا دەتوانی ئەمە ڕوونبکەیتەوە؟

نموونە چێوەی ئەم شێوەیە چەندە؟



درێژی لاکان کۆبکەوە

١ سم + ٢ سم + ٢ سم + ١ سم + ١ سم + ١ سم = ٨ سم


چێوەی شێوەکە ٨ سم

ساغبکەوە


١ ئایا دەتوانی تەنها بە پێوانی دوو لە لاکانی شێوەی نموونەی پێشوو چێوە بدۆزیتەوە؟ ڕوونیبکەوە.

چێوەی هەریەك لەم دوو شێوەیە یەکسانە بە چەند؟

٢




٣




ڕاهێنان و شیکارکردنی پرسیارەکان

چێوەی هەریەك لەم شێوانە چەندە؟


٤




٥



٦



٧




٨ دنیا چەند چوار گۆشەیەکی ڕیزکرد، درێژی لایەکی هەریەکەیان ١ سم بوو، لاکێشەیەکی دەستکەوت لە ٥ ڕیز، هەر ڕیزی ٦ چوارگۆشە. چێوەی لاکێشەکە چەندە؟

٩ **ڕێنوێنی** درێژی چوارگۆشەیەك ٦سم بوو چێوەکەی چەندە؟

١٠ چێوەی لاکێشەیەك چەندە درێژی ٥م و پانی ٢ م بێت؟


١١ پەڕەی چوارگۆشەیی بەکاربێنە بۆ پێوانی چێوەی لاکێشەیەکی ١٢ یەکە.

١٢ **جەبر** چێوەی سێگۆشەی خوارەوە ٨ سم ـە، درێژی لای سێیەمی چەند؟



هەڵبژاردن لە هەمەجۆر

١٣ چێوەی شێوەی بەرامبەر چەندە؟



أ ٤ ب ١٢ ج ٨ د ١٠

وانەی ٧

فراوانی



پێداچوونەوەی خێرا

١) ٣٠٠ + ٤٠٠ = ☐

٢) ٨٠٠ + ١٠٠ = ☐

٣) ٢٠٠٠ + ٢٠٠٠ = ☐

٤) ٢٥٠ + ٢٥٠ = ☐

زاراوەکان

فراوانی



فێربە

کام بەرداخ پەسنددەکەی؟ لەکاتی گەڕانەوەی هەڵۆ لە قوتابخانە. دایکی بە دوو پەرداخی جیاواز لە شەربەت پێشوازی لێکرد.

ئەگەر تۆ لە شوێنی هەڵۆ بیت کام بەرداخ هەڵدەبژێریت؟ بۆچی؟

هەندێ دەفر (ئامان) بەکاردێت بۆ هەڵگرتنی شلەمەنییەکان، وەك ئاو و شیر و شەربەت. ئەو برە شلەمەنییەی کە دەفر دەیگرێت پێی دەوترێت **فراوانی** دەفرەکە.

- کام لەم دوو پەرداخە فراوانی گەورەترە؟

بەدەستی — چالاکی ١

چۆن فراوانترین شووشە دیاردەکەی؟



هەنگاوی ١

ئەو شووشەیە هەڵبژێرە کەلات دیارە فراوانییەکەی گەورەترە. پڕی بکە لەئاو.

هەنگاوی ٢

دەستبکە بە بەتاڵکردنی ئەو ئاوەی کە لەناو شووشەکەت کردبوو بۆ ناو شووشەکەی تر، تا شووشەی یەکەم بە تەواوی بەتاڵ دەبێت. ئەگەر هاتوو ئاوەکە ڕژا مانای وایە فراوانی شووشەی یەکەم گەورەترە، و ئەگەر شووشەی دووەم پڕ نەبوو مانای وایە شووشەی یەکەم بچووکترە.

- **دەرئەنجام** چی دەڵێی ئەگەر هاتوو شووشەی دووەمی بەتەواوی پڕکرد، بێ ئەوەی ئاوەکە بڕژێ؟

بەدەستی — چالاکی ٢



کەرستەکان: شووشەیەك ئاو و چەند پەرداخێکی پلاستیکی.

هەنگاوی ١

دەست بکە بە ئاو تێکردنە ناو پەرداخی یەکەم تا پڕدەبێت.

هەنگاوی ٢

بەردەوامبە لە ئاو تێکردنە ناو پەرداخەکان، جار لەدوای جار، تا ئاو لەناو شووشەکە نامێنێت. پاشان پەرداخە پڕەکان بژمێرە.

ساغبکەوە

١ ڕوونبکەوە چۆن دەزانی کامیان گەورەترە؟ فراوانی شووشەی ئاو یان فراوانی قۆری چا؟

ئەو دەفرەی فراوانی گەورەترە دەوربدە.

٢ **٣** **٤** **٥**



٦ ئەگەر فراوانی قۆری چا ٥ کووپ بێت، فراوانی ٣ قۆری چەندە؟

ڕاهێنان و شیکارکردنی پرسیارەکان

ئەو دەفرە دەوربدە کە گەورەترین فراوانی هەیە.

٧ **٨** **٩**



١٠ **دەرئەنجام** کاوە پاکەتێك شیری هەیە ئایا دەتوانێ ٢٠ پەرداخ پڕبکات؟



١١ جەماڵ ژمارەیەك پوولی هەیە. دوو پوولی دا بە خوشکی، ئەوەی مایەوە لە ٤ ڕیز ڕێکخست، هەر ڕیزی ٣ پوول. ژمارەی پوولەکان هەمووی چەندە؟

هەڵبژاردن لە هەمەجۆر

١٢ کام لەمانەی خوارەوە خەمڵاندنی گونجاوە بۆ فراوانی شووشەیەك ئاو؟

أ دوو کووپ ب ٣ کووپ ج یەك کووپ د ٤ کووپ

شیکارکردنی پرسیارەکان

گۆشەی ڕووناکبیران

ڕاستە بەکاربێنە و درێژی دەزووەکان بپێوە.
لەجێگای هەر نیشانەیەکی پرس ئەو پیتە بنووسە کە درێژی و ڕەنگ دەردەبڕێت.



ا ئ ر ه ب ی ف ن

ماموٚستا چی دەڵێت بە قوتابی زیرەك؟

___ ___ ___ ___ ___ ___ ___
٢سم ٣سم ١سم ١سم ٢سم ٢سم ٣سم

وانەی ٨

کێش

بــدۆزەوە

گرام (گم) کیلۆگرام (کگم) دوو یەکەی پێوانەی کێشن.



کێشی کاغەزگر نزیکەی یەک گرامە.



کێشی کتێبێکی گەورە نزیکەی یەك کیلۆگرامە.

پێداچوونەوەی خێرا

١) ٦٥ + ١٠ = ☐

٢) ١٠٠٠ + ٧٠٠٠ = ☐

٣) ٢٠٠ + ٦٠٠ = ☐

٤) ٦٠٠٠ + ٥٠٠٠ = ☐

زاراوەکان

گرام (گم) کیلۆگرام (کگم)

کەرەستەکان شتەکانی پۆل، کاغەزگری بچووك، تەرازووی سادە، کتێبێك کێشی نزیکەی یەك کیلۆگرام بێت.

چالاکی

هەندێ لە کەلوپەلی ژووری پۆل دەستنیشانبکە و کێشەکانیان دیاربکە.

هەنگاوی ١
١٠ کاغەزگر لەلایەکی تەرازووەکە دابنێ.
ئەو کاغەزگرانە ١٠ گرام دەنوێنن.

هەنگاوی ٢
لەلایەکی تری تەرازووەکە شتێك دابنێ بەبڕوای خۆت کێشی ١٠گرام بێت، خەملاندنەکەت ساغکەوە.

هەنگاوی ٣
هەنگاوی ١ و ٢ لەگەڵ کێشی نزیکەی ٢٥ گم، و نزیکەی یەك کگم دووبارەبکەوە، کتێب بەکاربێنە بۆ دیارکردنی یەك کگم.



کێشی گوارەیەکی زێر نزیکەی ٥ گمـە. ئایا دەتوانی شتێکی تر بڵێی کێشەکەی نزیکەی ٥ گم بێت

هەوڵبدە

شتێك بڵێ کێشەکەی نزیکەی

أ) ٥ گرام بێت ب) ٢ کیلۆگرام بێت

بـەیەکەوەبەستە

ئەگەر کێشی پشیلەیەك ٥ کگم بێت کێشەکەی بە گرام چەندە؟

١ کیلۆگرام = ١٠٠٠ گرام

کەواتە، کێشی پشیلەکە ٥٠٠٠گرامە



کیلۆگرام	١	٢	٣	٤	٥
گرام	١٠٠٠	٢٠٠٠	٣٠٠٠	٤٠٠٠	٥٠٠٠

ڕاهێنــان و شیـکـارکـردنـی پـرسـیـارەکـان

دەربڕینێكی گونجاو هەڵبژێرە.

١ 

٢٠٠ گم یان ٢٠٠ كگم؟

٢ 

١٨ گم یان ١٨ كگم؟

٣ 

٦ گم یان ٦ كگم؟

لەم لیستە، کەرەستەی گونجا ویەکەی پێوانی گونجاو هەڵبژێرە.

کەرەسەکان	یەکە	
ڕاستە	سم	گم
بەرداخی ئاو	مگم	كوپ
تەرازوو	شوشە	م

٤ درێژی پێنووس

٥ كێشی هێشوویەك ترێ

٦ فراوانی پاكەتێك شیر

٧  **بنووسە** ئایا ئەو شتانەی هەمان پێوانیان هەیە، هەمان كێشیان هەیە؟ نموونەیەك بێنە بۆ دڵنیابوونت لە وەڵامەكەت.

٨ كێشی پشیلەی پەیوەند ٢ كگم كێشەكەی بە گرام چەندە؟

٩ دیلان ٣ پێنووسی سوور و ٩ پێنووسی شینی هەیە. پێنووسەكانی بە یەكسانی دابەشی سەر دوو منداڵ كرد. چەند پێنووسی دا بەهەر منداڵێك؟


هەڵبژاردن لە هەمەجۆر

١٠ كام لەمانەی خوارەوە كێشەكەی بە گرام دەپێوی؟

أ كاغەزی كتێب ب شووتی ج مرۆڤ د ئەسپ

شیكاركردنی پرسیارەكان

كێ براوەیە؟



کەرەستەکان: کاغەز، دوو پێنووسی ڕەنگی جیاواز، شەشپاڵوویەكی ژمارەیی لەسەر ڕووەكانی ژمارەكانی ٣، ٤، ٥، ٦، ٧، ٨، هەیە

یاریزانێك ٦ بازنەی دوور لەیەكتر لەسەر كاغەزەكە دەكێشێت.

أ یاریزانی یەكەم شەشپاڵووەكەی هەڵداو سەری پێنووسەكەی لەسەر یەكێك لە بازنەكان دادەنێ، پارچە ڕاستەهێڵێك دەكێشیت درێژییەكەی بە سانتیمەتر یەكسان بێ بەو ژمارەی كە دەستیكەوت، هەوڵدەدات لەگەڵ بازنەیەكی تر بیبەستێتەوە.

ب یاریزانی دووەم هەمان كرداری دووبارە كردەوە.

ج دوو یاریزانەكە بەردەوام دەبن و ڕۆڵی خۆیان دەگۆڕن یەك لەدوای یەك.

د ئەوەی دووبازنەی كۆتایی بەیەكتر ببەستێتەوە براوەیە.

پێداچوونەوە

ڕوو
لا
هێڵی هاوجێبوون
جووتدەبن
لەیەکچوون
شەشپاڵوو

دڵنیابوون لە زاراوەکان و چەمکەکان

دەربڕینی گونجاو لە لیستی بەرامبەر هەڵبژێرە.

١ ئەو ڕووبەری تەختەیی لەسەر تەنی ئەندازەیی ئەمەیە ___؟___ ی تەنی ئەندازەییە.

٢ ئەو دوو وێنانەی هەمان پێکهاتە وهەمان پێوانەیان هەبێت ___؟___ .

٣ هەر ڕاستە هێڵێکی نەبینراو شێوەیەك بکاتە دوو نیوەی یەکسان پێی دەوترێت ___؟___ ئەم شێوەیە.

٤ ئەو تەنە ئەندازەییە ٦ ڕووی چوارگۆشەیی هەبێت، چییە؟

فراوانی
گرام
مەتر
چێوە
ڕووبەر


دەربڕینی گونجاو لە لیستی بەرامبەر هەڵبژێرە.

٥ ___؟___ یەکێکە لە یەکەکانی پێوانەی درێژی.

٦ ___؟___ دەفر بریتییە لەو بڕە ئاوەی کە دەفرەکە دەیگرێت.


٧ ___؟___ یەکێکە لە یەکەکانی پێوانەی کێش.


دڵنیابوون لە کارامەییەکان




٨ ئەو تەنە ئەندازەییانە چین کە ئەو شتەی لێ پێکهاتووە؟

ئایا هێڵی شین هێڵی هاوجێبوونی شێوەکەیە؟ بنووسە بەڵێ یان نەخێر.

٩


١٠


١١



یەکەی پێوانی گونجاو چییە بۆ پێوانی هەریەك لەو شتانە؟ بنووسە سم یان م یان کم.


١٢ درێژی گێزەرێك


١٣ درێژی هەنگ

١٤ دووری مانگ


چێوەی هەریەك لەم شێوانە چەندە؟

١٥


١٦


١٧


دڵنیابوون لە شیکارکردنی پرسیارەکان



وێنەی بەرامبەر بەکاربێنە بۆ شیکارکردنی ڕاهێنانی ١٨، ١٩.

١٨ ژمارەی چوارگۆشە شینەکان لەسەر هەموو ڕووەکانی شەشپاڵووەکە چەندە؟

١٩ ژمارەی چوارگۆشە شینەکان و سپییەکان لەسەر هەموو ڕووەکانی شەشپاڵووەکە چەندە؟

بەشی ٧

ئامادەبوون بۆ تاقیکردنەوە

ئاگاداربە!

- هەموو ناوەڕۆکەکە بخوێنەوە.
- دڵنیابە لە تێگەیشتنت لە پرسیارەکە.
- وەڵامەکانت ساغبکەوە.

دەوری وەڵامی گونجاو بدە لە ڕاهێنانی ١ تا ٩.

١ کام تەنی ئەندازەیی ڕووی نییە، لای نییە، سەری نییە؟

أ لوولەك ج قووچەك
ب گۆ د شەشپاڵوو

٢ کام پیت هێڵی هاوجێبوونی نییە؟

أ M ب P ج O د V

٣ کام لەم شێوانە جووت دەبێ لەگەڵ ئەم شێوەیە؟

أ ب ج د

٤ کام یەکەی پێوان بەکاردێت بۆ پێوانی کێشی تێبنووسەکەت؟

أ مەتر ب پەرداخ ج گرام د کاتژمێر


٥ من تەنی ئەندازەییم، ٦ چوارگۆشەم هەیە، من چییم؟

أ هەرەم ج قووچەك
ب گۆ د شەشپاڵوو

٦ کام شێوەی ئەندازەیی تەنها ٣ پارچەڕاستەهێڵی هەیە؟


أ سێگۆشە ج شەشپاڵوو
ب چوارگۆشە د هیچ لەوانە

٧ چێوەی ئەم شێوەیە چەندە؟



أ ٥ سم ج ٧ سم
ب ١٢ سم د ٦٠ سم

ستوونەکانی ڕوونکردنەوەیی بەکاربێنە بۆ شیکارکردنی ڕاهێنانی ٨ و ٩.



٨ ئەو ڕەنگەی کەوا ٢٠ کەس پەسندیدەکەن کامەیە؟

أ سوور ج شین
ب سپی د زیوی

٩ چەند کەس ڕای خۆیان دەربڕی؟


أ ٦٠ ج ٤٠
ب ٨٠ د هیتر

ئەوەی دەیزانی بینووسە

١٠ چوارگۆشەو لاکێشە لە چی یەکدەچن؟ وە لە چی جیاوازن؟

١١ دوو شت بڵێ بەمەتر بپێورێن و دووشت بەگرام بکێشرێن.

١٢ چۆن چێوەی ئەم لاکێشەیە دەدۆزیەوە؟ چێوەکەی یەکسانە بە چەند؟



بەشی ٨

کەرتەکان

دریژی مێروولەکان	
مێروولە	**درێژییەکەی**
مێروولە	$\frac{٢}{٣}$ سم
مێشوولە	$\frac{١}{٣}$ سم
خاڵخاڵۆکە	٥ سم
قالۆچە	١١سم

هەزاران چەشنە مێروولە لە جیهاندا هەیە، هەندێکیان قەبارەیان گەورەیە و هەندێکیان لە قەبارەدا بچووکن و بەچاو نابینرێن.

پرسیار بۆ شیکارکردن: ئەم خشتەیەی بەرامبەر بەشێك لە مێروولەکان درێژییەکانیان دیاردەکات..
کام مێروولە کورتترینیانە؟
کام مێروولە درێژترینیانە؟




زانیارییەکانت ساغبکەوە





ئەم لاپەڕیە بەکاربهێنە بۆ دڵنیابون لە هەبوونی
ئەم زانیارییانەی کەوا پێویستە لەم بەشە


نواندنی پارچەکانی گشت

ژمارەی پارچە یەکسانەکان چەندە؟ ژمارەی پارچە ڕەنگنەکراوەکان چەندە؟


١ 

٢ 

٣ 

٤ 

ژمارەی پارچە یەکسانەکان چەندە؟ ژمارەی پارچەڕەنگکراوەکان چەندە؟


٥ 

٦ 


پارچەکانی کۆمەڵە


ژمارەی شتەکانی هەر کۆمەڵەیەك چەندن؟ ژمارەی ئەو شتانەی کە سەوزنین لە کۆمەڵەکەدا چەندن؟

٧ 

٨ 


ژمارەی شتەکانی هەر کۆمەڵەیەك چەندە ژمارەی شتە سەوزەکان لە کۆمەڵەکەدا چەندن؟


٩ 


١٠ 

ناونانی کەرتەکان

ئەو کەرتە بنووسە کە پارچە ڕەنگکراوەکە دەنوێنێ.

١١ 

١٢ 

١٣ 

بەراوردکردنی کەرتەکان

بەراورد بکە. > یان < لە ● دابنێ.

١٤ 

١٥ 

١٦ 

وانەی ١

کەرتی یەکە

پێداچوونەوەی خێرا

ژمارەی دواتر لەهەر شێوازێکدا چەندە؟

١ ٢، ٤، ٦، ٨، ▢

٢ ١٢، ١١، ١٠، ٩، ▢

٣ ٣، ٦، ٩، ١٢، ▢


٤ ١١، ٩، ٧، ٥، ▢

زاراوەکان

کەرت سەرە ژێرە

فێربە

لەکاتی بەشکردنی شتێك بۆ چەند بەشێکی یەکسان ئەوا نواندنی هەر پارچەیەك لە پارچەکانی بە هۆی **کەرت** پێی دەوترێ **کەرتی یەکە**.



سەیری وێنەی پیتزاکە بکە، کام کەرت ئەو پارچەیە دەنوێنێ کە بەزالیای لەسەرە.

یەك پارچە بەزالیای تێدایە ⟵ ١ ⟶ سەرە

ژمارەی بەشە یەکسانەکان ⟵ ٦ ⟶ ژێر

بخوێنەوە: شەشیەك یەك $\frac{١}{٦}$

بەشێك لە ٦ بەشی یەکسان

١ لە ٦

کەواتە، $\frac{١}{٦}$ ی پیتزا بەزالیای تێدایە.

١					
$\frac{١}{٦}$	$\frac{١}{٦}$	$\frac{١}{٦}$	$\frac{١}{٦}$	$\frac{١}{٦}$	$\frac{١}{٦}$


سەرە ژمارەی بەشە ژماردراوەکان دەنوێنێ.

ژێرە ژمارەی بەشە یەکسانەکانی شتەکە دەنوێنێ.

- ئەم کەرتە چییە کە ئەو بەشەی بیتزا دەنوێنێ کە بەزالیای تێدایە؟




نموونە دەتوانی هەر شتێك بەشبکەی بۆ چەند پارچەیەکی یەکسان




ژماردنی پارچە یەکسانەکان

دەتوانی پارچە یەکسانەکان بژمێری وەك شەشیەك، تا شتێکی تەواوت دەستدەکەوێت.




$\frac{١}{٦}$ $\frac{٢}{٦}$ $\frac{٣}{٦}$ $\frac{٤}{٦}$ $\frac{٥}{٦}$ $\frac{٦}{٦} = ١$

دەتوانی هێڵی ژمارەکان بەکاربێنی بۆ نواندنی کەرتی یەکە.



خاڵی ● شوێنی کەرتی $\frac{٥}{٦}$ دیاردەکات.

نموونە



أ هێڵی ژمارەکان بەشکراوە بۆ (سێیەکی)

$\frac{٠}{٣}$ $\frac{١}{٣}$ $\frac{٢}{٣}$ $\frac{٣}{٣}$ — ٠ ١

خاڵی ● شوێنی کەرتی $\frac{١}{٣}$ دیاردەکات.

ب هێڵی ژمارەکان بەشکراوە بۆ (چواریەکی)

$\frac{٠}{٤}$ $\frac{١}{٤}$ $\frac{٢}{٤}$ $\frac{٣}{٤}$ $\frac{٤}{٤}$ — ٠ ١

خاڵی ● شوێنی کەرتی $\frac{٣}{٤}$ دیاردەکات.

ساغبکەوە

١ ڕوونیبکەوە چۆن (هەشتیەك) دەژمێری بۆ ئەوەی یەکت دەستکەوێت؟

ئەو کەرتەی بەشە ڕەنگکراوەکە دەنوێنێ لەسەر شێوەی پیتی و ڕەنووسی بنووسە.


٢ 


٣ 


٤ 


ڕاهێنان و شیکارکردنی پرسیارەکان


ئەو کەرتە بنووسە کە بەشە ڕەنگکراوەکان دەنوێنێ بە ڕەنووسی (بەبەکارهێنانی سەرە وژێرە) و بەپیت (بە بەکارهێنانی پیتەکان)


٥ 

٦ 

٧ 


٨ 

٩ 


١٠ 

جەبر کەرتە نادیارەکانی سەر هێڵی ژمارەکان بنووسە.

١١



١٢



ئەو کەرتە بنووسە کە بەشە دەورردراوەکە دەنوێنێ.

١٣



١٤




١٥



١٦ وێنەی ٩ بازنە بکێشە دەوری $\frac{١}{٣}$ ی بازنەکان بدە.

١٧ **کوا هەڵە؟** شنە ووتی ئەو کەرتەی بەشە ڕەنگکراوەکە دەنوێنێ یەکسانە بە $\frac{١}{٢}$، شنە لە کوێ هەڵەی کردووە؟



هەڵبژاردن لە هەمەجۆر

١٨ نارین کولێرەیەکی کردە ٨ پارچەی یەکسان. پارچەیەکی خوارد و دوو پارچەی دا بە خوشکەکەی، چ کەرتێك ماوە دیاردەکا؟

أ $\frac{٥}{٨}$ ب $\frac{٣}{٨}$ ج $\frac{٢}{٨}$ د $\frac{١}{٨}$

شیکارکردنی پرسیارەکان

دەروازەیەك لەسەر گەشتی دەریایی

کەشتییەوانەکان (پاپۆڕەوان) زمانی تایبەتی بەکاردێنن بۆ گفتوگۆکردن ئالآیەکان بەکاردێنن لە جیاتی وشەکان. هەر ئالآیەك لەم ئالآیانە لە جیاتی پیتێك لە پیتەکانی ئەبجەدی ئینگلیزی بەکاردێت. ئەگەر هاتوو گەشتییەکە ئالآی پیتی P بەرزکردەوە مانای ئەوەیە کەشتیەکە دەیەوێ لە بەندەرەکە دەربچێ.



وێنەی بەرامبەر بەکاربێنە بۆ شیکارکردنی ڕاهێنانەکان.

أ سەیری پیتی G بکە. ئەو کەرتە چەندە کە پارچە ڕەنگە زەردەکەی ئالآیەکە دەنوێنێ؟

ب سەیری هەموو ئالآکان بکە. کام ئالآ کراوەتە چوار پارچەی یەکسان واتە چوار یەکی؟

ج سەیری پیتی N بکە. ژمارەی پارچە یەکسانەکانی ئەم ئالآیە چەندن؟


د کەرتێك بنووسە کە پارچەیەك لە پارچەکان ئالآی هەریەك لەم پیتانە دیاردەکات: T, O, L.

وانەی ٢

هاوتابوونی کەرتەکان

پێداچوونەوەی خێرا

ناوی ئەو کەرتە بڵێ کە پارچە ڕەنگکراوەکە دیادەکات.



١ ٢ ٣ ٤

زاراوەکان

کەرتە هاوتاکان

فێربە

پارچە یەکسانەکان **کەرتە هاوتاکان** ئەو کەرتانەن کە هەمان هێندە دەنوێنن.

ئایا کەرتی تر هەیە هەمان هێندەی هەبێت کە کەرتی $\frac{١}{٢}$ هەیەتی؟

چالاکی ١

بەدەستی

کەرەستەکان: کاغەزێکی لاکێشەیی.

هەنگاوی ١


کاغەزەکە یەك جار بنووشتینەوە لە دواییدا بیکەوە. وێنەی خوارەوەت دەستدەکەوێت یەکێك لە دوو بەشەکانی شین بکە.



بەشێك لە دوو بەشە یەکسانەکانی شینە. $\frac{١}{٢}$ی کاغەزەکە شینە دووبارە کاغەزەکە بنووشتێنەوە

هەنگاوی ٢


جارێکی تر کاغەزەکە بنووشتێنەوە وبیکەوە ئەم شێوەت دەستدەکەوێت.




سەرنجبدە: دووبەش لە ٤ بەشی یەکسان شینە. $\frac{٢}{٤}$ی کاغەزەکە شینە. کاغەزەکە دووبارە بنووشتێنەوە.

هەنگاوی ٣

بۆ جاری سێیەم کاغەزەکە بنوشتێنەوە. بیکەوە ئەم شێوەت دەستدەکەوێت.



سەرنجبدە: ٤ پارچە لە ٨ پارچەی یەکسان شینە. $\frac{٤}{٨}$ ی کاغەزەکە شینە.





کەواتە $\frac{١}{٢} = \frac{٢}{٤} = \frac{٤}{٨}$

کەرتەکانی $\frac{١}{٢}$ و $\frac{٢}{٤}$ و $\frac{٤}{٨}$ هەموویان هەمان هێند دەنوێنن. کەرتەکان هاوتان.

$\frac{١}{٢}$ و $\frac{٢}{٤}$

دووکەرتی هاوتان






$\frac{١}{٢} = \frac{٢}{٤}$


ساغبکەوە

١ ڕوونیبکەوە چۆن بەبەکارهێنانی شریتی کەرتەکان دەزانی کەوا کەرتی $\frac{٢}{٤}$ و $\frac{٢}{٣}$ هاوتان یان نا؟

٢ ئایا هەردوو کەرتی $\frac{٢}{٣}$ ، $\frac{٣}{٤}$ هاوتان؟




٣ ئایا هەردوو کەرتی $\frac{٣}{٤}$ ، $\frac{٣}{٥}$ هاوتان؟




کەرتێك هاوتای هەر کەرتێك بنووسە:

٤ $\frac{٤}{٦}$




٥ $\frac{٢}{٥}$



ڕاهێنان و شیکارکردنی پرسیارەکان

شریتی کەرتەکان بەکاربهێنە بۆ شیکارکردنی ڕاهێنانی ٦ تا ١٠.



٦ کەرتێك بنووسە هاوتای کەرتی $\frac{٢}{٦}$.

٧ کەرتێك بنووسە هاوتای کەرتی $\frac{٣}{٦}$.

٨ کەرتێك بنووسە هاوتای کەرتی $\frac{٥}{٥}$.

٩ ئایا هەردوو کەرتی $\frac{٤}{٥}$ ، $\frac{٥}{٦}$ هاوتان؟

١٠ لە نێوان هەرسێ کەرتی $\frac{٣}{٥}$ ، $\frac{٤}{٦}$ ، $\frac{٦}{١٠}$ دوو کەرتیان هاوتان، کام دوو کەرتە؟

١١ تەمەنی زێرین ژمارەیەکی جووتە دەکەوێتە نێوان ٢٠ و ٢٩ و بەسەر ٣ دا دابەش دەبێ بەبێ ماوە ئایا تەمەنی زێرین چەندە؟

١٢ زانا حەز لە خواردنی پرتەقاڵ و ترێ دەکات. بەڵام حەز لە خواردنی سێو و خۆخ ناکات کەرتی کۆمەڵەی چوار مێوەکەی کە زانا حەزلێدەکات چییە؟

١٣ جەبر بەرزیی تاوەری ئیڤل لە پاریس ٣٣٠ مەترە و بە ٣٠ مەتر بەرزترە لە تاوەری شانشین لە ریاز ئایا بەرزیی تاوەری شانشین چەندە؟

١٤ **بنووسە** چۆن شریتی کەرتەکان بەکاردێنی بۆ دۆزینەوەی کەرتی هاوتا بە کەرتی $\frac{٤}{٨}$؟

هەڵبژاردن لە هەمەجۆر

١٥ کام کەرت هاوتای $\frac{٤}{٦}$؟

أ $\frac{٣}{٤}$ ب $\frac{٢}{٣}$ ج $\frac{٦}{١٢}$ د $\frac{١}{٢}$

وانەی ٣

بەراوردکردنی کەرتەکان و ڕیزکردنیان



پێداچوونەوەی خێرا

بەراورد بکە. هێمای > یان < یان = لە شوێنی ● دابنێ.

١ ٣٩٨ ● ٣٩٩

٢ ٢٤١ ● ٢١٤

٣ ٤٠١٢ ● ٤٠١٢


٤ ٥٤٣١ ● ٥٣٤١

فێربە

کام پارچە گەورەترینە؟ دەتوانی شریتی کەرتەکان بەکاربێنی بۆ بەراوردکردنیان.

نموونە


أ) $\frac{١}{٤}$ و $\frac{٢}{٤}$ بەراورد بکە



شریتی $\frac{١}{٤}$ کورتترە لە شریتی $\frac{٢}{٤}$

کەواتە، $\frac{١}{٤} < \frac{٢}{٤}$ یان $\frac{٢}{٤} > \frac{١}{٤}$.

ب) $\frac{١}{٣}$ و $\frac{١}{٤}$ بەراورد بکە



شریتی $\frac{١}{٤}$ کورتترە لە شریتی $\frac{١}{٣}$


کەواتە، $\frac{١}{٤} < \frac{١}{٣}$ یان $\frac{١}{٣} > \frac{١}{٤}$.

- شریتی کەرت چیلێدێت لە کاتی گەورەبوونی ژێرە، درێژ دەبێت یان کورت؟

دەتوانی چوارگۆشەی بچووک بەکاربێنی بۆ بەراوردکردنی پارچەکانی کۆمەڵە.

نموونە


أ) $\frac{٢}{٥}$ و $\frac{٣}{٥}$ بەراورد بکە



دوو چوارگۆشە بچووکترە لە ٣ چوارگۆشە.

کەواتە، $\frac{٢}{٥} < \frac{٣}{٥}$ یان $\frac{٣}{٥} > \frac{٢}{٥}$.

ب) $\frac{٤}{٦}$ و $\frac{٢}{٣}$ بەراورد بکە



٤ چوارگۆشە لەسەرەوە و ٤ چوارگۆشە لە ژێرەوە.

کەواتە، $\frac{٤}{٦} = \frac{٢}{٣}$.

- چۆن بەراوردی دوو کەرت دەکەیت کە هەمان ژێرەیان هەبێت؟ چۆن بەراوردی دوو کەرت دەکەیت ژێرەیان جیاوازبێت؟

ڕیزکردنی کەرتەکان




دەتوانی دوو کەرت یان پتر ڕیزبکەی، لە بچووکترینەوە بۆ گەورەترین یان بە پێچەوانەوە. شاناز پێویستی بە $\frac{٣}{٨}$ ی پەرداخ لە مێوژ و $\frac{١}{٤}$ ی پەرداخ لە شوکولاتە و $\frac{٢}{٣}$ ی پەرداخ لە بندق هەیە بۆ دروستکردنی شیرینی، شاناز دەیەوێ بزانێ کام جۆری پتر پێویستە. شریتی کەرتەکان بەکاربێنە بۆ ڕیزکردنی هەر سێ کەرتەکە لە گەورەترینەوە بۆ بچووکترین.

نموونە

هەنگاوی ١

کەرتەکان بەراوردبکە.



$\frac{٢}{٣} > \frac{٣}{٨}$

$\frac{٣}{٨} > \frac{١}{٤}$

هەنگاوی ١

کەرتەکان بەرەوژێر ڕیزبکە لە گەورەترین بۆ بچووکترین.

بیربکەوە: $\frac{٢}{٣} > \frac{٣}{٨} > \frac{١}{٤}$

بیربکەوە: $\frac{٢}{٣}$ ، $\frac{٣}{٨}$ ، $\frac{١}{٤}$

کەواتە ڕیزی کەرتەکان لە گەورترینەوە بۆ بچووکترین بریتییە لە: $\frac{٢}{٣}$ ، $\frac{٣}{٨}$ ، $\frac{١}{٤}$

- هەر سێ کەرتەکانی پێشوو لە بچووکترینەوە بۆ گەورەترین ڕیزبکە.

ساغبکەوە

بەراورد بکە. هێمای > یان < یان = لە شوێنی ● دابنێ.

١



$\frac{٢}{٣}$ ● $\frac{١}{٣}$

٢



$\frac{٢}{٥}$ ● $\frac{٣}{٥}$

٣




$\frac{٣}{٤}$ ● $\frac{٣}{٦}$

ڕاهێنان و شیکارکردنی پرسیارەکان


بەراورد بکە. هێمای > یان < یان = لە شوێنی ● دابنێ.

٤




$\frac{١}{٤}$ ● $\frac{١}{٢}$

٥



$\frac{٦}{٨}$ ● $\frac{٣}{٤}$

٦



$\frac{٣}{٥}$ ● $\frac{٣}{٦}$

٧ نەشمیل وتی کەرتی $\frac{٥}{١٠}$ گەورەترە لە کەرتی $\frac{٥}{٦}$ چونکە ١٠ گەورەترە لە ٦ ئایا لەگەڵ بۆچوونی ئەوەدای؟ وەڵامەکەت ڕوونبکەوە.

٨ شێوازی دێت تەواو بکە:

$\frac{١}{٨}$، $\frac{٢}{٨}$، $\frac{٣}{٨}$، $\frac{٤}{٨}$، $\frac{٥}{٨}$، ■، ■

هەڵبژاردن لە هەمەجۆر

٩ کام لەمانەی خوارەوە هەڵەیە؟

أ $\frac{٦}{٨} = \frac{٣}{٤}$ ‌ ب $\frac{٤}{٨} > \frac{٣}{٨}$ ‌ ج $\frac{٤}{٥} < \frac{٢}{٥}$ ‌ د $\frac{٤}{٨} = \frac{٣}{٦}$

شیکارکردنی پرسیارەکان — دەروازەیەك بۆ زانستە مرۆییەکان

أ سەیری ئەو حەوت مۆمی سەر مێزەکە بکە. ٣ لەوانە سوور و یەکێکیان ڕەشە. ئەوانیتر سەوزن. ئەو کەرتە چییە کە مۆمە سەوزەکان دەردەبڕێت؟



ب کرمانج $\frac{٣}{٤}$ ی پەرداخێك ترێ، و $\frac{١}{٢}$ ی پەرداخێك شلیك و $\frac{١}{٤}$ ی پەرداخێك گێلاسی خوارد. شریتی کەرتەکان بەکاربێنە بۆ ڕێکخستنی میوەکان بەرەوژوور.

وانەی ٤

کەرتەکان و دەییەکان

پێداچوونەوەی خێرا

هەریەك لەم کەرتانە بە شێوەی پیتی بنووسە.

١ $\frac{١}{٣}$ ٢ $\frac{٢}{٥}$

٣ $\frac{٢}{١٠}$ ٤ $\frac{٣}{٨}$


زاراوەکان

دەیەك

ژمارەی دەیی

فێربە

ئەو کەرتە چەندە کە بەشە ڕەنگکراوەکەی ئەم چوارگۆشەیە دەنوێنێ؟



ئەم چوارگۆشەیە کراوەتە ١٠ بەشی یەکسان،

بەشێك لەم بەشانە بریتییە لە $\frac{١}{١٠}$ یان دەیەك.

بەشە ڕەنگکراوەکە ٤ دەیەکی دیار دەکات یان $\frac{٤}{١٠}$.

دەتوانی ئەم هێندە لەسەر شێوەی ژمارەی دەیی: ٠,٤ بنووسی

ژمارەی ٠,٤ **ژمارەیەکی دەییە.**

٠,٤

شێوەی دەیی

وێرگوڵ (فاریزە)

شێوەی کەرتی

بنووسە: $\frac{٤}{١٠}$

بخوێنەوە: ٤ دەیەك یان ٤ لە دە

شێوەی دەیی

بنووسە: ٠,٤


بخوێنەوە: چوار دەیەك یان سفر فاریزە ٤

کەرتی $\frac{٤}{١٠}$ و ژمارەی ٠,٤ دوو نووسینن مانای هەمان هێند دیاردەکەن.

لە بیرمەکە دەتوانی نووسینی کەرتی یان نووسینی دەیی بەکاربێنی بۆ دیارکردنی دەیەکان.

نموونە


أ



شێوەی دەیی: ٠,٩

دەخوێنمەوە: نۆ دەیەك یان ٩ لە ١٠ یان سفر وێرگوڵ (فاریزە) ٩.


ب



شێوەی دەیی: ٠,١

دەخوێنمەوە: دەیەك یان ١ لە ١٠ یان سفر فاریزە ١.

ج



شێوەی دەیی: ١,٠

دەخوێنمەوە: دە دەیەکی یان یەك یان ١٠ لە ١٠ یان یەك وێرگوڵ سفر یان یەك.

- چەند پارچە لە پارچەکانی چوارگۆشە پێویستە ڕەنگبکرێت بۆ نواندنی ٠,٣؟




ساغبکەوە

١ کەرتێك بنووسە ئەو پارچەیە بنوێنێت کە چرا خواردویەتی لە شیرینییەکە، پاشان ئەو ژمارە دەیییە بنووسە کە ئەو پارچەیە دیاردەکات.

کەرت و ژمارە دەیییەکە بنووسە کە پارچە ڕەنگکراوەکان دیاردەکات.

٢ **٣** **٤**




ڕاهێنان و شیکارکردنی پرسیارەکان

کەرت و ژمارە دەیییەکە بنووسە کە پارچە ڕەنگکراوەکان دیاردەکات.


٥ **٦** **٧**

٨ **٩** **١٠**



١١ **ڕێنوێنی** سەیری پرسیاری ٨ بکە چۆن لێکدەرکردن بەکاردێنی بۆ دۆزینەوەی ژمارەی دەیی کە پارچە ڕەنگنەکراوەکە دیاردەکات؟


١٢ **بنووسە** سەیری دوو شریتەکەی کەرت بکە. ڕوونیبکەوە بۆچی؟ ٠,٥ وە $\frac{١}{٢}$ هەمان هێند دەنوێنن؟



هەڵبژاردن لە هەمەجۆر

١٣ کام لەمانەی خوارەوە بەشە ڕەنگکراوەکە دەنوێنێ؟

أ ٣   ب ٧   ج ٠,٣   د ٠,٧



وانەی ٥

ڕێگاکانی شیکاری پرسیارەکان

نموونەیەك دروستبکە

پرسیار ٣ منداڵ بەشداریان لە ڕاکردنی پۆستەکرد، ئازاد $\frac{٢}{٣}$ ی کم ڕایکرد و نەوزاد $\frac{٧}{٨}$ ی کم ڕایکرد و مەریوان $\frac{٥}{٦}$ ی کم ڕایکرد. ئایا لەم هاوڕێیانە کامەیان زیاتر ڕایکردووە؟



پێداچوونەوەی خێرا

بەراورد بکە. هێمای > یان < یان = لە شوێنی ● دابنێ.

١) $\frac{٢}{٣}$ ● $\frac{٢}{٣}$ ٢) $\frac{٤}{٦}$ ● $\frac{٣}{٦}$

٣) $\frac{١}{٤}$ ● $\frac{١}{٢}$ ٤) $\frac{٤}{٨}$ ● $\frac{٥}{١٠}$

تێبگە

- داواکراو چییە؟
- ئەو پێدراوانە چیین کە بەکاریان دەهێنیت؟
- ئایا پێدراو هەیە کە بەکارت نەهێنابێ؟ چییە؟



پلاندابنێ

- کام ڕێگا بەکاردەهێنی بۆ شیکارکردنی پرسیارەکە.

دەتوانی ڕێگەی «نموونەیەك دروست بکە» بەکاربهێنی بۆ دیاریکردنی ئەو بەشەی کیلۆمەتر کە هەریەك لە منداڵەکان ڕایکردووە.

شیکاربکە

- چۆن ئەم نموونەیە دروستدەکەیت؟

شریتی کەرتەکان بەکاربێنە بۆ دروستکردنی نموونەی پرسیارەکە. شریتەکە وا دابنێ بە شێوەیەك کە لە هەمان هێڵی ستوونی دەستپێبکە.

بەراوردی درێژییەکانی شریتی کەرتەکان بکە.

لەبەر ئەوەی $\frac{٧}{٨} > \frac{٥}{٦} > \frac{٢}{٣}$ کەواتە، نەوزاد لە هەردوو هاوڕێیەکانی زیاتر ڕایکردووە.

ئازاد



نەوزاد



مەریوان



ساغبکەوە

- چ ڕێگایەکی تر دەتوانی بەکاربێنی بۆ شیکارکردنی ئەم پرسیارە؟

ڕاهێنــان و شیکــارکــردنــی پرسیـارەکـان

ڕێگەی «نموونەیەك دروستبکە» بەکاربێنە بۆ شیکاکردنی پرسیارەکانی ١ و٢.

١ ئەگەر ئازاد $\frac{٩}{١٠}$ کم ڕابکات ئایا ئەوە دەگەیەنێ کە لە هەردوو برادەرەکەی زیاتر ڕایکردووە؟

٢ دونیا $\frac{٢}{٣}$ی پەرداخ شیر و $\frac{١}{٤}$ی پەرداخ شەکر و $\frac{١}{٢}$ پەرداخی ئاوی بەکارهێنا بۆ دروستکردنی پارچەیەك شیرینی. ئەو جۆرە چییە کە لە هەموویان زیاتر بەکاریهێناوە؟



ڕێگەکانی شیکارکردنی پرسیار

- هێلکاریەك یا وێنەیەك بکێشە
- **نموونەیەك دروستبکە یان بەکردار جێبەجێبکە**
- لیستێکی ڕێك دروست بکە
- بەدوای شێوازێك بگەڕێ
- خشتەیەك یان وێنەیەکی ڕوونکردنەوەیی دروستبکە.
- بخەملێنە وساغبکەوە
- بەهەنگاوەکاندا بگەڕێوە
- پرسیاری ئاسانتر شیکاربکە
- ڕستەیەکی ژمارەیی بنووسە.
- دەرئەنجامی ژیربێژی بەکاربێنە

مامۆستای زانست لە قوتابییەکانی داواکرد کتێبێك بخوێننەوە دەربارەی مێرووەکان. پاش هەفتەیەك، توانا $\frac{١}{٢}$ی کتێبەکەی خوێندەوە و بەنگین $\frac{٢}{٥}$ی کتێبەکەی خوێندەوە و چرا $\frac{٣}{٨}$ی کتێبەکەی خوێندەوە.

٣ کام ڕیزبەندی ڕاستە؟

أ $\frac{٣}{٨} < \frac{٢}{٥} < \frac{١}{٢}$

ب $\frac{١}{٢} < \frac{٢}{٥} < \frac{٣}{٨}$

ج $\frac{١}{٢} < \frac{٣}{٨} < \frac{٢}{٥}$

د $\frac{٢}{٥} < \frac{٣}{٨} < \frac{١}{٢}$

٤ کامیان گەورەترین بەشی کتێبەکەی خوێندۆتەوە؟

أ توانا

ب بەنگین

ج چرا



ڕاهێنان بە چەند ڕێگایەکی جیاواز

٥ دەرئەنجام محەمەد کاغەزێکی دەفتەرەکەی نوشتاندنەوەی بۆ دوو نیوە. دووجار لەسەر یەك، لەدوایدا کردیەوە، یەکێك لە بەشە یەکسانەکانی ڕەنگکرد کە دەستیکەوەوتبوو. ئایا ئەو کەرتەی بەشە ڕەنگکراوەکە دەنوینێ چییە؟

٦ ژیار ٧٤ ئۆتۆمبێلی بچووکی هەیە، ٢٦ی گۆڕیەوە بە ١٢ ئۆتۆمبێل لەگەڵ سۆران. ئایا ئیستا ژمارەی ئۆتۆمبێلەکانی چەندە؟

وانەی ٦



کۆکردنەوەی کەرتەکان



پێداچوونەوەی خێرا

کەرتێکی هاوتا بڵێ.

١ $\frac{٤}{٦}$ ٢ $\frac{٢}{٨}$

٣ $\frac{٢}{٤}$ ٤ $\frac{٢}{١٠}$

زاراوەکان

کەرتە ژێرە یەکسانەکان

کەرستەکان شریتی کەرتەکان

فێربە

ئەو کەرتانەی کە هەمان ژێرەیان هەیە بریتین لە **کەرتە ژێرە یەکسانەکان**.

شنۆ و دایکی دەیانەوێ شەربەتێکی مێوی تێکەڵاو دروستبکەن بە تێکەڵ کردنی $\frac{١}{٤}$ پەرداخ لە شەربەتی پرتەقاڵ لەگەڵ $\frac{٢}{٤}$ پەرداخ لە شەربەتی ئەناناس، ئەو برە شەربەتە داواکراوە چەندە بۆ دروستکردنی تێکەڵاوەکە؟

لە بیرمەکە

$\frac{١}{٢}$ ⟵ سەرە ، ژێرە

چالاکی

شریتی کەرتەکان بەکاربهێنە بۆ ژماردنی $\frac{٢}{٤} + \frac{١}{٤}$.

هەنگاوی ١

شریتی کەرتەکان بەکاربهێنە بۆ نواندنی $\frac{٢}{٤}$.



$\frac{٢}{٤}$

هەنگاوی ٢

ئەو شریتەی $\frac{١}{٤}$ دەنوێنی زیادبکە.



$\frac{٢}{٤} + \frac{١}{٤}$

هەنگاوی ٣

ئەو شریتانەی $\frac{١}{٤}$ دەنوێنن بژمێرە.



$\frac{١}{٤}$ ، $\frac{٢}{٤}$ ، $\frac{٣}{٤}$ یان $\frac{٢}{٤} + \frac{١}{٤} = \frac{٣}{٤}$

- بۆچی ژێرە ناگۆڕێت لە کاتی کۆکردنەوەی دوو کەرتەکە؟
- **ڕوونیبکەوە** چۆن شریتی کەرتەکان بەکاردەهێنی بۆ ئەنجامدانی $\frac{١}{٣} + \frac{١}{٣}$ ؟



هەوڵبدە

شریتی کەرتەکان بەکاربهێنە بۆ هەژمێرکردنی سەرجەم.

أ $\frac{٣}{٦} + \frac{١}{٦}$ ب $\frac{٣}{٥} + \frac{٢}{٥}$



بەیەکبەستەوە

کۆکردنەوەی کەرتە ژێرە یەکسانەکان.

نموونە

سەرکەوت پرتەقاڵێکی پاککرد، ٨ پارچەی دەستکەوت یەك پارچەی خوارد، واتە $\frac{١}{٨}$ی پرتەقاڵەکە. لە دواییدا ٤ پارچەی تری خوارد، واتە $\frac{٤}{٨}$. ئەو کەرتە چەندە سەرجەمی خواردنەکانی سەرکەوت دەنوێنێ؟

هەنگاوی ١

ژمارەی ئەو پارچانەی کە سەرکەوت خواردویەتی کۆبکەوە.

١ + ٤

هەنگاوی ٢

یەك پارچە + ٤ پارچەی = ٥ پارچەی

$\frac{١}{٨} + \frac{٤}{٨} = \frac{٥}{٨}$

کەواتە سەرکەوت $\frac{٥}{٨}$ی پرتەقاڵەکەی خواردووە.

لەبیرمەکە بۆ ئەوەی کەرتەکانی ژێرە یەکسانەکان کۆبکەیتەوە، سەرەکان کۆبکەوە، ژێرەش وەك خۆی بهێڵەوە.

ڕاهێنان و شیکارکردنی پرسیارەکان

سەرجەم چەندە؟

١ $\frac{٢}{٥} + \frac{١}{٥} = \square$

٢ $\frac{٣}{٨} + \frac{٣}{٨} = \square$

٣ $\frac{١}{٣} + \frac{١}{٣} = \square$

شریتی کەرتەکان بەکاربهێنە بۆ دۆزینەوەی سەرجەم.

٤ $\frac{٢}{٥} + \frac{٢}{٥} = \square$

٥ $\frac{١}{٦} + \frac{٤}{٦} = \square$

٦ $\frac{٤}{١٠} + \frac{٣}{١٠} = \square$

٧ $\frac{٣}{٨} + \frac{٢}{٨} = \square$

٨ دلسۆز ٦ زەردەلو و ٢ سێوی هەبوو. دوو سێوی تری کڕی. ئەو کەرتەی کە سێوەکان دەنوێنێ چەندە لە نێوان هەموو ئەو میوەیەی کە دلسۆز هەیەتی؟

٩ ئامادەکردنی هەندێ لەشت پێویستی بە $\frac{١}{٤}$ی پەرداخ شەکر هەیە. ئەگەر بمانەوێ بڕەکە دوو ئەوەندە بکەین چەند شەکرمان پێویستە؟

هەڵبژاردن لە هەمەجۆر

١٠ $\frac{٧}{٨} + \frac{٣}{٨} = \square$.

أ $\frac{١٠}{١٦}$ ب $\frac{١٠}{٨}$ ج $\frac{٤}{٨}$ د $\frac{٦}{٨}$

وانەی ٧

سادەکردنی سەرجەم

پێداچوونەوەی خێرا

بەراوردبکە. هێمای > یان < یان = دابنێ لە شوێنی ● .

١) $\frac{٥}{٨}$ ● $\frac{٧}{٨}$ ٢) $\frac{٣}{٦}$ ● $\frac{١}{٢}$

٣) $\frac{٦}{١٠}$ ● $\frac{٢}{٥}$ ٤) $\frac{٥}{١٠}$ ● $\frac{٤}{٨}$

زاراوەکان

شێوەی سادە

فێربە

لەو کاتەی کەرتەکان کۆدەکرێتەوە، دەتوانی سەرجەم بنووسی بە سادەترین شێوە. دەڵێی کەرتەکە بە «**شێوەیەکی سادەیە**» کاتێ درێژترین شریتی کەرتەکان بەکاردێنیت بۆ نواندنی.

کارزان و رزگار کۆلێرەیەکیان بەشکرد بۆ نانی بەیانی. کۆلێرەکەیان کردە ٨ پارچەی یەکسان. کارزان دوو پارچەی خوارد و رزگار دوو پارچەی خوارد. کەرتی کۆلێرەکە چەندە کە دوو براکە خواردوویانە؟



$\frac{٢}{٨}$ + $\frac{٢}{٨}$ = ؟

سەرجەمی $\frac{٢}{٨} + \frac{٢}{٨}$ بە سادەترین شێوە بنووسە.

چالاکی

بەدەستی

کەرەستەکان: شریتی کەرتەکان

هەنگاوی ١

شریتی کەرتەکان بەکاربێنە بۆ نواندنی $\frac{٢}{٨}$.



$\frac{٢}{٨}$

هەنگاوی ٢

$\frac{٢}{٨}$ زیاد بکە.



$\frac{٢}{٨} + \frac{٢}{٨} = \frac{٤}{٨}$

هەنگاوی ٣

ئەو شریتە درێژە چییە هەمان درێژی هەیە؟



$\frac{٢}{٨} + \frac{٢}{٨} = \frac{٤}{٨} = \frac{١}{٢}$

$\frac{١}{٢}$ شێوەی سادەی کەرتی $\frac{٤}{٨}$.


کەواتە، دوو برایەکە $\frac{١}{٢}$ی کولێرەکەیان خواردووە.

- چۆن دەزانی کەوا کەرتێک بە سادەترین شێوەیە؟

کۆکردنەوەی کەرتەکان

ئەگەر هاتوو کارزان دوو پارچەی زیادی خوارد لە کولێرەکە. ئەوا کەرتی کولێرەکە دوو برایەکە خواردوویانە دەبێتە چەند؟

شریتی کەرتەکان بەکاربێنە بۆ نووسینی سەرجەمی $\frac{٤}{٨} + \frac{٢}{٨}$ بە سادەترین شێوە.



$\frac{٤}{٨} + \frac{٢}{٨} = \frac{٦}{٨}$ یان $\frac{٣}{٤}$



کەواتە، برایەکان تا ئێستا $\frac{٣}{٤}$ی کولێرەکەیان خواردووە.

- چۆن دەزانی $\frac{٦}{٨} = \frac{٣}{٤}$ ؟
- ئایا کەرتی $\frac{٣}{٤}$ بە سادەترین شێوەیە؟


لەبیرمەکە دەتوانیت شریتی کەرتەکان بەکاربێنی بۆ کۆکرنەوەی کەرتەکان، یان نووسینیان بە سادەترین شێوە؟

ساغبکەوە

١ ڕوونیبکەوە چۆن شریتی کەرتەکان بەکاردێنی بۆ هەژمارکردنی $\frac{٣}{١٢} + \frac{١}{١٢}$ و نووسینیان بە سادەترین شێوە؟


کۆبکەوە پاشان سەرجەم بە سادەترین شێوە بنووسە.

٢




$\frac{١}{٤} + \frac{١}{٤} =$ ▢ یان ▢

٣



$\frac{٢}{٦} + \frac{٢}{٦} =$ ▢ یان ▢

٤




$\frac{٢}{١٠} + \frac{٣}{١٠} =$ ▢ یان ▢

ڕاهێنان و شیکارکردنی پرسیارەکان


کۆبکەوە پاشان سەرجەم بە سادەترین شێوە بنووسە.

٥



$\frac{٤}{١٢} + \frac{٢}{١٢} =$ ▢ یان ▢

٦



$\frac{١}{٨} + \frac{١}{٨} =$ ▢ یان ▢

٧ **ڕێنوێنی** دایكی سەیران پارچە حەڵوایەكی كردە ١٢ پارچەی یەكسان. ئەندامانی خێزان ٤ پارچەیان خوارد. ئەو كەرتەی كە بەشە ماوەكە دەنوێنێ بە سادەترین شێوە بنووسە.

٨ دوو منداڵ لە گەشتێك $\frac{٢}{٤}$ی گەشتەكەیان پێش نیوەڕۆ بڕی و $\frac{١}{٤}$ پاش نیوەڕۆ. كەرتی گەشتە بڕاوەكە چەندە؟

هەڵبژاردن لە هەمەجۆر

٩ كام لەمانەی خوارەوە وەڵامی هەڵەیە؟ $\frac{٥}{١٦} + \frac{٣}{١٦} = \square$

أ $\frac{٨}{١٦}$ ب $\frac{٢}{١٦}$ ج $\frac{٤}{٨}$ د $\frac{١}{٢}$

شیكاركردنی پرسیارەكان



گۆشەی ڕووناكبیران



مەتەڵ كەعبەی پیرۆز دەكەوێتە كام شار؟
سەرجەم بدۆزەوە و پاشان بە سادەترین شێوە لە بەشی خوارەوەدا بنووسە بۆ ئەوە كەرتە بگەڕێ كە بەدەستی دێنیت و لەسەرەوەی پیتی گونجاو بنووسە.

$\frac{٣}{٩} + \frac{١}{٩}$	ه	$\frac{١}{٨} + \frac{١}{٨}$	ر	$\frac{٥}{١٢} + \frac{٦}{١٢}$	ی	$\frac{٢}{٦} + \frac{٢}{٦}$	ۆ	$\frac{٣}{٨} + \frac{٣}{٨}$	ك
$\frac{٢}{٥} + \frac{٢}{٥}$	م	$\frac{٥}{٨} + \frac{٢}{٨}$	پ	$\frac{٢}{٩} + \frac{٢}{٩}$	ه	$\frac{١}{١٠} + \frac{٢}{١٠}$	ز	$\frac{٤}{١٢} + \frac{٧}{١٢}$	ی

؟ ؟ ؟ ؟ ؟

$\frac{٤}{٥}$ $\frac{٤}{٩}$ $\frac{٣}{٤}$ $\frac{٤}{٩}$ $\frac{١١}{١٢}$

؟ ؟ ؟ ؟ ؟

$\frac{٧}{٨}$ $\frac{١١}{١٢}$ $\frac{١}{٤}$ $\frac{٢}{٣}$ $\frac{٣}{١٠}$

وانەی ٨

لێدەرکردنی کەرتەکان

پێداچوونەوەی خێرا


کۆبکەوە سەرجەم بنووسە بە سادەترین شێوە.

١ $\frac{٣}{١٢} + \frac{١}{١٢} =$ ☐   ٢ $\frac{١}{٤} + \frac{٢}{٤} =$ ☐


٣ $\frac{٥}{٨} + \frac{١}{٨} =$ ☐   ٤ $\frac{٣}{١٠} + \frac{٦}{١٠} =$ ☐

فێربە


نەسرین و پێشڕەو بەشداریانکرد لە پاکەتێك کێك کە ١٠ کێکی تێدایە نەسرین ٥ کێکی خوارد یان $\frac{٥}{١٠}$ی پاکەتەکە و پێشڕەو ٣ کێکی خوارد یان $\frac{٣}{١٠}$ی پاکەتەکە. ئەو کەرتە زیادەی نەسرین خواردویەتی لە چاو پێشڕەو بدۆزەوە.



هەموو کێکەکان



ئەو کێکانەی نەسرین خواردویەتی



ئەو کێکانەی پێشڕەو خواردویەتی

چالاکی


بەدەستی

شریتی کەرتەکان بەکاربێنە بۆ هەژمارکردنی $\frac{٥}{١٠} - \frac{٣}{١٠}$، پاشان بە سادەترین شێوە بنووسە.

کەرەستەکان: شریتی کەرتەکان.


هەنگاوی ١

شریتی کەرتەکان بەکاربێنە بۆ نواندنی $\frac{٥}{١٠}$ ، $\frac{٣}{١٠}$.



هەنگاوی ٢

هەردوو شریتەکە بەراوردبکە بۆ دۆزینەوەی جیاوازی.



هەنگاوی ٣

بگەڕێ بەدوای ئەو شریتەی هەمان درێژی هەیە.

سادەترین شێوەی کەرتی $\frac{٢}{١٠}$ بریتیەلە $\frac{١}{٥}$

$\frac{٥}{١٠} - \frac{٣}{١٠} = \frac{٢}{١٠}$ یان $\frac{١}{٥}$

کەواتە، نەسرین $\frac{١}{٥}$ی پاکەتەکەی زیاتر خواردووە لە پێشڕەو.

- ئەو کەرتەی کە خواردنی هەردوو هاوڕێیەکان دەنوێنێ چەندە؟
  ئەو کەرتەی کە ماوەکە دەنوێنێ چەندە؟



لێدەرکردنی کەرتەکان

وا دابنێ ژمارەی کێکەکان لە پاکەتەکەدا ٨ بوون، دوو برادەرەکە بەیەکەوە ٤ کێکیان خوارد.
ئەو کەرتە کامەیە کە خواردنی هەردووکیان پێکەوە دیاردەکات؟
ئەو کەرتە کامەیە کە ماوەکە دەنوێنێ؟

شریتی کەرتەکان بەکاربێنە بۆ دۆزینەوەی $\frac{٨}{٨} - \frac{٤}{٨}$، لە پاشان جیاوازییەکە بە سادەترین شێوە بنووسە.

$\frac{٨}{٨}$ = ئەم کەرتە ژمارەی هەموو کێکەکان دەنوێنێ.

$\frac{٤}{٨}$ = ئەو کەرتە ژمارەی کێکەکانی کە هەردوو برادەرەکە خواردویانە دەنوێنێ.

$\frac{٤}{٨}$ = ئەو کەرتە ژمارەی ئەو کێکانە دەنوێنێ کە ماونەتەوە.

سادەترین شێوەی کەرتی $\frac{٤}{٨}$ بریتییە لە $\frac{١}{٢}$.

$\frac{٨}{٨} - \frac{٤}{٨} = \frac{٤}{٨}$ یان $\frac{١}{٢}$

کەواتە، $\frac{١}{٢}$ی کێکەکان ماوەتەوە.

لەبیرمەکە دەتوانی شریتی کەرتەکان بەکاربێنی بۆ لێدەرکردنی کەرتەکان یان بۆ نووسینیان بەسادەترین شێوە.

ساغبکەوە

١ ڕوونیبکەوە چون شریتی کەرتەکان بەکاردێنیت بۆ دۆزینەوەی $\frac{٣}{٤} - \frac{١}{٤}$، و نووسینی جیاوازییەکان بە سادەترین شێوە.

٢ $\frac{٥}{٦} - \frac{٢}{٦} = $ ■

٣ $\frac{٦}{١٢} - \frac{٢}{١٢} = $ ■

٤ $\frac{٨}{١٠} - \frac{٣}{١٠} = $ ■

ڕاهێنان و شیکارکردنی پرسیارەکان

بەراورد بکە. جیاوازی بدۆزەوە، لە پاشان بە سادەترین شێوە بنووسە.

٥ $\frac{٤}{٦} - \frac{١}{٦} = $ ■

٦ $\frac{٦}{١٢} - \frac{٣}{١٢} = $ ■

٧ $\frac{٣}{٨} - \frac{٢}{٨} = $ ■

٨ $\frac{٤}{٥} - \frac{٢}{٥} = $ ■

٩ $\frac{٦}{٨} - \frac{٤}{٨} = $ ■

١٠ $\frac{٥}{٦} - \frac{٣}{٦} = $ ■

جیاوازی چەندە؟ وەڵامەکە بە سادەترین شێوە بنووسە. شریتی کەرتەکان بەکاربێنە.

١١ $\frac{٢}{٣} - \frac{١}{٣} = ▢$

١٢ $\frac{٤}{٦} - \frac{٢}{٦} = ▢$

١٣ $\frac{٥}{٦} - \frac{١}{٦} = ▢$

١٤ **هەڵە لە کوێیە؟** لاڤین نووسی $\frac{٥}{١٢} - \frac{٣}{١٢} = ٢$. هەڵەی لاڤین لە کوێیە؟

١٥ **دەرئەنجام** چنار سێوێکی بەیەکسانی پارچە پارچە کرد. ٣ پارچەی خوارد و ٦ پارچەی ماوە. ئەو کەرتە سێوەی چنار خواردوویەتی چەند دەنوێنێ؟

هەڵبژاردن لە هەمەجۆر

١٦ سازان $\frac{٢}{٧}$ی کتێبی چیرۆکەکەی خوێند. چەندی ماوە لە کتێبەکە بخوێنێت؟

أ $\frac{٢}{٧}$ ب $\frac{٥}{٧}$ ج $\frac{٤}{٧}$ د $\frac{٧}{٢}$


شیکارکردنی پرسیارەکان



گۆشەی رووناکبیران

پەیوەست بە جوگرافیا ئەوەی دیزانیت لە کۆکردنەوەی کەرتەکان و لێدەرکردنیان بەکاربێنە بۆ دۆزینەوەی دوورییەکان لەسەر نەخشە. ئەگەر پێوەری نەخشەکامان زانی، کەواتە دەتوانین پێوانەی دوورییەکان بزانین. هەریەکەیەکی پێوانە لەسەر نەخشەی بەرامبەر $\frac{١}{١٠}$ کیلۆمەتر دەنوێنێ.

لەیلا حەزدەکات سەردانی دلبەری برادەری بکات لە ماڵەوە لەپاش دەرچوونی لە قوتابخانە. نەخشە بەکاربێنە بۆ وەڵام دانەوەی ئەم پرسیارانەی خوارەوە:



أ دووری نێوان ماڵی دلبەر و قوتابخانەکەی چەندی زیاترە لە دووری نێوان ماڵی و فرۆشگاکەی؟

ب ماڵی لەیلا چەند دوورە لە قوتابخانە؟

ج کامیان دوورترە لە قوتابخانە ماڵی دلبەر یان ماڵی لەیلا؟

د **رێنوێنی** دلبەر گوتی فرۆشگایەکە $\frac{١}{٢}$ کم دوورە لە ماڵمان. ئایا لەگەڵ ئەم بۆچوونەی رِوونبیکەوە.

پێداچوونەوە

دڵنیابوون لە زاراوەکان

دەربڕینی گونجاو لە لیستی بەرامبەر هەڵبژێرە.

کەرت
سەرە
ژێرە
ژمارەی دەیی

١ ژمارەی ٣ لە کەرتی $\frac{٣}{٨}$ پێدەگوترێت ___؟___ .

٢ ___؟___ بەکاردێنین بۆ دیاریکردنی بەشێك.

٣ ٠,٣ بریتییە لە ___؟___ کە کەرتی $\frac{٣}{١٠}$ دیاردەکات.

ئەم کەرتانە بە شێوەی ژمارەی دەیی بنووسە.





٤ $\frac{٤}{١٠}$ ٥ $\frac{٩}{١٠}$ ٦ $\frac{٢}{١٠}$ ٧ $\frac{٧}{١٠}$ ٨ $\frac{١}{١٠}$ ٩ $\frac{١٠}{١٠}$

دڵنیابوون لە کارامەییەکان

شریتی کەرتەکان بەکاربێنە بۆ دۆزینەوەی کەرتی هاوتا بۆ هەر کەرتێك.

١٠ $\frac{٦}{٤}$ ١١ $\frac{٨}{١٠}$ ١٢ $\frac{٣}{٦}$

ئەو کەرتە بنووسە کە پارچە ڕەنگکراوەکە دیاردەکات پاشان بە شێوەی پیتی بنووسە.

١٣

١٤

١٥

١٦






هێڵی ژمارەکان بەکاربێنە بۆ ڕیزکردنی ژمارە دەییەکان بەرەو ژوور



١٧ ٠,٩ ٠,٣ ٠,٤

١٨ ٠,١ ٠,٨ ٠,٧

ئەو کەرتە بنووسە کە بەشە ڕەنگکراوەکە دیاردەکات پاشان بە شێوەی ژمارەی دەیی بنووسە.

١٩

٢٠

٢١

٢٢


دڵنیابوون لە شیکاری پرسیارەکان

٢٣ شێروان $\frac{١}{٢}$ کم ڕۆیشت، شێرکۆ $\frac{٤}{٥}$ کم ڕۆیشت، سمکۆ $\frac{١}{٣}$ کم ڕۆیشت، ئایا کام لە هەرسێکیان درێژترین دووری ڕۆیشتووە؟

٢٤ دونیا ٣ پێنووسی زەرد و ٤ پێنووسی شین و ٣ پێنووسی سووری هەیە، کام کەرت پێنووسە سوورەکان دەنوێنێ؟

بەشی ٨

ئامادەبوون بۆ تاقیکردنەوە


ئاگاداربە!

- هەموو ناوەڕۆکەکە بخوێنەوە.
- دڵنیابە لە تێگەیشتنت لە پرسیارەکە.
- وەڵامەکانت ساغبکەوە.

وەڵامی گونجاو دەوربدە لە ڕاهێنانەکانی ١ تا ١٠.


١ کام هێما وا دەکا کە بەراوردەکە ڕاستبێت؟

$\frac{١}{٢} \bullet \frac{٢}{٣}$



أ < ب = ج > د ×

٢ کام کۆمەڵەی ئەم کەرتانە بەرەو ژوور ڕیزکراون؟




أ $\frac{٥}{٦}$ ، $\frac{١}{٢}$ ، $\frac{٢}{٣}$

ب $\frac{١}{٢}$ ، $\frac{٢}{٣}$ ، $\frac{٥}{٦}$

ج $\frac{١}{٢}$ ، $\frac{٥}{٦}$ ، $\frac{٢}{٣}$

د $\frac{٢}{٣}$ ، $\frac{١}{٢}$ ، $\frac{٥}{٦}$

٣ کام ژمارەی دەیی بەشە ڕەنگکراوەکە دەنوێنێ؟




أ ٠,٥

ب ٠,٦

ج ٠,٧

د ٦,٠

٤ کام خاڵ ٠,٥ دیاردەکات؟



أ س ب ع ج ف د ق

٥ $\frac{٧}{١٠} + \frac{٢}{١٠} = \square$

أ $\frac{٩}{٢٠}$ ج $\frac{٩}{١٠}$

ب $\frac{٥}{٢٠}$ د $\frac{٥}{١٠}$

٦ بە ئاراس و برادەرەکەی لە $\frac{٦}{٨}$ی پیتزایەك بەشداربوون، $\frac{٣}{٨}$ پیتزاکەیان پێکەوە خوارد. ئەو کەرتە چییە کە لە پیتزاکە ماوەتەوە؟

أ $\frac{٢}{٦}$ ب $\frac{٩}{٨}$ ج $\frac{٣}{٨}$ د $\frac{٣}{٤}$

٧ $\frac{٢}{٦} + \frac{٣}{٦} = \square$

أ $\frac{٥}{٦}$ ج $\frac{٥}{١٢}$

ب $\frac{٢}{٦}$ د ١

٨ $٧ \times (٢ \times ٤) = \square$

أ ١٣ ج ٥٦

ب ١٤ د ئەوانی تر

٩ $\frac{٦}{٨} - \frac{٢}{٨} = \square$

أ $\frac{١}{٦}$ ج $\frac{٢}{٣}$

ب $\frac{١}{٢}$ د $\frac{٨}{٦}$

١٠ قوتابیانی پۆلی سێیەم ویستیان درێژی هۆڵی ئاهەنگەکان لە قوتابخانە بپێون کام یەکەی پێوان گونجاوە؟


أ کووپ ج کیلۆمەتر

ب کیلۆگرام د مەتر

ئەوەی دەیزانی بینووسە

١١ مانای دوو کەرتی هاوتا چییە؟

١٢ شریتی کەرتەکان بەکاربهێنە بۆ دۆزینەوەی سەرەی نادیار.



$\frac{١}{٣} = \frac{\square}{٦}$

بەشی ٩

لێکدان و دابەشکردنی ژمارەیەکی یەك ڕەنووسی لە ژمارەیەکی یەك ڕەنووسی یان دوو ڕەنووسی

کۆمپانیاکانی فڕۆکەوانی توشی چەندەها کێشە دەبن. لەو کێشانە دەستنیشانکردنی ژمارەی گەشتە ئاسمانییەکان و جۆریفڕۆکەکانە.

شیکارکردنی پرسیارەکان سەیری خشتەکە بکە. ئایا کۆمپانیا دەتوانێت زۆرترین گەشتیار بگوازێتەوە بە ٤ فڕۆکە لە جۆری بۆینگ ٧٥٧ یان ٥ فڕۆکەی جۆری بۆینگ ٧٢٧؟

فڕۆکەکان و گەشتیارەکان

جۆر	ژمارەی گەشتیاران
٧٢٧	١٤٩
٧٣٧	١١٩
٧٥٧	١٩٠
٧٦٧	٢٥٤

زانیارییەکانت ساغبکەوە



ئەم لاپەڕیە بەکاربهێنە بۆ دڵنیابون لە هەبوونی
ئەم زانیارییانەی کەوا پێویستە لەم بەشە

 ڕاستییەکانی لێکدان

لێکبدە.

١ ٦ × ٧ = □

٢ □ = ٣ × ٤

٣ ٧ × ٨ = □

٤ ٥ × ٩ = □

٥ $\begin{array}{r} ٥ \\ \times\ ٧ \\ \hline \end{array}$

٦ $\begin{array}{r} ٤ \\ \times\ ٩ \\ \hline \end{array}$

تەواوبکە.

٧ ٤ × □ = ١٢

٨ × ٥ = ٢٠ □

٩ ٩ × □ = ٨١

١٠ ٣ × ٩ = □

١١ □ × ٨ = ١٦

١٢ ٨ × □ = ٤٠

 ڕاستییەکانی لێکدان و دابەشکردن

لێکبدە یان دابەشبکە.

١٣ ٦ × ٦ = □

١٤ ٣٠ ÷ ٦ = □

١٥ ١٢ × ٣ = □

١٦ ٨ × ٨ = □

١٧ ٨١ ÷ ٩ = □

١٨ □ = ٩ × ٩

١٩ ٥٦ ⟌ ٨

٢٠ ٥٤ ⟌ ٦

 خڕکردنەوە و خوردکردنەوە

ژمارەی نادیار بنووسە.

٢١ ١٨ دەیی و ٧ سەدی = ٨ دەیی و □ سەدی

٢٢ ٢٣ دەیی و ٥ سەدی = □ دەیی و ٧ سەدی

٢٣ □ دەیی و یەك سەدی = ٣ دەیی و دوو سەدی

وانەی ١

بەدەستی

لێکدان لە ژمارەیەکی دوو ڕەنووسی

پێداچوونەوەی خێرا

١ $٦ \times ٥ =$ ▢

٢ ▢ $= ٤ \times ٣$

٣ $١٠ \times ٦ =$ ▢

٤ ▢ $= ٦ \times ٨$

کەرستەکان

یەکان و شریتەکانی دەیی

فێربە

مامۆستا داوای لە قوتابیانی بەشداربووی پێشبرکێیەکان کرد کە لە ٤ ڕیز بووەستن. ژمارەی قوتابیانی هەر ڕیزێکی ژمارد، بینی لەهەر ڕیزێك ١٦ قوتابی هەیە. ژمارەی قوتابیە بەشداربووەکانی پێشبرکێیەکە چەندە؟


چالاکی

ڕیزکراوێك دروستبکە پرسیارەکە بنوێنێ بەبەکارهێنانی پارچە دەییەکان.

هەنگاوی ١


هەر ڕیزێك ژمارە ١٦ دەنوێنێ بە هۆی ٦ یەکان و شریتێکی دەیی.

٤ ڕیز دروستبکە بۆ ئەوەی ٤ × ١٦ بنوێنێ.



هەنگاوی ٢

یەکان و دەیان کۆبکەرەوە بۆ دۆزینەوەی ئەنجامی لێکدان.



٤ × ٦ = ٢٤   ٤ × ١٠ = ٤٠


٢٤ + ٤٠ = ٦٤

کەواتە، ژمارەی قوتابییە بەشداربووەکان ٦٤.

بەبیرتبێنەوە

ڕیزکراوەیەك شتە بەشکراوەکان لە هەر ڕیزو ستوونێك دیاردەکات.

ڕیزکراوێکی لە ٣ ڕیز و ٥ ستوون ٣ × ٥ دیاردەکات.



ڕیزکراوەیەکی ٤ ڕیزم لایە لەهەر ڕیزێکی ٣ یەکان و شریتێکی دەیی. چ کردارێکی لێکدان ڕیزکراوەکە دەنوێنێ؟ وە ئەنجامی چەندە؟

- چۆن یەکان و دەیان کۆکردەوە بۆ دۆزینەوەی ئەنجامی لێکدان؟
- **ڕێنوێنی** بۆچی شریتی دەیی و ٦ یەکان زیاتر یارمەتیت دەدات لە کاتی نواندنی ژمارە ١٦ لە نواندنی بە ١٦ یەکان؟

هەوڵبدە


یەکان و شریتەکانی دەیی بەکاربێنە بۆ دۆزینەوەی ئەنجامی لێکدان.

أ $٤ \times ١٣ =$ ▢   ب $٣ \times ١٨ =$ ▢

ببەستەوە

دەتوانی ڕیزکراوەکان بەکاربێنی لەسەر پەڕەی چوارگۆشەکان بۆ لێکدانی ژمارەیەکی یەك ڕەنووسی لە ژمارەیەکی دوو ڕەنووسی.

هەژماربکە: ٣ × ١٧ .



٣ ڕیز لە ١٠   ٣ ڕیز لە ٧

٣ × ١٠ = ٣٠   ٣ × ٧ = ٢١

٢١ + ٣٠ = ٥١

کەواتە، ٣ × ١٧ = ٥١ .

ڕاهێنان و شیکارکردنی پرسیارەکان

ڕیزکراوەکان بەکاربێنە بۆ دۆزینەوەی ئەنجامی لێکدان.


١



٢ × ٩ = ١٨   ٢ × ١٠ = ٢٠

٢ × ١٩ = ☐

٢



٣ × ٤ = ١٢   ٣ × ١٠ = ٣٠

٣ × ١٤ = ☐

یەکان و شریتی دەیی بەکاربهێنە، یان پەڕەی چوارگۆشەکان، بۆ دۆزینەوەی ئەنجامی لێکدان.

٣ ٦ × ١٤ = ☐   **٤** ٥ × ١٣ = ☐   **٥** ٦ × ١٦ = ☐

٦ **ڕێنوێنی** ڕیزکراوەیەك بکێشە لەسەر پەڕەی چوارگۆشەکان بۆ دۆزینەوەی ژمارەی نادیار لە ☐ × ١٨ = ٧٢.

٧ **بنووسە** چۆن ٣ × ٢١ دەنوێنی؟ چۆن ئەنجامی لێکدان دەدۆزیتەوە؟

هەڵبژاردن لە هەمەجۆر

٨ ٤٥ × ٦ = ؟

أ ٥١   ب ٢٧٠   ج ٢٢٠   د ١٥

وانەی ٢

تۆمارکردنی کرداری لێکدان



پێداچوونەوەی خێرا

١ ٢ × ٤ = ▢

٢ ٥ × ٧ = ▢

٣ ▢ = ٢ × ١٠

٤ ▢ = ٨ × ٣

فێربە

لەناودڵ بەرجەستەی دڵێکی دانراو لە مۆزەخانەیەکی زانستی لە ٤ بەش پێکهاتووە. لەهەر بەشێك لە بەشەکانی ٣٠ کورسی هەیە.
چەند میوان دەتوانن لەناو ئەو دڵە دانیشن؟




نموونە ١

٤ × ٣٠ = ▢ یان $\begin{array}{r} ٣٠ \\ \times ٤ \\ \hline \end{array}$

شریتەکانی دەیی بەکاربهێنە بۆ دۆزینەوەی ئەنجامی لێکدان.


هەنگاوی ١

دەستبکە بە نواندنی ٤ کۆمەڵ لە ٣٠.



هەنگاوی ٢

پاشان. دەیان خربکەوە بۆ دۆزینەوەی ئەنجامی لێکدان.
لەکۆتاییدا، ١٠ دەیی خربکەوە لەسەد، ١٠٠ و دوو دەییت دەستدەکەوێت.



● چ کردارێکی کۆکردنەوە وەڵامی ٤ × ٣٠ دەداتەوە؟

نموونە

أ ٣ × ٢٠ = ٦٠

ب ٢ × ٤٠ = ٨٠

ج $\begin{array}{r} ٥٠ \\ \times ٢ \\ \hline ١٠٠ \end{array}$

● چ کردارێکی کۆکردنەوە وەڵامی ٢ × ٥٠ دەداتەوە؟

نموونە ٢

٥ پاس هاتن بۆ گواستنەوەی قوتابیان بۆ یاریگای تۆپی پێ. هەر پاسێك ٢٣ قوتابی گواستەوە. ژمارەی هەموو قوتابیان چەندە؟

هەنگاوی ١

دەستبکە بە نواندنی ٥ کۆمەڵە لە ٢٣ پاشان یەکان لێکبدە.

یەکان	دەیان
٣	٢
٥ ×	
٥	١

(٥ × ٣ یەکان)

هەنگاوی ٢

پاشان، دەیان لێکبدە.

یەکان	دەیان	سەدان
٣	٢	
٥ ×		
٥	١	
٠	٠	١

(٥ × ٢ دەیان)

هەنگاوی ٣

خریبکەوە تا ئەنجامت دەستدەکەوێت.

یەکان	دەیان	سەدان
٣	٢	
٥ ×		
٥	١	
+ ٠	٠	١
٥	١	١

کەواتە، ژمارەی قوتابیان بریتییە لە ١١٥.

- زانینی بەهای ٥ × ٢ چۆن یارمەتیت دەدات بۆ ئەنجامدانی ٥ × ٢٠.

ساغبکەوە

١ یەکان و شریتی دەیی بەکاربێنە بۆ نواندنی ٥ × ٢٨. کاغەز و پێنووس بەکاربێنە بۆ تۆمارکردنی ئەوەی ئەنجامتدا.

لێکبدە.

٢ ٣٠ × ٢

٣ ٢٤ × ٣

٤ ٣٨ × ٢

ڕاهێنان و شیکارکردنی پرسیارەکان

لێکبدە.

٥ ٢٠ × ٤

٦ ٢٢ × ٤

٧ ٦٧ × ٢

جەبر یەکان و شریتەکانی دەیی بەکاربهێنە بۆ دۆزینەوەی ژمارەی نادیار.

٨ ٦ × ☐ = ١٣٢

٩ ٤ × ☐ = ٥٦

١٠ ☐ × ٢١ = ٦٣

١١ ☐ × ٢٥ = ١٠٠

١٢ ڕۆژ ٢٤ کاتژمێرە. و هەفتە ٧ ڕۆژە، چەند کاتژمێر لە هەفتەیەکدا هەیە؟

١٣ **ڕێنوێنی** کرمانج وتی ٥ × ١٨ دەکاتە ٤٠ + ٥٠ ئایا لەگەڵ بۆچوونی ئەوی؟ ڕوونیبکەوە.

هەڵبژاردن لە هەمەجۆر

١٤ نسرین ٤ قوتوو پێنووسی پێیە لە هەر قوتوویەك ١٠ پێنووس هەیە، چۆن کرداری لێکدان تۆمار دەکەیت بۆ دۆزینەوەی ژمارەی پێنووسەکان؟

أ ٤ × ١٠ = ج ٤ + ١٠ =

ب ١٠ × ٤ = د ١٠ + ١٠ + ١٠ + ١٠

شیکارکردنی پرسیارەکان




مێژووی بیرکاری

ئەوروپییەکان تۆڕیان بەکاردەهێنا بۆ ئەنجامدانی لێکدان لە هەردوو سەدەی چواردەمین و پانزەمین، ڕاستییەکانی لێکدانی بنەڕەتی و تۆڕێك بەکاردێنن بۆ ئەنجامدانی کرداری ٧ × ٤٦٥.



- ریزێکی ٣ چوارگۆشەیی دەکێشین و تیرەی هەر چوارگۆشەیەك دەکێشین. دوو ژمارەکە دەنووسین وەك لە بەرامبەردا دیارکراوە.




- ٧ لەهەر ڕەنووسێك لە ڕەنووسەکانی ژمارەی دووەم دەدەین.

٧ × ٥ = ٣٥


٧ × ٦ = ٤٢

٧ × ٤ = ٢٨



- ئەنجامەکان دەنووسین، وەك ڕوونکراوەتەوە لە بەرامبەر.
- لە ڕاستەوە دەستپێدەکەین، ڕەنووسەکان کۆدەکەینەوە بە پێی هەر تیرەیەك و لەکاتی پێویستدا دەیان کۆدەکەینەوە.

کەواتە، ٧ × ٤٦٥ = ٣٢٥٥



ڕێگەی پێشوو بەکاربهێنە بۆ دۆزینەوەی ئەنجامی لێکدان.

أ ٦ × ٧٢٢ = ب ٨ × ٣٤٦ = ج ٤ × ٢٩٦ = د ٣ × ٤٣٥ =

وانەی ٣

لێکدان لە ١٠ و لە ١٠٠ و لە ١٠٠٠



پێداچوونەوەی خێرا

١. ٦ × ٤ = ▢

٢. ▢ = ٧ × ٢

٣. ▢ = ٨ × ٧

٤. ٣ × ٨ = ▢

فێربە

٣ × ١ = ٣ — ٥ × ١ = ٥

٣ × ١٠ = ٣٠ — ٥ × ١٠ = ٥٠

٣ × ١٠٠ = ٣٠٠ — ٥ × ١٠٠ = ٥٠٠

٣ × ١٠٠٠ = ٣٠٠٠ — ٥ × ١٠٠٠ = ٥٠٠٠

بڕوانە ئەنجامی لێکدان بریتییە لە ژمارەی لێکدراوەکە بە زیادکردنی سفرێك بۆ لای ڕاستی ژمارە لێکدراوەکە ئەگەر لێکدان لە ١٠ بێت. وە دوو سفر ئەگەر لێکدان لە ١٠٠ بێت. وە سێ سفر ئەگەر لێکدان لە ١٠٠٠ بێت.



لەبیرمەکە دەتوانیت خشتەی خانەکان بەکاربێنیت بۆ یارمەتیدانت لە لێکدان لە ١٠ و لە ١٠٠ و لە ١٠٠٠.

	یەکان	دەیان	سەدان	هەزاران
٢ × ٤ = ٢ × ٤ یەکان	٨			
٢ × ٤٠ = ٢ × ٤ دەیان	٠	٨		
٢ × ٤٠٠ = ٢ × ٤ سەدان	٠	٠	٨	
٢ × ٤ ٠٠٠ = ٢ × ٤هەزاران	٠	٠	٠	٨

نموونە

أ
٤ × ١ = ٤
٤ × ١٠ = ٤٠
٤ × ١٠٠ = ٤٠٠
٤ × ١ ٠٠٠ = ٤ ٠٠٠

ب
٣ × ٢ = ٦
٣ × ٢٠ = ٦٠
٣ × ٢٠٠ = ٦٠٠
٣ × ٢ ٠٠٠ = ٦ ٠٠٠

ج
٢ × ٥ = ١٠
٢ × ٥٠ = ١٠٠
٢ × ٥٠٠ = ١ ٠٠٠
٢ × ٥ ٠٠٠ = ١٠ ٠٠٠

- بۆچی سفرەکانی نموونەی (ج) پترن لەوانەی نموونە (أ) و (ب)؟

ساغبکەوە

١ ڕوونیبکەوە چۆن ڕاستییەکانی لێکدانی ٦ × ٤ = ٢٤ بەکاردێنیت بۆ ئەنجامدانی ٦ × ٤٠؟

تەواوبکە.

٢ ٦ × ١ = ▢
٦ × ١٠ = ▢
٦ × ١٠٠ = ▢
٦ × ١ ٠٠٠ = ▢

٣ ٤ × ٥ = ▢
٤ × ٥٠ = ▢
٤ × ٥٠٠ = ▢
٤ × ٥ ٠٠٠ = ▢

ڕاهێنان و شیکارکردنی پرسیارەکان

تەواوبکە.

٤ ٥ × ١ = ▢
٥ × ١٠ = ▢
٥ × ١٠٠ = ▢
٥ × ١ ٠٠٠ = ▢

٥ ١٠ × ١ = ▢
▢ × ١٠ = ١٠٠
١٠ × ١٠٠ = ▢
١٠ × ▢ = ١٠ ٠٠٠

ژمارەی نادیار چییە؟

٦ ٢ × ٧٠ = ▢

٧ ▢ = ٦ × ٤٠٠

٨ ▢ = ٥ × ٣٠٠

٩ ٥ × ٤ ٠٠٠ = ▢

١٠ **ڕێنوێنی** ئەو ڕاستییەی لێکدان چییە کە دەتوانیت بەکاریبێنی بۆ ئەنجامدانی ٥ × ٦٠٠؟ ڕوونیبکەوە.

١١ **پرسیار چییە؟** سندوقی بزمارەکان ٨٠ پاکەتی تێدایە. وەڵام ٤٨٠ پاکەت؟



هەڵبژاردن لە هەمەجۆر

١٢ درێژی ژوورەکە ٣ مەترە. درێژی ژوورەکە چەند سانتیمەترە؟

أ ٣سم   ب ٣٠سم   ج ٣٠٠ سم   د ٣٠٠٠ سم



پێداچوونەوەی خێرا

١	٣٢ × ٢	**٢**	٥٣ × ٦
٣	٣٦ × ٤	**٤**	٢٤ × ٧

وانەی ٤

ڕاهێنان لەسەر لێکدان

فێربە

لەناو فڕۆکە فڕۆکەیەکی کۆمپانیای زاگرۆس لە ڕۆژێکدا دوو گەشت ئەنجامدەدات لە نێوان بەیروت و هەولێر. هەر فڕۆکەیەك ١٦٨ کەشتیار دەگوازێتەوە لەهەر گەشتێکدا. فڕۆکەکە چەند گەشتیار لەهەر ڕۆژێکدا دەگوازێتەوە؟

٢ × ١٦٨ = ☐ یان ١٦٨ × ٢

بەکارهێنانی کاغەز و پێنووس لەبەر ئەوەی لێکدانی یەکان پێویستی بە خرکردنەوە هەیە، بۆیە بەکارهێنانی کاغەز و پێنووس پێویستە.

هەنگاوی ١

یەکان لێکبدە. ٢ × ٨ یەکان = ١٦ یەکان.

١٦ یەکان بکە بە یەك دەیان و ٦ یەکان.

سەدان	دەیان	یەکان
	١	
١	٦	٨
		٢ ×
		٦

هەنگاوی ٢

دەیان لێکبدە. ٢ × ٦ دەیان = ١٢ دەیان.

لەگەڵ دەی دەستکەوتووی هەنگاوی یەکەم دەبێتە ١٣ دەیی.

١٢ دەیی + یەك دەیی = ١٣ دەیی

١٣ دەیی بکە بە یەك سەدی و ٣ دەیی.

سەدان	دەیان	یەکان
١	١	
١	٦	٨
		٢ ×
	٣	٦

هەنگاوی ٣

سەدان لێکبدە. ٢ × ١ سەدی = ٢ سەدان.

لەگەڵ ئەو سەدەی دەست کەوتوو لە هەنگاوی ٢، دەبێتە ٣ سەدان.

٢ سەدان + یەك سەدان = ٣ سەدان.

سەدان	دەیان	یەکان
١	١	
١	٦	٨
		٢ ×
٣	٣	٦



کەواتە، فڕۆکەکە ٣٣٦ گەشتیار لەهەر ڕۆژێکدا دەگوازێتەوە.

بەکارهێنانی هەژمێرکردنی هزری

٧ × ٣١ = ⬜؟

لەبەر ئەوەی لێکدانی یەکان پێویستی بە خوردکردنەوە نییە، لەبەر ئەوەی بەکارهێنانی هەژمێرکردنی هزری گونجاوە. ٧ × ١ = ٧.

بیربکەوە: ٧ جار ٣ دەیان یان ٧ × ٣٠ = ٢١٠

کەواتە، ٧ × ٣١ = ٧ + ٢١٠ = ٢١٧

لێکدانی ژمارەیەکی چوار ڕەنووسی لە ژمارەیەکی یەك ڕەنووسی

١ ٨٥٣ × ٢ = ⬜ بدۆزەوە.

هەنگاوی ١	هەنگاوی ٢	هەنگاوی ٣	هەنگاوی ٤
یەکان لێکبدە.	دەیان لێکبدە.	سەدان لێکبدە.	هەزاران لێکبدە.
١ ٨٥٣ × ٢ = ٦	(١) ١ ٨٥٣ × ٢ = ٠٦	(١ ١) ١ ٨٥٣ × ٢ = ٧٠٦	(١ ١) ١ ٨٥٣ × ٢ = ٣ ٧٠٦

کەواتە، ١ ٨٥٣ × ٢ = ٣ ٧٠٦ .



نموونە

أ	ب	ج
(١ ١) ١ ٦٢٥ × ٣ = ٤ ٨٧٥	(٢ ٤ ١) ١ ٤٨٢ × ٥ = ٧ ٤١٠	(٣ ٣) ٢ ٠٨٩ × ٤ = ٨ ٣٥٦

ساغبکەوە

١ ڕوونیبکەوە چۆن خڕکردنەوە بەکاردێنیت بۆ دۆزینەوەی ٥ × ٣٤؟ ئەنجامی لێکدان بدۆزەوە.

٢ ڕوونیبکەوە لەبەر چی پێویستمان بە خڕکردنەوەی دەیان نەبوو لە نموونەی (أ)؟

ئەو ڕێگایەی بەکارت هێناوە بۆ لێکدان بلێ و ئەنجام بنووسە.

٣ ١٢٤ × ٣   ٤ ٢٧٥ × ٤   ٥ ٤٦١ × ٥   ٦ ٥١٤ × ٢

◀ ڕاهێنـان و شیـكـاركـردنـی پـرسـیـارەكـان

ئەنجامی لێكدان چییە؟ ئایا پێویستی بە خڕكردنەوە هەیە؟

٧

س	د	ی
	١	٣
		٣ ×

٨

س	د	ی
	١	٤
		٧ ×

٩

س	د	ی
	٣	٤
		٢ ×

١٠

س	د	ی
	٣	١
		٥ ×

ئەنجامی لێكدان چییە؟

١١ ١ ١٨٦ × ٨

١٢ ٣ ٢٤٥ × ٣

١٣ **ڕێنوێنی** چۆن دەزانی كە ئەنجامی لێكدانی ٤ × ٨٢ لە دوو ڕەنووسی گەورەتر دەبێت بێ ئەوەی ئەنجام بدۆزیتەوە؟

١٤ ڕەنووسی نادیار چییە؟ چۆنت دۆزیەوە؟

٢ ١ ▢ ٥
× ٤
٨ ٧٠٠

هەڵبژاردن لە هەمەجۆر

١٥ وەڵامی كرداری لێكدانی بەرامبەر كامەیە ٢٥٢ × ٩ ؟

أ ٢٣٦٨   ب ٢٢٦٨   ج ٢٢٥٨   د ٢٢٥٠

شیكاركردنی پرسیارەكان

دەروازەیەك لەسەر هونەر

هونەرمەند جەواد سەلیم (١٩٢١ – ١٩٦١) بەناوبانگترین پەیكەرتاش لە مێژووی عیراقی نوێدا دادەنرێت. لە تەمەنی ١١ ساڵیدا خەڵاتی زیوی بەدەستهێنا لە پەیكەر تاشیدا لە یەكەم پیشانگای هونەری لە بەغا ساڵی ١٩٣١. بە نێراو (بعثە) ناردرا بۆ فەرەنسا بۆ خوێندنی پەیكەرتاشی لە پاریس ساڵی (١٩٣٨ – ١٩٣٩). هەروەها بۆ ڕۆما ساڵی (١٩٣٩ – ١٩٤٠) و پاشان بۆ لەندەن ساڵی (١٩٤٦ – ١٩٤٩). سەرۆكایەتی بەشی پەیكەرتاشی لە پەیمانگای هونەرە جوانەكان لە بەغدا كردووە تا كۆچی دوایكرد لە ٢٣ كانوونی دووەمی ١٩٦١. یەكێك لە بەناوبانگترین كارەكانی پەیكەری ئازادی لە گۆڕەپانی تەحریر لە بەغدا كە دادەنرێت بە گرنگترین پەیكەری هونەری لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا. هەروەها پەیكەرەكەی (زیندانی ڕامیاری نادیار) (السجين السياسي المجهول) خەڵاتی دووەمی وەرگرت لە پێشبركێی پەیكەرتاشی جیهانی كە تەنها بەشداربوو بوو لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست كە وڵاتە یەكگرتووەكان نموونەیەكی بچووكراوی برونزی ئەو پەیكەرەی پاراستووە لای خۆی. پاش كۆچكردنی بە چەند ساڵێك پیشانگایەكی بەرفراوانی بۆ كرا بۆ كارەكانی لە مۆزەخانەی نیشتمانی هونەری لە بەغدا.



پەیكەری ئازادی لە گۆڕەپانی تەحریر

أ ئەگەر دابنێین كە ٣٥ كەس لە سەعاتێك سەردانی پیشانگاكەی كردبێت، ژمارەی میوانەكانی پیشانگایەكە لە ٨ سەعات چەندبووە؟

ب قوتابیانی قوتابخانەیەك سەردانی پیشەنگاكەیان كرد، ٣ پاسیان دابینكردبۆ گواستنەوەی قوتابیان كە هەر پاسێك ٥٧ قوتابی بگواستەوە، ژمارەی ئەو قوتابییانە چەندە كە سەردانی ئەم پیشانگایەیان كرد؟

وانەی ٥

کارامەیی لە شیکاری پرسیارەکان

«هەڵبژاردنی کردارێک»

پێداچوونەوەی خێرا

١) 15×6

٢) 72×8

٣) $232 + 521$

٤) $495 - 208$

تێبگە | پلاندابنێ | شیکاربکە | ساغبکەوە

شەماڵ مەڕەکانی ئامادەکرا بۆ پێشەنگای ساڵانەی کشتوکاڵی بۆ ئەم کارە هەفتانە ٢٥ کاتژمێر کاردەکات، بۆ ماوەی ٤ هەفتە. ئایا شەماڵ چەند کاتژمێر بۆ ئەم بۆنەیە کاردەکات؟

خشتەی خوارەوە یارمەتیدەدات بۆ هەڵبژاردنی کرداری گونجاو بۆ شیکارکردنی پرسیارەکە.



کۆکردنەوە	• خستنە پاڵیەکتری کۆمەڵەکانی جۆراوجۆر.
لێدەرکردن	• وەرگرتن لە کۆمەڵە. • بەراوردکردنی برەکان.
لێکدان	خستنە پاڵیەکتری کۆمەڵەکانی یەکسان.
دابەشکردن	• بەشکردنی کۆمەڵە بۆ چەند پارچەیەکی یەکسان. • دۆزینەوەی ژمارەی دانەکانی هەر پارچەیەك.

ئەگەر بتەوێت کۆمەڵەکانی یەکسان بخەیتە پاڵیەکتر، لێکدان بەکاربهێنە.

$$٤ \times ٢٥ = ١٠٠ \quad یان \quad ٢٥ \times ٤$$

کەواتە، شەماڵ بۆ ئامادەکردنی مەڕەکانی دەبێت ١٠٠ کاتژمێر کاربکات.

لەبیرمەکە پێش ئەوەی پرسیارەکە شیکاربکەیت، دەبێ کرداری گونجاو دیاربکەی.

باسبکە

- دەتوانی کام کرداری هەژمێرکردن بەکاربێنی بۆ شیکارکردنی پرسیارەکە؟ ڕوونیبکەرەوە.
- ئەگەر پێویست بوایە شەماڵ لە هەفتەی کۆتایی ٨ کاتژمێر زێدەتر کاربکات، وەڵامەکە چۆن دەبێت؟

ڕاهێنان و شیکارکردنی پرسیارەکان

ئایا پێویستە کۆبکەییەوە یان لێکدەربکەی یان لێکبدەی یان دابەشبکەیت بۆ ئەوەی پرسیارەکە شیکاربکەیت؟

١ سیروان لەهەر ڕۆژێکدا ٣٠ خولەکی پێویستە بۆ ڕاهێنانی ئەسپەکەی، چەند خولەکی لە ٥ ڕۆژدا پێویستە؟

٢ شیرین پارچە قوماشێکی هەبوو درێژییەکەی ١٢ مەتر و ٩٩ سەنتیمەتربوو، ١٠ مەتر و ٩٥ سەنتیمەتری لێکردە پەردە.
ئایا شیرین چەندی لە قوماشەکە ماوەتەوە؟

هیوا ٣ خەڵاتی بۆ باوکی و دایکی و خوشکی کڕی، نرخی هەریەکێکیان ٧٥٠٠ دینار بوو، ئایا بەهای هەرسێ خەڵاتەکە چەندە؟

٣ کرداری هەژماری گونجاو چییە بۆ شیکارکردنی پرسیارەکە.

أ ٧٥٠٠ + ٣
ب ٧٥٠٠ − ٣
ج ٣ × ٧٥٠٠
د ٧٥٠٠ ÷ ٣

٤ ئەو برە پارەیە چییە کە هیوا داویەتی؟

أ ٢٥٠٠ دینار
ب ٧٥٠٠ دینار
ج ١٥٠٠٠ دینار
د ٢٢٥٠٠ دینار



ئاژەڵەکانی ڕۆژی کشتوکاڵی

ئاژەڵەکان	ژمارە
ئەسپ	٦٠
وشتر	٥٥
مەڕ	٥٠
کەروێشك	٣٠

ڕاهێنان لەسەر ڕێگا جیاوازەکان

پێدراوەکانی خشتەکە بەکاربێنە بۆ شیکارکردنی پرسیارەکانی ٥ تا ٧.

٥ ٦ کەروێشك فرۆشران و ئەوانی مانەوە بە یەکسانی بەسەر ٣ قەفەسدا دابەشکران. ژمارەی کەروێشکەکانی هەر قەفەسێك چەندە؟

٦ ئەسپەکان بەیەکسانی بەسەر ٦ کۆمەڵە دابەشکران، ژمارەی هەر کۆمەڵەیەك چەندە؟

٧ **ڕێنوێنی** وەڵام ١٠ پتر. کام کردار پێویستە بەکاربێنێت؟

وانەی ٦

تۆمارکردنی کرداری دابەشکردن



پێداچوونەوەی خێرا

١ $2\overline{)16}$ ٢ $6\overline{)48}$

٣ $5\overline{)25}$ ٤ $9\overline{)63}$

فێربە

لێکردنەوەی سێو کارزان ٥٧ سێوی لە باخەکەی باوکی لێکردەوە، بە یەکسانی بەسەر ٣ سندوق بەشیکردن. چەند سێوی لەهەر سندوقێك دانا؟ چەند سێو لە دەرەوەی سندوقەکان ماوەتەوە؟



نموونە ١

٥٧ ÷ ٣ = ▢ یان $3\overline{)57}$


بخوێنەوە: ٥٧ دابەش ٣ یان ٥٧ لەسەر ٣ **بنووسە:** $3\overline{)57}$

هەنگاوی ١

دەستبکە بە دابەشکردنی دەیان $3\overline{)5}$

بیربکەوە: ٣ × ١ = ٣

یەك دە لەهەر سندوقێك



دابەشبکە $3\overline{)5}$

لێکبدە ٣ × ١ = ٣

دەربکە ٥ − ٣ = ٢

بەراوردبکە ٢ < ٣

لێرە پێویستە جیاوازییەکە ببێتە (٢) بچووکترە لە بەشدراو (لێرە٣).

هەنگاوی ٢


پاش ئەوە حەوت یەکانەکە بێنە خوارەوە.

دوو دەیەکە خوردبکەوە بۆ یەکان ٢٧ یەکیت دەستدەکەوێت.

هەنگاوی ٣

ئێستا ٢٧ یەکی دابەشبکە $3\overline{)27}$ بیربکەوە ٣ × ٩ = ٢٧

٩ یەکی لەهەر سندوقێك



دابەشبکە $3\overline{)27}$

لێکبدە ٣ × ٩ = ٢٧

دەربکە ٢٧ − ٢٧ = ٠.

هەنگاوی ٤

لێکبدە بۆ ساغکردنەوەی وەڵام

١٩ ← ئەنجامی دابەشکردن

× ٣ ← بەشدراو

٥٧

کەواتە، ژمارەی سێوەکان لەهەر سندوقێکدا (١٩).

نموونە ٢

هێمن ٣٢ ئۆتۆمبێلی بچووکی هەیە دابەشیکردە سەر چەند کارتۆنێك لەهەر کارتۆنێکدا ٤ ئۆتۆمبێلی دانا. چەند کارتۆنی بەکارهێنا و چەند ئۆتۆمبێلی ماوە لە دەرەوەی کارتۆنەکان؟

٣٢ ÷ ٤ = ▢

هەنگاوی ١

لەبەر ئەوەی ژمارەی دەیەکان دەکاتە ٣ بەسەر ٤ دا دابەش نابێت، بە یەکان دەستپێبکە

▢
٤⟌٣٢

٤ < ٣ کەواتە ڕەنووسی یەکەمی ئەنجامی دابەش لە خانەی یەکەکان دابنێ

هەنگاوی ٢

٣٢ یەکان دابەش بکە بەسەر ٤

دابەش بکە ٤⟌٣٢

لێکبدە ٤ × ٨ = ٣٢

لێدەربکە ٣٢ − ٣٢ = ٠

```
   ٨
٤⟌٣٢
 −٣٢
   ٠
   ↑
  ماوە
```

هەنگاوی ٣

لێکبدە بۆ ساغکردنەوەی وەڵام

```
 ٨   ←  ئەنجامی دابەشکردن
×٤   ←  بەشراو
٣٢
```

کەواتە، هێمن ٨ کارتۆنی بەکارهێنا.

نموونە

أ

```
  ١٤
٧⟌٩٨
 −٧
  ٢٨
 −٢٨
   ٠
```

ساغبکەرەوە


```
 ١٤
×٧
 ٩٨
```

ب

```
  ٢٢
٣⟌٦٦
 −٦
  ٠٦
  −٦
   ٠
```

ساغبکەرەوە

```
 ٢٢
×٣
 ٦٦
```



لەبیرمەکە هەنگاوەکانی تۆمارکردنی کرداری دابەشکردن بریتییە لە: دابەشبکە، لێکبدە، لێدەربکە، بەراوردبکە.

ساغبکەوە

دابەشبکەو ساغبکەوە.

١) ٤٥ ÷ ٥ = ▢   ٢) ٤٢ ÷ ٣ = ▢   ٣) ٦٦ ÷ ٦ = ▢

ڕاهێنان و شیکارکردنی پرسیارەکان

٤) ٥⟌٧٠   ٥) ٣⟌٦٦   ٦) ٧⟌٩١

٧) ٦⟌٩٦   ٨) ٨⟌٩٦   ٩) ٣⟌٣٩

ئایا لە دابەشکردندا بە دەیان دەستپێدەکەی یان بە یەکان؟ بنووسە دەیان یان یەکان.

١٠ ٥⟌٢٥   **١١** ٦⟌٨٤   **١٢** ٣⟌١٥

١٣ ٩⟌٧٢   **١٤** ٤⟌٣٦   **١٥** ٧⟌٦٣

١٦ **هەڵە لە کوێدایە** کاروان کرداری دابەشکردن ٦٠ ÷ ٦ ئەنجامدا وەکو دیارە لە بەرامبەر. وەڵامی نووسی ١. لە کوێ کاروان هەڵەی کردووە؟

```
   ١
٦⟌٦٠
 -٦
 ——
 ٠٠
```

هەڵبژاردن لە هەمەجۆر

١٧ ئەنجامی دابەشکردنی بەرامبەر کامەیە ٨⟌١٨٤ ؟

أ ٢٠   ب ٢٤   ج ٢٥   د ٢٣



شیکارکردنی پرسیارەکان



ژمارەی خۆبەشەکان

١٦ چوارگۆشە بێنە. ئەو چوارگۆشانە بەکاربێنە بۆ پێکهێنانی چەند ڕیزکراویەکی هەمە جۆر.

١ × ١٦ = ١٦   ٤ × ٤ = ١٦   ٢ × ٨ = ١٦   ٨ × ٢ = ١٦   ١٦ × ١ = ١٦

ئەو ڕیزکراوانە ئەوە دیاردەکات کە ژمارەی ١٦ پێنج **کۆلکەی** هەیە.
١، ٢، ٤، ٨، ١٦.

ئێستا ٧ چوارگۆشە بەکاربێنە. دەتوانی تەنها دوو ڕیزکراو پێکبێنی، بەبەکارهێنانی ئەو حەوت چوار گۆشەیە.

ژمارەی ٧ **ژمارەیەکی خۆبەشە**، چونکە تەنها دوو کۆلکەی جیاوازی هەیە، ئەویش یەك و ژمارەکە خۆی.

١ × ٧ = ٧   ٧ × ١ = ٧

ژمارەی ١٦ خۆبەش نییە، چونکە لە دوو کۆلکە زیاتری هەیە، ئەوە **ژمارەیەکی دابەشە**.

چوارگۆشە بچووکەکان بەکاربهێنە. ڕیزکراوەکان دروستبکە بۆ دیارکردنی کۆلکەی ژمارەکان، ئایا ژمارەکە خۆبەشە یان دابەشە؟

أ ٦   ب ٣   ج ١٥   د ٢٠   هـ ١٣

وانەی ٧

ڕاهێنان لەسەر دابەشکردن



پێداچوونەوەی خێرا

١ ١٢ ÷ ٢ = ▢

٢ ٢١ ÷ ٣ = ▢

٣ ١٢ ÷ ٤ = ▢

٤ ٥٤ ÷ ٦ = ▢

فێربە

زۆرترین یاری چییە؟ ڕازاو ٨٤ یاری هەیە. بە یەکسانی دابەشیکردن بەسەر ٦ ڕەفەدا لە ژوورەکەیدا، هەرڕەفەی چەند یاری لەسەر دانا؟ چەند یاری مایەوە کە لەسەر ڕەفەکە دانەنرابوو؟

نموونە ١

٨٤ ÷ ٦ = ▢ ٦⟌٨٤

بخوێنە: ٨٤ دابەش ٦ یان ٨٤ لەسەر ٦ **بنووسە:** ٦⟌٨٤

هەنگاوی ١

یەکەم جار بەسەر ٦ دابەشبکە.

٦⟌٨٤ ← ١ ؛ ٦ − ؛ ٢

٦⟌٨

٦ × ١ = ٦

٨ − ٦ = ٢

٢ < ٦

هەنگاوی ٢

٤ یەکان دێنمە خوارەوە ٢٤ بەسەر ٦ دابەشبکە.

٦⟌٨٤ ← ١٤ ؛ ٦ − ؛ ٢٤ ؛ ٢٤ − ؛ ٠

دابەشبکە ٦⟌٢٤

لێکبدە ٦ × ٤ = ٢٤

لێدەربکە ٢٤ − ٢٤ = ٠

هەنگاوی ٣

لێکبدە بۆ ساغکردنەوەی وەڵام.

ئەنجامی دابەش ⟵ ١٤

بەشراو ⟵ ٦ ×

٨٤

- ئایا دەتوانێت ١ لەسەر خانەی یەکان بنووسی لە هەنگاوی ١؟

ساغبکەوە

١ ڕوونیبکەوە بۆ دەبێت ٦ × ٤ لێکبدەی لە هەنگاوی ٢؟

دابەشبکە.

٢ ٣٩ ÷ ٣ = ▢ ٣ ٣٦ ÷ ٢ = ▢

◀ ڕاهێنان و شیکارکردنی پرسیارەکان

دابەشبکە.

٤ ٢٦ ÷ ٢ = ▢

٥ ٤٨ ÷ ٣ = ▢

٦ ٦٦ ÷ ٦

٧ ٦٤ ÷ ٤

٨ ٨١ ÷ ٣

٩ ٧٢ ÷ ٩

دابەشبکە. و ساغبکەوە.

١٠ ٧٢ ÷ ٨ = ▢

١١ ٧٨ ÷ ٢ = ▢

١٢ ٧٥ ÷ ٥

١٣ ٧٦ ÷ ٤

١٤ ٥٢ ÷ ٤

١٥ ٦٣ ÷ ٣

١٦ ٤٥ ÷ ٥ = ▢

١٧ ٤٥ ÷ ٣ = ▢

هەنگاوەکانی ساغکردنەوە بنووسە بۆ کرداری دابەشکردن.

١٨ ٩٦ ÷ ٤ = ٢٤

١٩ ٧٦ ÷ ٤ = ١٩

٢٠ **ئەژمێرکردنی هزری** چۆن ڕاستی دابەشکردنی ٢٠ ÷ ٥ = ٤ بەکاردەهێنی بۆ دابەشکردنی ٢٥ ÷ ٥ بە هزری؟

٢١ 

سۆما ١٢٨ شەکرۆکەی پێیە دابەشیکرد بە یەکسانی بەسەر ٤ لە هاوڕێیەکانی. ڕستەیەکی ژمارەیی بنووسە بۆ ئەژمێرکردنی هەر یەکە لە هاوڕێیەکانی چەند شەکرۆکەی وەرگرتووە.

هەڵبژاردن لە هەمەجۆر

٢٢ ئەنجامی دابەشکردنی بەرامبەر کامەیە؟ ٩٣٥ ÷ ٥

أ ١٠٥   ب ١٨٠   ج ١٨٥   د ١٨٧



پێداچوونەوەی خێرا


1. ١٨ ÷ ٣ = ▢
2. ٢٤ ÷ ٨ = ▢
3. ٤٢ ÷ ٦ = ▢
4. چەند ٦ هەیە لە ٣٦؟

وانەی ٨

دابەشکردنی ژمارەیەك بەسەر ژمارەیەکی یەك ڕەنووسی

فێربە

پۆلی سێیەم لە قوتابخانەکەماندا ٦ پۆل هەیە. لە پۆلی یەکەم تا پۆلی شەشەم. ژمارەی قوتابیان لە قوتابخانەکە ١٩٢ قوتابییە هەموو پۆلەکان هەمان ژمارەی قوتابیانی هەیە. ژمارەی قوتابیانی پۆلی سێیەم چەندە؟



بۆ ئەوەی ژمارەی قوتابیانی پۆلی سێیەم بزانیت پێویستە ژمارەی قوتابیانی قوتابخانە، ١٩٢، دابەشی ژمارەی ٦ پۆلەکە بکەیت، چونکە هەموو پۆلەکان هەمان ژمارە قوتابیانی هەیە.

نموونە

دابەشبکە: ١٩٢ ÷ ٦ = ▢ **یان** ٦⟌١٩٢

هەنگاوی ١

یەکەم دیاربکە ڕەنووسی یەکەم لە کوێ دادەنێی لە ئەنجامی دابەشکردنەکە.

٦⟌١٩٢   ١ < ٦،

٦⟌١٩٢   ١٩ > ٦،

هەنگاوی ٢

١٩ دابەشبکە سەر ٦.

٦⟌١٩٢ (٣) لێکبدە

−١٨ لێدەربکە

١ بەراوردبکە ١ < ٦

دەبێت جیاوازی بچووکتر بێت لە بەشدراو.

هەنگاوی ٣

ڕەنووسی یەکانی ٢ بێنە خوارەوە تا ١٢ یەکانت دەستدەکەوێت بۆ دابەشکردن بەسەر ٦.

٦⟌١٩٢ (٣٢) لێکبدە

−١٨↓ لێدەربکە

١٢

−١٢

٠ بەراوردبکە ٠ < ٦

لە کۆتاییدا ژمارەی قوتابیانی پۆلی سێیەم دەبێتە ٣٢ قوتابی.

- چۆن لێکدان بەکاردێنی بۆ دڵنیابوون لە وەڵامەکەت؟



لەبیرمەکە کاتێك دابەشکردن دەکەیت پێویستە بزانی ڕەنووسی یەکەم لە ئەنجامی دابەشکردن لەکوێ دادەنرێت؟



ساغبکەوە

١ ڕوونیبکەوە پێویستە بزانی ڕەنووسی یەکەم لە ئەنجامی دابەشکردن لە کوێ دادەنرێت؟

بینووسەرەوە. نیشانەی ✳ لە شوێنی ڕەنووسی یەکەم لە ئەنجامی دابەشکردنەکە دابنێ.

٢ ٥⟌٦٥   **٣** ٣⟌٣٢٤   **٤** ٤⟌٥٦

ڕاهێنان و شیکارکردنی پرسیارەکان

کۆپیبکە. نیشانەی ✳ لە شوێنی ڕەنووسی یەکەم لە ئەنجامی دابەشکردنەکە دابنێ.

٥ ٤⟌٩٢   **٦** ٨⟌١٠٤   **٧** ٦⟌٦٥٠

دابەشبکە.

٨ ٥⟌١٥٥   **٩** ٣⟌٨٤

١٠ ٨⟌٦٨٠   **١١** ٧⟌٢٩٤

١٢ ٣⟌٧٢   **١٣** ٩⟌٨١٩

١٤ ٧⟌١٥٤   **١٥** ٥⟌٩٠

١٦ **پرسیارێك بنووسە** بەشکراو لە ٣ ڕەنووس پێك بێت، ڕەنووسی یەکەمی ئەنجامی دابەشکردن لە خانەی دەیان بێت.

١٧ ئازاد ٢٦٧ی دابەشکرد بەسەر ژمارەیەك، ڕەنووسی یەکەمی ئەنجامی دابەشکردنی لە خانەی دەیان نووسی. بەهاکانی توانراو بۆ بەشدراو چییە؟

١٨ کاروان ٢٣٥٠ دیناری هەیە و سامان ١٢٥٠ دیناری هەیە. هەردوو هاوڕێ چەند دیناریان هەیە؟

هەڵبژاردن لە هەمەجۆر

١٩ ئەنجامی دابەشکردنی بەرامبەر کامەیە؟ ٧⟌١٨٩

أ ٢٧   ب ٢١   ج ٢٤   د ٢٥

پێداچوونەوە

دڵنیابوون لە هەبوونی چەمکەکان

ڕیزکراوەکە بەکاربهێنە بۆ دۆزینەوەی ئەنجامی لێکدان.


١



٢ × ٧ = ١٤   ٢ × ١٠ = ٢٠

٢ × ١٧ = ▢

٢



٥ ڕیز لە ٣   ٥ ڕیز لە ١٠

٥ × ٣ = ١٥   ٥ × ١٠ = ٥٠

٥ × ١٣ = ▢

تەواو بکە.

٣
- ٦ × ١ = ▢
- ٦ × ١٠ = ▢
- ٦ × ١٠٠ = ▢
- ٦ × ١٠٠٠ = ▢

٤
- ٥ × ٣ = ▢
- ٥ × ٣٠ = ▢
- ٥ × ٣٠٠ = ▢
- ٥ × ٣٠٠٠ = ▢

دڵنیابوون لە کارامەییەکان

لێکبدە.

٥ ١٤ × ٢   **٦** ٢٧ × ٣   **٧** ٣٦ × ٦   **٨** ٢٠ × ٤

دابەشبکە.

٩ ٢١ ÷ ٣ = ▢   **١٠** ٣٤ ÷ ٢ = ▢

١١ ٢⟌٥٤   **١٢** ٤⟌٧٢

١٣ ٥⟌٦٥   **١٤** ٣⟌٩٦

١٥ ٦⟌٣٦٠   **١٦** ٨⟌٣١٢

١٧ ٤⟌٢٥٢   **١٨** ٩⟌٧٤٧

دڵنیابوون لە شیکارکردنی پرسیارەکان

١٩ ٣٦ قوتابی چوونە مۆزەخانە. ئایا پێویستیان بە چەند پاس بووە ئەگەر پاسێك ٩ قوتابی بگرێت؟

٢٠ ئەندازیارێك پێویستی بە چەند پارچە ئاسنێك هەیە درێژی هەر یەکێکیان ٤ مەترە. ئایا دەتوانێت چەند پارچە دروستبکات ئەگەر ٥٦ مەتر ئاسنی هەبێت.

بەشی ٩

ئامادەبوون بۆ تاقیکردنەوە

ئاگاداربە!

- هەموو ناوەڕۆکەکە بخوێنەوە.
- دڵنیابە لە تێگەیشتنت لە پرسیار.
- وەڵامەکانت ساغبکەوە.

وەڵامی گونجاو دەوربدە لە ڕاهێنانی ١ تا ١١.

١ ٥٧ × ٧ = ▢

أ ٦٤   ب ٣٤٩   ج ٣٨٩   د هیچ لەوان

٢ شوان ئارەزووی کۆکردنەوەی گوێچکە ماسی دەریایی هەیە. ١٩ گوێچکەی گەورە و ٣٧ ناوەنجی و ٥٤ بچووکی کۆکردەوە. چەند گوێچکەماسی کۆکردۆتەوە؟

أ ٩٠   ب ١٠٠   ج ١١٠   د ١٢٠

٣ محەمەد ١٢ سێو لە هەفتەیەك دەخوات. چەند سێو لە ٨ هەفتە دەخوات؟

أ ٢٠   ب ٥٦   ج ٩٦   د ١٠٦

٤ ٩٥٢ × ٩ = ▢

أ ٢ ٣٦٨   ب ٨ ٥٦٨   ج ٢ ٢٥٨   د ٢ ٢٥٠

٥ ١٤٥٦ نزیکەی چەندە بۆ نزیکترین ١٠٠؟

أ ٢ ٠٠٠   ب ١ ٥٠٠   ج ١ ٤٠٠   د ١ ٠٠٠

٦ ٨⟌٩٦


أ ١٠   ج ١١

ب ١٣   د ١٢

٧ ٤٨ قوتابی چوون بۆ مۆزەخانە چەند ئۆتۆمبێلیان پێویستە ئەگەر ئۆتۆمبێلێك ٤ قوتابی بگرێت؟

أ ٧   ب ١٠   ج ١١   د ١٢

٨ ناوی ئەم تەنە ئەندازەییە بڵێ؟



أ شەشپاڵوو   ج هەرەم

ب قووچەك   د گۆ

٩ ٧⟌٩٤٥

أ ١٣٥   ب ١٤٥   ج ١٤٩   د هیچ لەوان

١٠ ٢٢٨ ÷ ٤ = ▢

أ ٧٢   ب ٦٨   ج ٤٨   د ٥٧

١١ لە فرۆکەیەکدا ١٤٠ کورسی لە چەند ڕیزێکدا بەشکراون. ژمارەی کورسییەکانی هەر ڕیزێك بریتییە لە ٤ کورسی، ژمارەی ڕیزەکان چەندە؟

أ ٣٥   ب ٤٠   ج ٦٠   د ٥٦٠

ئەوەی دەیزانی بینووسە

١٢ لاوین چەند چوارگۆشەیەکی بەکارهێنا بۆ پێکهێنانی ڕیزکراوەیەکی ٣ ڕیزی ١٨ ستوونی. وێنەیەکی ئەم ڕیزکراوە بکێشە و ڕستەیەکی ژمارەیی بنووسە بۆ هەژمارکردنی چوارگۆشەکان.

١٣ هەنگاوەکان دیاریکە بۆ هەژمارکردنی.

٤٢ × ٩ = ▢